



گوڵان
ژماره (٨٠٥)
٢٠١٠/١١/٨



## چارەسەرکردنی ریشەیی بۆ کێشەی نەتەوەیی دامەزراندنی دەوڵەتە

# تەنیا دەوڵەتە ...
# پەیوەندی نێوان نەتەوە و
# مێژوو ڕێکدەخات



**((بنەمای دەوڵەت لای هیگڵ یاسایە، ئامانجیش لە دەوڵەت ئازادی مرۆڤایەتییە . دەوڵەت بریتیە لە یەکێتی نێوان ئەندامەکانی ..تاک لە دەوڵەتدا بەشێکە لەهەمووان و چارەنووسیشی گرێدراوەتەوە بە چارەنووسی هەموانەوە .. هەر بۆیە خەڵک ناتوانێت ژیانێکی بەختیار بژی، واتە لە ژینگەیەکی ئازادی و مرۆڤدۆستیدا نەبێت ژیانی بەختەوەر وەدینایەت، هەروەها نەتەوە ناتوانێت پەیامی خۆی وەک هێمایەک بۆ رۆشنبیری جێبەجێ بکات و شاهیدێک بێت لەسەر گەورەیی رۆحی خواوەند، ئەگەر لەناو خۆیاندا پەرتەوازەبن، یەکریزی لەژێر چەتری ئەقڵ و ئاکاردا دەبێتە هێزێک بۆیان و دەسکەوتێک کە تێیدا بە پێکەوە گونجان و ئاشتی و بەختیاری مانای هەبێت..**

**هەربۆیە دەوڵەت خۆی لەخۆیدا ئاکارێکی گشتگیری هەموانە، بەدیهێنانی ئازادیش ئامانجی دەوڵەتە و بەکردەیش ئازادی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بەدیدەهێنرێت))**

**میشێل متیاس - کتێبی هیگڵ و دیموکراتی**


الكتاب الثاني

هيجل والديمقراطية

تأليف

ميشيل متياس

ترجمة

إمام عبدالفتاح إمام

مكتبة مدبولي

١٩٩٦

کاتێك باسی پێوەندی نێوان نەتەوە و مێژوو دەکەین، هەست دەکەین ئەم پەیوەندیە راستەخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەمکەی چۆن تاك لە کۆمەڵگەدا وەك بوونی هەیە و بۆ سەلماندنی ئەو بوونەش پێویستە دەوڵەتێك هەبێت بوونی تاك بسەلمێنێت، بەهەمان شێوەش هەموو نەتەوەیەك بەبێ بوونی دەوڵەتیش بوونی هەیە، بەڵام سەلماندنی بوونی ئەم نەتەوەیە لەمێژوودا پێویستی بەدامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هەیە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا زۆرێك لە نەتەوەکانی جیهان بە فیکری توندڕۆیی ناسیۆنالیستی رۆژئاوا و فیکری شۆڤێنی قەومیەی عەرەبی داغان نەبوون و نەکەوتوونەتە پەراوێزی مێژووەوە و نەکراون بە قوربانی هەژموون و باڵادەستی نەتەوەیەکی دیکە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو راستیەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە فیکری توندڕۆیی ناسیۆنالیستی رۆژئاوا و فیکری شۆڤێنی قەومیەی عەرەبی لە دووناوچەی هەستیاری ئەم جیهانە رووی دەوڵەتی نەتەوەییان ناشرین کردووە و وایانکردووە کە باسی دەوڵەتی نەتەوەیی بکرێت، یەکسەر و راستەوخۆ سیمای ناشرینی فیکری ناسۆنالیستی رۆژئاوا و فیکری قەومیەی عەرەبیمان بەبیر بێتەوە، سەبارەت بە ئیشکالیەتی پێوەندی نێوان ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی،( پرۆفیسۆر لارس ئیرك سیدرمان )تۆژەر لە ئامۆژگای تەنگژە نێودەوڵەتیەکان لە سویسرا لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە باسی ئەو پێوەندییەی کرد و وتی : ((لە رووی مێژووییەوە ناسیۆنالیزم پێوەندی نێوان دەوڵەت و نەتەوەی هێناوەتە ئاراوە.

لەبەر ئەوەی ناسیۆنالیزم بە بەشەکانی جیهاندا بڵاوبۆتەوە، ئەوا هەر کاتێك پێوەندی نێوان دەوڵەت و نەتەوە لاواز بێت ئەوا ئێمە دووچاری گیرگرفت دەبین. هەرچۆنێك بێت، لە ئەوروپا، لەبەر ئەوەی هەڵگیرسانی جەنگە جیهانیەکان لە بەشێکیدا دەکەوێتە ئەستۆی ناسیۆنالیزم، ئەوا ناسیۆنالیزم سومعەیەکی خراپی هەیە. یەکێتی ئەوروپا هەوڵدەدات بەسەر ئەم کێشانەدا زاڵبێت لە رێی دروستکردنی «سەقفێك»ەوە لە سەرووی دەوڵەتەوە کە لە بەشێکیدا ئەرکەکانی دەوڵەت دەگرێتە ئەستۆ.))

کەواتە ئەوەی پرۆفیسۆر مان ئاماژەی پێدەکات و ئێستا یەکێتی ئەوروپا هەوڵی بۆ دەدات، ئەوەیە کە ئەو هۆکارانەی بوونە هۆکاری ناشیرینکردنی ناسیۆنالیزم چارەسەر

بکات و نەتەوەکان لەدەستووری یەکێتی ئەوروپادا جارێکی دیکە کۆبکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کاتێك دامەزراندنی دەوڵەت وەك چارەسەرێك بۆ کێشە نەتەوایەتیەکان دادەنێین، مانای وایە لەو ناوچانە دیموکراتی بوونی نییە، هەروەها دەستوورێکی دیموکراتیانەش بوونی هەیە تا بتوانێت کێشەی نەتەوەکان چارەسەر بکات و زەمینەیك بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە پێکەوە بژین، سەبارەت بەمجۆرە چارەسەرکردنە پرۆفیسۆر سیدەرمان لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەم لایەنە کردەوەو و وتی : ((دەبێت کێشە ئیتنیەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتەکاندا یەکلابکرێنەوە. هەروەك لە نموونەی سویسرادا بەدی دەکرێت، بۆی هەیە دابەشکردنی دەسەڵات و فیدراڵیزم سەربکێشن بۆ سەقامگیری زیاتری بارودۆخەکە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەو حاڵەتانەی دۆخەکە پڕە لە توندوتیژی و ئومێدی چارەسەرکردنی نییە، بە چەشنی ئەوەی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکاندا هەیە، ئەوا ڕەنگە دابەشکردن تەنیا ڕێگاچارە بێت.)) کەواتە ئەو هۆکارەی کە دامەزراندنی دەوڵەت دەکاتە هۆکاری سەرەکی بۆ کۆتایی هێنان بە چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان، سروشی کێشە و چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەوڵەتە لەگەڵ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، هەربۆنموونە ئێستا لە عێراقدا دەستوورێك هەیە کە نەخشەی ڕێگەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بەگشتی و چارەسەری کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدرالی بەغدا دەست نیشان کردووە، بەڵام گرفتەکە لێرەدا حکومەتی بەغدایە، خۆی دەیەوێت حکومەتێکی سەنترالی بێت و نەگۆڕێت بۆ حکومەتێکی فیدرالی، هەروەها حکومەتی عێراق خۆی کەمتەرخەمی دەکات لە جێبەجێکردنی دەستوور و ناتوانێت لەسەر بنەمای دەستووری عێراق کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند چارەسەر بکات، ئەمە ئەگەر لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا بەراوردی بکەین و بپرسین ئایا ئەگەر یەکێتی ئەوروپا خۆی دەستوورەکەی خۆی جێبەجێ نەکات، یان دەوڵەتە گەورەکانی ناو یەکێتی ئەوروپا وەك فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا، ئامانجیان لە یەکگرتنی ئەوروپا لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپادا بۆ ئەو مەبەستە بێت کە یەکێك لەو نەتەوە گەورانە باڵا دەستبێت و دەوڵەتە بچووکەکانی وەك لیتوانیا و لاتیفیا و ئیستۆنیا ..تاد نەتەوەی پلە دوو بن، یان ئەندامێتیان لە ناو یەکێتی ئەوروپادا جیاوازی هەبێت؟ بێگومان ئەگەر ئەمە روربدات یەکێتی ئەوروپا هیچ مانایەکی نامێنێت و نەتەوەکانی ناو ئەو یەکێتیە ناچار دەبن کە ئەو یەکێتیە هەڵبوەشێننەوە،کەواتە ئەوەی یەکێتی ئەوروپا وەك فیدراسیۆنیك بۆ کۆکردنەوەی نەتەوەکانی ئەوروپا کۆکردۆتەوە ئەو قەناعەتەیە کە دەستووری یەکێتی ئەوروپای لێ بەرهەم هاتووە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو قەناعەتە لەدەوڵەتێکی وەك عێراقدا دروست بووە کە دەستوورەکەی بەهاوشێوەی یەکێتی ئەوروپا جێبەجێ بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پێمان دەڵێت لە عێراقدا نەك هەر ئەو قەناعەتە دروست نەبووە، بەڵکو هەموو هەوڵێك بۆ ئەوەیە ئەو دەستوورە جێبەجێ نەکرێت، سەبارەت بەدروست بوونی ئەو قەناعەتە پرۆفیسۆر لارس ئیرك سیدرمان بەمجۆرە باسی ئەو قەناعەتەی بۆ گوڵان کردوو وتی : ( لە ئەوروپادا هۆکاری گەیشتن بەو قەناعەتە بریتی بوو لەوەی خەڵك شەکەت و وەڕس بوون لەو هەموو شەڕەی پێیدا تێپەڕیبون. دوای جەنگی جیهانی دووەم، ژمارەیەك لە سیاسەتمەدارە دووربین و ژیرەکان پێشنیاری ڕێکخراوێکیان کرد کە بووە هەنگاوی سەرەتا بۆ دروستبوونی یەکێتی ئەوروپا. بە دڵنیاییەوە، ئەم ڕێکخراوانە چەندین لایەنی ئیجابیان هەیە، وەك کەڵەکەکردنی سەروەت و سامان لە ڕێی هەڵگرتنی بەربەستە بازرگانیەکانەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێت دان بەو راستیەدا بنێین کە سەرکەوتنی یەکێتی ئەوروپا تا ڕاددەیەك لە موعجیزە دەچێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ کەس توانای پێپێشبینی کردنی ئەوەیان هەبوو کە ڕوویدا. لە کۆتایی سەدەی ١٨دا، فەیلەسوفی بە ناوبانگ (ئیمانویل کانت) پێشبینی ئەوەی کرد ئەم پرۆسەی ئاوێتەبوونانە کە دەوڵەتە دیموکراسیەکان لە خۆدەگرێت دەبێتەهۆی بەرهەمهێنانی ئاشتیەکی درێژخایەن! کانت ئەم مەسەلەیەی شیکردەوە و ئەوەی خستەڕوو لە کۆتاییدا، شەڕ دەبێتەهۆی بەرهەمهێنانی ئاشتی، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا دەسەڵات وەڵامدەرەوەی خواستی خەڵکەکەیە، ئەو خەڵکەی لە سەردەمی جەنگەکاندا نەهامەتیەکی زۆری چەشتبوو، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی فشار لەسەر سەرکردەکانیان بکەن بۆ ئەوەی ئاشتی بهێننەدی. بە دڵنیاییەوە، ئەم پرۆسەیە ئاساننییە و بۆی هەیە ئەنجامی پێچەوانەشی لێبکەوێتەوە، بەڵام ڕەنگە ئەو ئەنجامە پێچەوانانەش لە کۆتاییدا ببنەهۆی خێراترکردنی ڕەوتی پرۆسەکە.)) سەبارەت بەوەشی ئایا دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کورد دەبێتە هۆکارێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا پرۆفیسۆر سیدەرمان بە گوڵانی راگەیاند: (دۆخی کوردەکان دۆخێکی دژوارە، هەربۆیە دروستبوونی دەوڵەتەکەشی کارێکی سەختە، لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتانەی ئێستا لە ئارادان، دەبێت دەست لە بەشێك لە خاکەکانیان هەڵبگرن،بۆیە بەرهەڵستی ئەم پرۆسەیە دەکەن. بۆی هەیە ئەم دۆخە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەگەر ڕای یەکێك لە وڵاتەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێت یاخود ئەم دەوڵەتانە هەرەس بهێنن. هەرچۆنێك بێت پێشبینی ناکرێت ڕەوتی بەرەوپێشچوونەکان بەم ئاراستەیەدا بڕوات. یەکێك لە ئەگەرەکانی دیکە هەڵگیرسانی جەنگێکی ئیقلیمی گەورەترە، کە دیسان ئەمەش ئەگەرێکی دوورە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەرێکی مەحاڵ نییە، بە تایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی ئەو گرژیەی لە نێوان ئێران و ڕۆژئاوا هەیە. ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکەین ئایا کاتێك عێراق لەبەریەك هەڵدەوەشێت و وەك ئەمری واقیع دەبنە چەند دەوڵەتێك، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چۆن مامەڵەیان لەگەڵدادەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش دەوەستێتە سەر ئەوەی چۆن ئەم دەوڵەتانە دروست دەبن. ئەگەر ئەو دەوڵەتانە لە دۆخێکی پڕ لە توندوتیژی و بە شێوەیەکی یەکلایەنانە دروست ببن، ئەوا ئەگەری ئیعتیراف پێکردنیان لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە لاوازتر دەبێت. بۆ نموونە، قبوڵکردنی ئەم ئەنجامە لە لایەن تورکیاوە لە مەحاڵەوە نزیکە. لەبەر ئەوەی تورکیا وڵاتێکی زۆر گرنگە و پەیوەندیی هەستیاری لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا و ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی بەرفراوانتر هەیە، کە دەتوانن ڕێگە لە ئیعتیرافکردنی پێشوەختە بە هەر دەوڵەتێك بگرن کە لە ئەنجامی دابەشبوونەوە دروست دەبێت. باشترین دەرفەت بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گرتنەبەری ڕێگای گفتوگۆیە کە زەمانەتی ئەمنی دەداتە دەوڵەتە دراوسێکان. بەدیلی دابەشبوون لە ڕێی گفتوگۆوە بریتیە لە ئۆتۆنۆمیەکی بەهێز کە

## لارس ئێرک سیدەرمان بۆ گوڵان:

# لەو حاڵەتانەی کێشە نەتەوەییەکان دەگۆڕێت بۆ توندوتیژی و ئومێدی چارەسەرکردنی نییە، لەوانەیە دابەشکردن و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ تەنیا ڕێگاچارە بێت

**پێشێلکردنی کەسێتی و ناسنامەی نەتەوەیی، بزووێنەری هەموو ئەو کێشانەیە کە لەجیهاندا روودەدەن**

ئۆتۆنۆمیەکی پشتیوانی لێکراو دەبێت بەهۆی زەمانەتکردنـــی مافی کەمینەکان تێیاندا لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە.))

### دەوڵەت و چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکان

پێشێلکردنی کەسێتی و ناسنامەی نەتەوەیی، بزووێنەری هەموو ئەو کێشانەیە کە لەجیهاندا روودەدەن و زۆر ئەو گریمانە و ڕێگە چارانەی بەشـــێوەیەکی تیۆری بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــە ئیتنی و نەتەوەییـــەکان دەخرێنە روو لەســـەر ئەرزی واقیع کارەســـاتی گەورەی لێدەکەوێتـــەوە و هەروەك چۆن لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بەشێکی ئەوروپا ئەو رووداوە و کارەسات و پاکتاوە رەگەزیانەی بەخۆیەوە بینی و ســـەرەنجامیش بە دروســـت بوونی چەندین دەوڵەتی نەتەوەیـــی تازە کۆتاییان هات کە تازەترینیان دەوڵەتی کۆســـۆڤۆیە، بێگومان ئـــەوە کارێکـــی پێچەوانەنییە لە چەند ســـاڵی دادێ دەوڵەتی کۆســـۆڤۆ و دەوڵەتی ســـربیا هاوشانی یەکتری وەك دوو ئەندامی یەکێتـــی ئەوروپا ببینن و هەروەها ببینیـــن پێوەندییەکی گـــەورەی ئابووری و بازرگانـــی و کەلتوریش لەنێوان بریشـــتیناو بەلگراددا هەبێت، بەڵام وێکچواندنی پێکەوە ژیان و هاوکاری نێوان کۆســـۆڤو و سربیای ئێستا بە کۆســـۆڤۆ لەو کاتەی بەشێك بووە لە ســـربیا، ئەمەیان کارێکـــی پێچەوانەیەو ناکرێت بەیەکتری بەراورد بکرێت، هۆکاری ســـادەش بۆ مەحاڵـــی ئـــەم بەراوردکردنە ئەوەیە، بەدامەزراندنی دەوڵەتی کۆســـۆڤۆ، لایەنە ناشـــرینەکەی ناسیۆنالیستی سربی کە سلۆبۆدان میلۆســـۆڤیچ پیادەی دەکرد بوونی نەما، گەلی ســـربیا لە زەریبەی ئەو دیووە ناشرینەی ناسیۆنالیستی میلۆسۆڤیچ رزگاری بـــوو، هەروەك چۆن دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیش ئەڵمانەکان هەموو هەوڵی خۆیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی رووە ناشرینەکەی نازیەت لە خۆیان دابماڵن و جارێکی دیکە ببنەوە بە ئەندامی کۆمەڵگەی ئەوروپا و ئـــەو پێوەنـــدی و هاریکارییەی ئێســـتا لەنێوان بەرلین و پاریس هەیە، زۆر زەحمەتە مەزندە بکرێت لـــەو دوژمنکارییە وەرچەرخابێت کە لەچلەکانی سەدەی رابردوو هەموو هەوڵی بەرلین بۆ وێرانکردنی پاریس بووە، لەم راستەوە کاتێك باسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردســـتان دەکەین، دەبێت عەرەبی



عێـــراق و دەوڵەتانی عەرەبیش لەو راســـتیە تێبگەن، کە کوردســـتانیەکان جارێکی دیکە هـــاوکاری و هەماهەنگی عەرەبی عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی دەکەن بۆ ئەوەی لە رووە ناشـــرینەکەی قەومیەی عەرەبی رزگاریان بێت و دوای ســـرینەوەی ئەم رووە ناشرینەی شـــۆڤێنیەتی قەومیەی عەرەبی کە رژێمی سەدام حوسێن سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی و بەعەرەبکردن و دابڕینی کۆمەڵێك ناوچەی ستراتیژی لەکوردســـتان پێ جێبەجێ کرد، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو رووە ناشرینەی سیاســـەتی بەعس قەومیـــەی عەرەبی پێ ناشـــرین کردبوو بســـڕێتەوە،چۆن ئەم رووە ناشرینە دەسڕێتەوە؟ بێگومان دەبێت عەرەبی عێـــراق و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیســـلامی لەچوارچێوەی هەردوو ڕێکخراوی کۆمکاری عەرەبی و کۆنگرەی ئیســـلامی ئەو مافە بەکورد بدەن بەوەی مافی خۆیەتی دەوڵەتی ســـەربەخۆیی خۆی هەبێت و دامەزراندنی ئەم دەوڵەتەش بە چارەســـەرکردنی ریشەیی ئەم کێشـــەیە بزانن، هەروەها گرنگە ســـوود لەمێژوو وەربگرن و لەو راســـتیە ئاگاداربن، کاتێك ناسیۆنالیزم و فیکری قەومی دەگاتە ئەو ئاستەی لە پێناوی رەگەز پەرستی رووی خۆی ناشرین دەکات، ئەوە دەبێت بەپێدانەوەی مافی چارەنووس بۆ ئەو نەتەوانەی لەگەڵیدا دەژین رووی خۆی جوان بکات، ســـەبارەت بەم لایەنە مێژووییە،( پرۆفیســـۆر مالاکی هایم هاکۆهین) ئوستادی مێژوو لە زانکۆی دورهام لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان وتی: ((وەك مێژووناسێك، من پێموایە کە هەوڵەکان لەبارەی پێناسەکردنی دەوڵەت و نەتەوە پەیوەســـتە بە مێـــژوو. بەواتایەکی تر، ئەم مەســـەلەیە پەیوەستە بە قۆناغێکی مێژوویـــی دەگمەن و تایبەت بەشـــێوەیەك کە من بەو ئاســـانیە ناتوانم خەملاندنی بۆ بکەم، هەمیشـــە وا بووە و هەردەم وا دەبێت. هەڵبەتە نەتەوەکان بوونیان هەیە و پێویســـتە ئـــەو نەتەوانە خـــاوەن وڵات بن، لێرەشـــدا دەوڵەتـــی نەتەوە دێتە کایـــەوە. هەروەك کە باستان لە وڵاتانی ئەوروپا کرد لە سەدەکانی ١٩میـــن و ٢٠مـــدا. بۆچوونـــی هاوبەش لەنێوان مێژووناســـەکاندا ئەوەیە کە دەوڵەتی نەتەوەیی « ناشناڵ» باشترین ڕێگەچارەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشـــە نەتەوایەتییەکان. لێرەشدا بەپێویســـتی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم کە من پێشـــنیاری ئـــەوە ناکەم کە وەڵامی ئەم پرســـیارە «بەڵێ»یە یـــان «نەخێر»، لەوبارەیەی کە دەوڵەتی نەتەوایەتی چارەسەرە یان نا، بەڵکو زیاتر پێشنیاری ئەوە دەکەم کە تاکە ڕێگەچارە نییە و لەڕووی مێژوویشەوە تاکـــە ڕێگەچارە نەبووە. بـــەڵام بەڕای من لەهەندێك لەحاڵەتەکاندا جیابوونەوەی گرووپە


**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مەبەستی هەیە تا کوردەکان کۆنترۆڵێکی تەواویان لەسەر تەواوی کوردستان هەبێت، کە جۆرێکە لە سەربەخۆیی**

لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا دەسەڵات وەڵامدەرەوەی خواستی خەڵکەکەیە

## مالاکی هایم کۆهین بۆ گوڵان:

# بۆچوونی هاوبەش لەنێوان مێژووناسەکاندا ئەوەیە دەوڵەتی نەتەوەیی باشترین ڕێگەچارەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوایەتییەکان

ئیتنییەکان ڕوویداوە و بووە بە چارەسەرێك بۆ کێشەکان، هەروەك پێشتریش ئێوە ئاماژەتان بەوەکرد کە گرووپە ئیتنییەکان هەمیشە داوای جیابوونەوە و سەربەخۆییان کردووە، ئەم شتەش مایەی ڕوودانە بەڵام هەڵبەتە باجێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. بەو شێوەیە، لە باسکردنی دەوڵەتانی فرەئیتنی بیرمان بۆ هەندێك لە سیستەمە ئیمپریالییەکان دەڕوات «ئیمپراتۆرییەتەکان»، کە کۆمەڵگەکانیان بریتیە لە کۆمەڵگەیەکی فرەئیتنی و فرەکولتور، هەروەها ئەمە ئەو خاڵەیە کە مێژووناسەکان هەوڵدەن خەڵکی لێ تێبگەیەنن و بەرەو ئەو ئاڕاستانە هانیان بدەن. ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا یەکێتی ئەورووپا بەنموونە بهێنەوە بەوەی جارێکی دیکە لەچوارچێوەی یەکێتێکدا کۆدەبنەوە، ئەمە لەبەرئەوەیە دەوڵەتەکان تاکو ئەمڕۆش دەناڵێنن بەدەستی جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، هەربۆیە وڵاتانی ئەورووپا پێویستییان بە یەکێتییەکی بەهێز هەیە وەك یەکێتی ئەورووپا بۆئەوەی لەژێر سێبەریدا کاربکەن. هاوکات ئەمە هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێیە بەسەر رابردووی ئەورووپا و مێژووە سەختەکەی. مێژوو سەلماندوویەتی کە وڵاتانی ئیتنی و نەتەوەیی پاش سەربەخۆیی هەر دەبێت پێداچوونەوەی خۆیان بکەنەوە و بەدوای هێزێك یان وڵاتێکی گەورەتر بگەڕێت بۆئەوەی بڕواتە پاڵی. ئەگەر تەماشایەکی ئەورووپا-ی پاش جەنگی دووەمی جیهانی بکەین، دەبینین وڵات و ناوچەکانی ئەورووپا دابەش بووبوون بەسەر ٢ لایەنی زلهێزدا. هەرچەندە پڕۆسەی جیهانگیربوون ڕوویدا بەهۆی کاری بازرگانی و شێوەکانی تری بواری ئابووری، بەڵام هاوکات هەماهەنگیی کولتوری کاریگەریی هەبوو لەسەر ڕوودانی ئەو جۆرە گۆڕانکارییانە. هەربۆیە، پێکهاتەی هێزی سیاسی و کۆنفدراسیۆنی ئابووری یەکیان گرت. بەڵام شتێکی تر هەیە کە پێویستە باس بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە ئەمڕۆ وڵاتانی ئەورووپا هەست بە شەرمەزاری دەکەن لەسەر ئەو شتانەی کە لەمیانی جەنگی جیهانی دووەم-دا ڕوویاندا لەگەڵ ڕووداوەکانی پاش جەنگی جیهانی دووەم. هەربۆیە بە باشتریان زانی هاوکاری و هەمانگی لەنێوان خۆیان بخوڵقێنن و فدراسیۆنێکی نیشتمانی گەورە و بەهێز



بخوڵقێنن بۆ پاراستنی هەموو لایەنێك.))

### دەوڵەت وەک بەدیهێنەری سەروەریی سیاسیی نەتەوە

وەك پێشتریش لە پێشەکی ئەم بابەتە ئاماژەمان پێکرد، ئەگەر دەوڵەت سەلمێنەری بوونی تاك بێت لە کۆمەڵگەدا، ئەوا دەوڵەت سەلمێنەری بوونی نەتەوەشە لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نەتەوەی بێ دەوڵەت ناتوانێت ڕۆڵی ئەندامێکی تەواو لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگێڕێت و هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش وەك ئەندامێکی تەواو کارای نێو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی سەیری ناکات، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ باکگراوندی هەموو بزاوت و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان، دەبینن خواستی هەموو بزووتنەوەکان دامەزاندنی دەوڵەتێك بووە بۆ ئەو نەتەوەیەی ئەو بزووتنەوەیە نوێنەرایەتی کردووە، بەڵام زۆر کە ئامانجی بزاڤەکە بەرێککەوتن یان بەمانەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتەکە ڕازیبووە، ئەمە مانای ئەوە نەبووە ئەو بزووتنەوەیە دەست بەرداری ئەو ئامانجە بووە کە لەپێناویدا خەباتی کردووە، بەڵکو ئەمە نیشانەی ئەوەبووە کە باردۆخی سیاسی و نێودەوڵەتی بۆ بزووتنەوەکە بەو ئاستە لەبار نەبووە هەنگاو بۆ دوائامانجی خۆی کە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییە هەڵبگرێت، یان تەرازووەی هاوسەنگی هێز لەنێوان دەوڵەت و بزووتنەوەکە لەبەرژەوەندی بزووتنەوە سیاسیەکە نەبووە و نەیتوانیوە بە حسانی ( سفر یان سەد ) لە هاوکێشە سیاسەکەدا گەمە بکات، سەبارەت بەم ئامانجەی بزووتنەوە نەتەوەییەکان (پرۆفیسۆر ریبیکا کوك) ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی تۆرنتۆ و تایبەتمەند لەچارەسەری کێشە ئیتنییەکان تایبەت بەم لایەنە بە گوڵانی ڕاگەیاند و وتی: (یەکێك لە داواکاریە سەرەکیەکانی بزووتنەوە نەتەوەییەکان بریتیە لە بەدەستهێنانی سەروەری سیاسی، واتە بوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی خاوەن سەروەریی، لەبەر ئەوەی بیرۆکەی بنەڕەتی ناسیۆنالیزم بریتیە لەوەی ئەندامانی هەمان نەتەوە بتوانن پێکەوەبژین و بتوانن لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا حکومڕانی خۆیان بکەن. کەواتە بە پێی ئایدۆلۆژیە ناسیۆنالیستیەکان بوونی دەوڵەتی سیاسی خاوەن سەروەری ڕەهەندێکی بنەڕەتیە بۆ دروستبوونی نەتەوە. ئەمە خستنەڕوی مەسەلەکە بوو بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەرچی جیاوازی لە نێوان نەتەوە و مێژووی نەتەوەکاندا هەیە، بەڵام دەتوانین بڵێین بە چاوپۆشین لە جیاوازیەکان ئەوا بوونی دەوڵەت گرنگە بۆ ئەوەی نەتەوەیەك بتوانێت خۆی بەدی

دۆخی کوردەکان دۆخێکی دژوارە، هەربۆیە دروستبوونی دەوڵەتەکەشی کارێکی سەختە، بۆی هەیە ئەم دۆخە بگۆڕدرێت

## ریبیکا کوک بۆ گوڵان:

# یەکێک لە داواکاریە سەرەکیەکانی بزووتنەوە رزگاریخوازییەکان وەدەستهێنانی سەروەری سیاسییە، واتە بوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی خاوەن سەروەریی

بهێنێت. سـەرەتا دەبێت ئـەوە بڵێین بوونی ناكۆكی بە مانای بوونی دوو گرووپ دێت لە سـیاقێكی دیاری كـراودا كە یەكێك لە گرووپەكان هەسـت دەكات جیاكاری لە دژ دەكرێت و بە یەكسـانی مامەڵەی لەگەڵدا ناكرێـت، واتە ئەو دەوڵەتـەی تێیدا دەژێت هەڵناستێت بە دابینكردنی پێداویستیەكانی بە چەشنی ئەوەی پێداویستی گرووپەكانی دیكە دەسـتەبەر دەكات. كەواتە یەكێك لەو ڕێگاچارانەی تەفزیـل دەكرێت لە حاڵەتی هەستكردنی گرووپێكی ئیتنی دیاریكراودا بەوەی مامەڵەیەكی خراپی لەگەڵدا دەكرێت ئەوەیە داوای بەدەستهێنانی سەروەری بكات. ئەگەرچی ئەمە تەنیا ڕێگاچارەنییە، بەڵكو دەكرێت ئەو گرووپە ئیتنیەی هەست دەكات مامەڵەیەكی نـاڕەوای لەگەڵدا دەكرێت لە سـەرەتادا داوای بەدەسـتهێنانی ئاستێكی دیاری كـراو لە ئۆتۆنۆمی بـكات. واتە ڕەنگـە داواكاری دروسـتكردنی دەوڵەتی سـەربەخۆ لە لایەن گرووپە ئیتنیەكانەوە لە دوای شكستهێنانی تێكڕای ڕێگاچارەكانی دیكە بێـت، ئەمەش بەو مانایـە دێت كە ڕەنگە هەنـگاوی یەكەم بریتی بێت لەوەی داوای ئەوە بكرێت ئەو گرووپە مامەڵەیەكی یەكسـانتری لەگەڵدا بكرێت كە مەرج نییە بە مانای دروسـتكردنی دەوڵەتی سەربەخۆ و جیابوونەوە بێـت.)) ئەوەی خاتوو ریبیكا بۆ گـوڵان ئاماژەی پێكرد لەبەرچاوگرتنی ئەو باردۆخەیـە كە بزووتنەوە سیاسـیەكە كاری تێدا دەكات، بـە واتایەكی دیكە كە بزووتنـەوە سیاسـیەكە داواكاری خۆی لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆوە دەگۆڕێت بۆ ئۆتۆنۆمی و یان فیدرالی، ئەمە مانای ئەوەنییـە دوا ئامانجـی ئـەو بزووتنەوەیە بەوشـێوەیەیە كە دەستبەرداری دامەزراندنی دەوڵـەت بێت، هـەر لـەم چوارچێوەیەدا و سـەبارەت بە دامەزراندنی یەكێتی ئەفریقیا وەك لاسـایكردنەوەیەك بۆ یەكێتی ئەوروپا، خاتـوو رابیكا بەمجـۆرەوە وەڵامی داینەوە و وتـی : (( سـیاقی یەكێتـی ئەفریقیا جیاوازە لەو سیاقەی یەكێتی ئەوروپای تێدا سەریهەڵداوە، بۆ نموونە لە یەكێتی ئەوروپادا پێوەندی نێوان دەوڵەتەكان زیاتر سەقامگیرە، هەروەها ئەم دەوڵەتانە پێیان وابوو كۆبونەوەیان لە چوارچێوەی ئـەم یەكێتیەدا دەبێتەهۆی ئەوەی لـە ڕووی ئابووریەوە لە پێگەیەكی



باشتردابێت، كەواتە من پێم وایە فیدراڵیەت یان كۆبوونەوەی دەوڵەتەكان لە چواچێوەیەكی هاوبەشـدا زیاتر لە نێوان ئـەو دەوڵەتانەدا ڕوودەدات كـە پێوەندییەكـی پڕ لە گرژی و ئاڵۆزی لە نێوانیانـدا نەبێت، واتە دەبێت سەرەتا دۆخی ئەم دەوڵەتانە سەقامگیر بێت و دواتر پێوەندیەكی سـەقامگیر و ئاسایی لە نێوان دەوڵەتانـدا بێتەئاراوە بۆ ئەوەی لە كۆتاییدا بتوانن لە چوارچێوەیەكی سیاسیدا كۆببنەوە.))

بەڵام جارێكی دیكە ئەو راسـتیەمان بەبیر پرۆفیسـۆر ریبكا هێنایەوە بەوەی لە نێوان دەوڵەتانی ئەوروپاشـدا شـەڕی خوێناوی گەورە ڕوویداوە بەتایبەتی لەنێوان فەرەنسـا و ئەڵمانیـادا و ئێسـتا لـە چوارچێوەی فیدراسـیۆنی ئەوروپادا پێكەوەن، لەمبارەوە خاتـوو ریبیـكا پێی وتین: (ئـەوەی ئێوە ئاماژەی بۆ دەكەن دروسـتە، لەبەر ئەوەی هەنـدێ جـار شـەڕی نێوان هەنـدێ لە دەوڵەتانی ئەوروپا ٦٠ ساڵ درێژەی كێشاوە. كەواتە ئەم پرۆسەی یەكگرتنە كاتێكی زۆر دەخایەنێت كە لە سەرەتادا بوونی پێوەندییەكی ئاشـتیانەی درێژخایەنـی دەوێت، ئەگەرنا نەدەكرا پێشـبینی ئەوە بكرێـت ئەڵمانیا و فەڕەنسا لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بتوانن بچنە چوارچێوەیەكی یەكێتیەكی لەم چەشنەوە.))

### دەوڵەتی نەتەوەیی و سەردەمی گلۆبالیزم

بچووكبوونەوەی جیهان بۆ گوندێكی بچووك مانای ئەوەنییە ئیدی دامەزراندنی دەوڵەت بۆ نەتەوەكان پێویست نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر جیهان بەهۆی پێشـكەوتنی تەكنەلۆژیاوە ببێتە گوندێكی بچووكیش، ئەوا دەوڵەتانی جیهان دەبنـە ماڵەكانی ناو ئـەو گوندە و هەموو ماڵێكیش پێویسـتی بە سەربەخۆیی و سەروەریی خۆی هەیە، لەم چوارچێوەیەدا پرسیارمان لە( پرۆفیسۆر چارلس ئینگراو) ئوسـتادی مێژوو لەزانكۆی بـراون كردو لێمان پرسـی : ئەمڕۆ ئێمە لە سـەردەمی جیهانگیـری دەژین و هەموو كێشـەیەكی بچووك دەبێتە كێشەیەكی نێودەوڵەتی. بەڵام سـەبارەت بە مەسەلەی چارەسـەركردنی كێشە ئیتنییەكان، هەموو جیهان بەو شێوەیە بیردەكاتەوە كە درووسـتكردنی دەوڵەتێكی سـەربەخۆ بۆ گرووپە ئیتنییەكان باشترین ڕێگەچارەیە بۆ چارەسەركردنی كێشەكانیان. پرسـیارەكەی ئێمە ئەوەیـە كە بۆچی تاكو ئەمڕۆ چارەسـەری كێشە ئیتنییەكان تەنیا بەرێگەچارەی سەربەخۆییە؟ بۆچی میتۆدی تر نییە بۆ چارەسەركردنی كێشە ئیتنییەكان؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەی گوڵاندا پرۆفیسۆر ئینگراو وتی : (ڕێگەچارەی تر هەیە بەڵام

**دەوڵەتی نەتەوەیی «ناشناڵ» باشترین ڕێگەچارەیە بۆ چارەسەركردنی كێشە نەتەوایەتییەكان**


**كاتێک دامەزراندنی دەوڵەت وەک چارەسەرێک بۆ کێشە نەتەوایەتیەکان دادەنێین، مانای وایە لەو ناوچانە دیموکراتی بوونی نییە**

## چارلس ئینگراو بۆ گوڵان:

# بۆ ئەوەی زەمینە بۆ بوونی دەوڵەت دروستبکرێت، پێویستە کۆدەنگییەکی نیشتمانی هەبێت، نەتەوە یەک نوانایان هەبێت بۆ دەربڕینی هەستەکانی نیشتمان پەروەری

ئەنجامدانیان زەحمەتە. کێشـــەی کوردستان ئەوەیە کە هاووڵاتیانی کوردســـتانی خۆیان وەک نەتەوەیەکی کوردی ســـەیردەکەن و وەک هاووڵاتی عێراقی لەخۆیان ناڕوانن، بەلای کوردەکانەوە ئـــەوان هەڵگری ناســـنامەی کوردین لەوە زیاتر کە هەڵگری ناســـنامەی عێراقی بن. ئەگەر بێت و بەپێی قســـەکانی ئێوە هـــەر نەتەوەیـــەک جیابێتـــەوە و ببێت بە خـــاوەن دەوڵەتێکی ســـەربەخۆ و جوودا، ئەوکات دوو گرفت دێتە کایەوە، یەکەمیان: نەخشەی جیهانی دووچاری دابەشبوونێکی ســـەخت دەبێت بەســـەر چەندیـــن دەوڵەتی بچووک بچووک، بەشێوەیەک کە زۆربەی ئەو وڵاتانـــە لەڕووی ئابوورییەوە زۆر بەهێز نابن و لەتوانایاندا نابێت گوزەران و پێشـــکەوتنی ئابووری و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتەکانیان بخولقێنـــن یان دابین بکەن. دووەم خاڵ ئەوەیە کەلە ئیمپراتۆرییەکاندا، بۆ نموونە وەک ئیمپراتۆرییەتی «هامسبێرگ» لە ناوەڕاســـتی ئەوروپـــا و ئیمپراتۆرییەتی رووسی لە ئاسیا، بینیمان چەندین وڵاتی فرە ئێتنی ئیمپراتۆرییەت هەبوو و دەســـەڵاتیان هەبوو بەســـەر چەندین گرووپ و نەتەوەی جیاواز. بەڵام کاتێک کە هەستی نەتەوایەتی هاتە کایـــەوە، لە بەشـــەکانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت، لەناکاو هەســـتیان بەخۆیان کرد کە کۆمەڵگەکانیان بریتیە لە ژمارەیـــەک لە گرووپی جیاواز بە پرەنســـیپ و بنەمای جیاواز بەڵام هەستی ئینتیمایـــان نەبوو بۆ دەوڵەت. هەربۆیە، من پێموایە کـــە زۆر زەحمەتە بیر لەوە بکەینەوە کە چـــۆن کوردەکان قایل بن، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا کە پێشتر هەرگیز خاوەن دەوڵەتێکی نەتەوەیـــی نەبوونـــە، بـــە ئەنجامدانی ئەم هەنگاوە دووەر و دروســـتکردنی دەوڵەتێکی فرەئێتنی لە چوارچێوەی عێراق. ))

ســـەبارەت بەو هەلومەرجەشی کە پێویستە ئەندامانـــی نەتـــەوەی بێ دەوڵـــەت وەک زەمینەسازیەک بۆ دروست بوونی دەوڵەت لە بەرچاوی بگرن، پرۆفیســـۆر ئینگراو پێی وتیـــن: (بۆئەوەی دەوڵـــەت بوونی هەبێت، پێویســـتە کۆدەنگییەکی نیشتمانی بوونی هەبێت. هەتا گرووپێکی خەڵک ئەو هەستەیان هەبێـــت کە نەتـــەوەن و توانایـــان هەبێت لە دەربڕینی هەستەکانی نیشـــتمان پەروەری، هەڵبەتە دەبێتە فاکتەرێکی یاریدەدەر بۆئەوەی



دەوڵەت بە چاوێك لە هاووڵاتییەکانی بڕوانێت وەکو دەنگدەران، هاووڵاتییەکانیش هەســـت بکەن کـــە نەتەوەن و هەموویان یەکســـانن. بەڵام ئەگەر هـــات و گرووپێکی خەڵك ئەو هەســـتەیان لادرووســـت بوو کە بەشێك نین لە نەتەوەکە، ئـــەوکات زۆر زەحمەت دەبێت کۆدەنگیی نیشـــتمانی ڕووبـــدات لەبارەی کێشـــە و مەســـەلەکان و هاوکات کۆمەڵگە زۆر بە ئاســـانی جیـــا دەبێتـــەوە و دابەش دەبێـــت.)) بۆ ڕێگرتن لەم حاڵەتە و هەوڵدان بۆ دۆزینـــەوەی بەرژوەندی هاوبەش دەوڵەت لەناو پێگـــە ئیقلیمـــی و نێودەوڵەتیەکەی، پرۆفیســـۆر چارلـــس بەمجۆرە ســـەرنجی خـــۆی دەربڕی و وتی : (ئەم مەســـەلەیە چەندیـــن ســـتراتیژییەتی جۆراوجۆری لە پشتەوە هەیە بۆ مەبەســـتەکانی بونیاتنانی پێوەندییەکان. لەبەرئەوەی کاتێك کە هەندێك لە گرووپەکان بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕن، پێش هەموو شـــتێك داوا دەکەن ببنە خاوەن دەوڵەتێکی ســـەربەخۆ، هەمـــوو نەتەوەیەك داوادەکات دەوڵەتێکی ســـەربەخۆ بۆ خۆی درووســـت بکات. دوای و پاش ماوەیەك لە ســـەربەخۆیی، ئەو دەوڵەتانە هەست دەکەن پێویستییان بە درووستکردنی پێوەندی دەبێت لەگەڵ وڵاتانی گەورەتر لەپێناو ســـەپاندن و بەردەوامبوونی دەســـەڵاتەکانیان لەســـەر وڵاتەکانی خۆیـــان، ئەویش پاش ئەوەی کە تامەزرۆی ســـەربەخۆیی بوونە. ئەگەربێت و کوردســـتان ســـەربەخۆیی بەدەست بێنێت، من پێموایـــە کە کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی لەم بارەیـــەوە نیگەران دەبێـــت لەبەرئەوەی ســـەربەخۆیی کوردســـتان دەبێتـــە هـــۆی ناڵەباربوونی سەقامگیریی عێراق و هاوکات دەبێت بەمایەی کێشـــە و گرفت بۆ تورکیا و ئێران. ئامانجـــی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بریتیە لـــە چەســـپاندنی ســـەقامگیریی نێودەوڵەتـــی، هەربۆیە دەبینین هەڵســـتاوە بە ســـەرکردنی ســـەربەخۆیی کوردستان بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەیەکی کورت. بەڕای من مەبەســـتەکان لە پشت پێشـــنیارەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـــی بریتیە لەوەی کە کوردەکان جـــۆرە ئۆتۆنۆمییەکـــی کارایان هەبێت و هەســـت بە ئارامی و سەقامگیری بکـــەن و هاوکات ئەو هەســـتەیان لا بمێنێت کە ئەوان بەشـــێکن لە وڵاتێکی فرە ئیتنیی گەورەتر. چەندین نموونە هەیە لە وڵاتانێکی فرەئیتنی کە ئۆتۆنۆمی بە نەتەوە جیاوازەکان بەخشراوە بەشـــێوەیەك کە هەست بە ئارامی و ســـەقامگیری دەکەن و یەکێك لە نموونە ســـەرکەوتووەکان بریتیە لە «تـــرۆو»، کە پێکهاتەکانی بریتیە لە زۆرینەیەکی ئەڵمانی و کە لەناو خاکی وڵاتی «ئیتاڵیا» دەژین. لەسەر ئاستی «ترۆو» ئەڵمانەکان زۆرینەن

**مێژوو سەلماندویەتی کە وڵاتانی ئیتنی و نەتەوەیی پاش سەربەخۆیی هەر دەبێت پێداچوونەوەی خۆیان بکەنەوە و بەدوای هێزێک یان وڵاتێکی گەورەتر بگەڕێت بۆئەوەی بڕواتە پاڵی**

**بەدامەزراندنی دەوڵەتی کۆسۆڤۆ ، لایەنە ناشرینەکەی ناسیۆنالیستی سربی کە سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ پیادەی دەکرد بوونی نەما**



> کاتێک باسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکەین، دەبێت عەرەبی عێراق و دەوڵەتانی عەرەبیش لەو ڕاستیە تێبگەن، کە کوردستانیەکان جارێکی دیکە هاوکاری و هەماهەنگی عەرەبی عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی دەکەن بۆ ئەوەی لە رووە ناشرینەکەی قەومیەی عەرەبی رزگاریان بێت

> ئەگەر جیهان بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە بوویێتە گوندێکی بچووک، ئەوا دەوڵەتانی جیهان دەبنە ماڵەکانی ناو ئەو گوندە و هەموو ماڵێکیش پێویستی بە سەربەخۆیی و سەروەریی خۆی هەیە

بەڵام لەسەر ئاستی «ئیتاڵیا» کەمینەن، هەربۆیە جۆرە ئۆتۆنۆمییەك بە ئەڵمانەکان دراوە لەچوارچێوەی «ترۆو» بەشێوەیەك کە ئەڵمانەکان زۆر دڵخۆش و ئاسوودەن بۆ مانەوە و بەسەربردنی ژیان لەسەر خاکی «ئیتاڵیا»، لەبەرئەوەی ئیمتیازات و مافێکی زۆریان پێ بەخشراوە. هەربۆیە، من پێموایە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مەبەستی هەیە بۆئەوەی کوردەکان کۆنترۆڵێکی تەواویان لەسەر تەواوی کوردستان هەبێت، کە جۆرە سەربەخۆییەکە، بەڵام بە مانەوە لەچوارچێوەی عێراق، ئەو شتەش دەبێت بەمایەی سەقامگیری و ئارامیی ناوچەکە. بەڕای من پاش ماوەیەك لە ئۆتۆنۆمیی کوردستان، کوردەکان ئەو ڕاستییە پەسەند دەکەن کە ئەوان بەشێکن لە عێراق. کوردستانی عێراق خاوەن کێشەیەکی زۆر تایبەتە، کێشەکەش پەیوەستە بەوەی کە لە ناوچەکەدا پێکهاتەیەکی گەورەتر هەیە لە کوردەکان، کە ئەو کوردانە هەمیشە وەك بەشێك دەمێنێتەوە لەچوارچێوەی وڵاتانی دراوسێ لە تورکیا و ئێران و سوریا، ئەوە ڕاستییەکی ئاشکرایە و تەنیا جەنگێکی گەورە ئەم ڕاستییە دەگۆڕێت.)) لە بەشێکی دیکە و سەبارەت بە گۆڕینی کەلتوری شەڕ و دوژمنایەتی نێوان نەتەوەکان بۆ کەلتووری پێکەوەژیان و ئاشتی، پرۆفیسۆر ئینگراو وتی: ((بۆ نموونە ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیر و مامۆستاکانی زانکۆکان، زۆر جار بەناوی «رادرووستکەر» بانگیان دەکەین، ئەو کەسانەن کە هاوکارن و کاردەکەن لەپێناو تێگەیاندن و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان، ئەم کەسانە پاش جەنگی جیهانی دووەم دەستیانکرد بە ناشناڵیزم (نەتەوایەتی) و دروستکردنی دەوڵەتی نیشتمانی کە بووە مایەی کارەساتێك بۆ ئەوروپا، هاوشێوە لەگەڵ مەرگەساتەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم لەسەر ئەوروپا. هەربۆیە، ئەو کەسانەی کە کۆنترۆڵیان هەبوو لەسەر ڕای گشتی ئەو وڵاتانەدا پێکەوە دانیشتن و یەکیان گرت و وێڕای جیاوازی و ئینتیمایان بۆ پارتە سیاسییە جیاوازەکان، هەموویان ڕێککەوتن لەسەرئەوەی کە پێکەوە کاربکەن و کۆتایی بەو بارە بێنن. خۆشبەختانە کورد هەمان ئەو جۆرە دژایەتییە مێژووییەی لەگەڵ پێکهاتەکانی تری عێراق و تورکیا-ی دراوسێ نییە، هەرچەندە لە سەردەمی سەددام حوسێن کوردەکان بەشێوەیەکی ناڕەوا چەوساوبوونەوە، بەڵام مێژووی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا و پۆڵەندا و ئەڵمانیا، لەگەڵ پەیوەندییەکانی نێوان ئۆکرانیا و پۆڵەندا لە سەردەمە کۆنەکاندا، بەڵام بە تێپەڕبونی کات توانییان ئەو بارودۆخانە ببەزێنن. هەروەها لەبەرئەوەی سەرکردە سیاسییەکان بڕیاریاندا پەیوەندیی نوێ لەگەڵ ئەو گرووپانە دروست بکەن و ڕابردوو لەبیربکەن. لەبەرئەوەی مێژوو ئەم شتەی سەلماند، بۆ نموونە ئەڵمانیا و فەرەنسا، ئیتاڵیا و نەمسا، پۆڵەندا و ئەڵمانیا. دەنیمارك و سوید چەندین سەدە دوژمن بوون، بەڵام لەکۆتاییدا گەیشتنە



**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پێناوی چەسپاندنی سەقامگیریی نێودەوڵەتیدا، هەڵستاوە بە سڕکردنی سەربەخۆیی کوردستان بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەیەکی کورت**

ئەو بڕیارەی کە چیتر دوژمن نین و ئیتر پێویستە پێکەوە کاربکەن. پێویستە هەمیشە بانگەشە بکەن بۆ ڕێزنواندنی دووقۆڵی و دروستکردنی تێگەیشتن و تەبایی لەنێوان کورد و پارچەکانی تری عێراقدا.)) بێگومان کورد هەموو کات پەیامی ئەوە بووە کە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەعێراقدا بژی و مافەکانی بسەلمێنرێت، بەڵام ئێستا عێراق مەترسی ئەوەی لێدەکرێت وەك یوگسلافیای پێشوو لەبەر یەك هەڵبوەشێت، بۆیە پرسیار ئەوەیە ئایا دەبێت لەم باردۆخەدا کورد چ بڕیارێك وەربگرێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا پرۆفیسۆر چارلس ئینگراو بە گوڵانی ڕاگەیاند: ((هەڵبەتە ئەوە خراپترین سیناریۆیە کە ڕوودات. بەڕای من، یەکێك لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە عێراق دابەش دەبێتە سەر ژمارەیەك ویلایەت، هاوشێوە لەگەڵ ئەو شتەی کە لە «بەلقان» ڕوویدا، ئەو کات ژمارەیەك ویلایەتی جیاواز دێتە کایەوە، وەکو «سربیا « و «کۆسۆڤۆ». پێموایە لەو جۆرە بارودۆخانەدا عێراق دابەش دەبێتە سەر ٣ ویلایەت، هەرێمی کوردستان دەبێت بە ویلایەتی کوردستان، لەگەڵ ویلایەتی سوننە و ویلایەتی شیعە. ئەمە ئەگەری ڕوودانی هەیە. بەڵام کێشەی پرسی کەمینەکان دێتە کایەوە، لەبەرئەوەی هەڵبەتە لەنێو پێکهاتەکانی ئەو ٣ ویلایەتەدا گرووپ و کەمینەی تر هەیە، هەربۆیە لەحاڵەتی ڕوودانی ئەم سیناریۆیەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەرسێ لە ویلایەتەکانی عێراق کاردەکات لەپێناو پاراستنی کەمینەکانی ناو پێکهاتەکانیان. هەرچەندە ڕوودانی ئەم ئەگەرە ئاکامی باشی نییە و باوەڕناکەم هیچ لایەنێك خوازیاربێت بۆ ڕوودانی، بەڵام هەر وەك ئاشکرایە پێکهاتەی شیعە ئامادەباشیی تێدانییە بۆ کارکردن لەگەڵ پێکهاتەی سوننە و کوردەکان لە عێراق. هەرچەندە ئاشنایەتییەکی تەواوم نییە لەگەڵ سیاسەتە ناوخۆییەکانی عێراق، بەڵام بەو شێوەیەی کە من دەیبینم، پێموایە کە دەبوایە چەندین مانگ بەر لە ئێستا حکوومەتەکەی «مالکی» هەڵستایە بە پێکهێنانی حکوومەتێکی جێگیر، بەڵام هەروەك ئاشکرایە «مالکی» نارەزایە دەست لە پۆستەکەی بەربدات و ئامادەنییە حکوومەتەکە جێبهێڵێت. پێویستە «مالکی» دان بەو ڕاستییە بنێت کە لە پڕۆسەی دیموکراسیدا پارتێکی سیاسی دێتە سەر تەختەی دەسەڵات و پاش ٥ ساڵ یان ١٠ ساڵ، تەنانەت لەهەندێك لەحاڵەتەکاندا پاش ٢ ساڵ پارتێکی سیاسیی تر دێت و دەسەڵات وەردەگرێت، ئەمەیە پڕۆسەی دیموکراسی و پێویستە لەسەر «مالکی» پەسەندی بکات، هەروەها پێویستە پەسەندی ئەو ڕاستییە بکات کە هەمیشە لەسەر تەختەی حوکم نامێنێتەوە. بەڵام بەداخەوە، هەروەك ئاشکرایە کە «مالکی» ئامادە نییە لەگەڵ گرووپە عەلمانییەکانی تر کاربکات، ئەگەر نا چەندین مانگ بەر لە ئێستا حکوومەتی داهاتوو پێکدەهێنرا.)).

**کاتێك ناسیۆنالیزم و فیکری قەومی دەگاتە ئەو ئاستەی لە پێناوی ڕەگەز پەرستی ڕووی خۆی ناشرین دەکات، ئەوە دەبێت بەپێدانەوەی مافی چارەنووس بۆ ئەو نەتەوانەی لەگەڵیدا دەژین ڕووی خۆی جوان بکاتەوە**

# گرنگی سامانە سروشتیەکان لە دارشتنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستاندا



شەماڵ قادر منەوەر / موسکۆ

باسکردن دەربارەی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتی خاك داگیرکراو وەکو کورد، بۆتە مەرجێکی گرنگ و بنەڕەتی هۆشیاری نەتەوەیی، چونکە ئاسایشی نەتەوەیی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئایندەی هەر نەتەوەیەکەوە، جگە لەوەش ڕەگەزو فاکتەرێکی کارایە بۆ بەرگری و ڕووبەڕوووبونەوەو ململانێی ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان. ئێمەی کورد لە بارودۆخێکی ئاوا ئاڵۆزو سەردەمی جیهانگیریدا پتر لە هەر نەتەوەیەکی دیکە پێویستمان بە بایەخدان هەیە لە بواری ئاسایشی نەتەوەیدا. دیارە ئاسایشی نەتەوەیی گشت بوارەکان لەخۆ دەگرێت و چەمکی جۆراوجۆری لێ دەبێتەوە.بەڵام ئەوەی ئێمە لەم بابەتەدا مەبەستمانە باسکردنە لە گرنگیەتی سامانە سروشتیەکان لە دارشتنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستاندا. ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدانە سەرهەڵدان و بایەخ دان بە ئاسایشی نەتەوەیی وەك چەمکێکی زانستی و بە مانا نوێیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، بە واتایەکی دیکە دەتوانین (پرۆژەکەی مارشاڵ) بۆ بنیاتنانەوەو نەهێشتنی ئاساوەرەکانی جەنگ و ڕزگارکردنی دانیشتوانی ئەوروپا لە دڵەڕاوکێ و ترس و لەرزو خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو بەرەنگاریکردنی مەترسیەکانی ئایندە، بە سەرەتای سەرهەڵدانی ئاسایشی نەتەوەیی دابنرێت. هەرچەندە تاکو ئێستاکەش پرۆسەی ئاسایشی نەتەوەیی وەك پێویست پێناسەی بۆ نەکراوە، بەڵام چەندان بیرمەندو سیاسەتمەدارانی جیهانی وەك (ڕۆبەرت ماکنامارا،ماننگ، مورگن، کیسنجەر...) هەوڵی پێناسەکردنیان داوە. ئێمە زیاتر پێناسەکەی کیسەنجەرمان لا پەسەندترە و زیاتر دەگونجێت لەگەڵ بابەتەکەماندا ئەو ئاسایشی نەتەوەیی بە خاڵی گەوهەری مانەوەی بەردەوامی دەزانێ و بەرگریکردن بە گشت شێوازەکان لەپێناوی مانەوەدا بەکارێکی ڕەوا دەزانێ.لێرەوە دەتوانین بگەینە ئەودەرئەنجامەی ئاسایشی نەتەوەیی ( بەرگریکردنە لە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە لە لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە کە نوێنەری هەڵبژێردراوی گەلە). دارشتنی ئاسایشی نەتەوەیی بەندە لەسەر ڕادەی زۆری زانیاری و زانست و ئامار و پشت بەستن و سودوەرگرتن لە (شوێن، شێوازی ڕووبەر، سامانی سروشتی، توانای مرۆیی...تاد)، هەروەها ئاستی پەیوەندییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و کاریگەری هێز لەسەر هاوکێشەی ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان.

کورد هەر لەنەمانی دەوڵەتی مادەوە تاکو کۆتایی سەدەی ڕابردوو هەمیشە بەرگری لەخۆی کردووە و تووشی دەیان نەهامەتی بووە، شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی گەلەکەمان بەهۆی چەندان فاکتەری دەرەکی و ناوەکیەوە نەیتوانیەوە ئامانجەکانی بپێکێنێت. بە دەربرینێکی تر هەر لەو کاتەوە تاکو ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١ ) نەتوانراوە یان نەپەرژاوینەتە سەر ئەوەی تاکو ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی خۆمان دابرێژین. ئەوەی زیاتر جێگەی ئاماژە پێدانە لەو کاتەوە تاکو ڕووداوەکانی ١١ی سپتمبەری (٢٠٠١ ) لە ئەمریکاو دوابەدوا پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق هەلێکی مێژوویی و زێڕینی تر بۆ نەتەوەکەمان هاتە ئاراوە.دیارە خۆشبەختانە ئەمجارە سەرکردایەتی سیاسی کورد توانیان ئەو هەلە لەدەست نەدەن. سەرکردایەتی کورد ئەمجارە بەتەواوەتی لە هاوکێشە ئاڵۆزەکانی جیهانی سەردەم تێگەیشتوون. ئەمڕۆکە پشکی ئابووری و ئەقڵی ئابووری و جوگرافیای ئابووری بوونەتە بنەماسەرەکیەکانی بەڕێوەبردنی وولاتان و سیاسەت و سەرجەم پەیوەندییەکان لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانەوە ڕێگە دەگرن.

لیستەر کارڵ تۆرۆ کە یەکێکە لە پسپۆڕە دیارەکانی بواری ئابووری جیهانی دەڵێت:( ئەگەر کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم پەیدابوونی ئابووری نەتەوایەتی بێت ئەوا کۆتایی سەدەی بیست بە جیهانبوونی ئابوورییە، ئەو تاك و کۆمەڵگایانە دەستکەوتی گەورەیان دەبێت و زیاتر سوودمەند دەبن کە بە شێوەیەکی کرداری دەچنە ناو پرۆسەی جیهانگیریەوە، ستراتیژیەتی سەدەی بیست و یەك بریتی دەبێت لە زانین و لێکۆڵینەوەی زانستی و داهێنانی نوێ، تێگەیشتن و بەکارهێنانیان دەبێتە کلیلی سەرکەوتن).ئەگەر بەسەرنجەوە لەسیاسەتی ئابووری سەرۆکی هەرێم و کابینەی پێشووحکوومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی بڕوانین دەبینین جەخت کردنە لەسەر بەرهەمهێنانی عەقڵی ئابووری و مرۆڤی ئابووری لەنێو نەوەی نوێی کوردستاندا. زیاد لە پەنجا ساڵە خەڵکانی کوردستان بە ئایدۆلۆژی هێز گۆشەو پەروەردە کراون.

سیاسەتی نوێی سەرکردایەتی کورد بۆ گەیشتن بەئامانجەکانمان و پێشکەوتنی کوردستان بەهێزکردنی پێگەی ئابوورییە بە پشت بەستن بە سەروەت و سامانە سروشتیە زۆرەی خاکەکەمان. هەر دوای ڕاپەڕین سەرۆك بارزانی لە ساڵی ١٩٩٢ لە وەڵامی پرسیارێکی گۆڤاری هارڤارد ئەنترناشناڵ ڕیڤیوو وتی:( ئێمە هەر ئەوەندە هاریکاری نێودەوڵەتیمان پێویستە، تا دەکەوینەوە سەرپێی خۆمان، وڵاتی ئێمە وڵاتێکی دەوڵەمەندە و دەتوانین خۆمان خۆمان بەڕێوەبەرین). بێگومان ئەو کاتەو ئێستاکەش هیچ کەسێك نەیتوانیوە ئەو پێشبینیانەی سەرۆك بارزانی بکات، چونکە وڵاتێك لەژێر گەمارۆی ئابووری و چواردەوری بە دوژمن تەنراو چۆن دەتوانرێت بنیات بنرێتەوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بیرکردنەوەیەکی نوێ لە بزاڤی سیاسیدا. ئەم پەیامەو گشت پەیامەکانی تری سەرۆك بارزانی هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە تاکو ئێستاش جەخت کردنە لەسەر ئەولەویەتی پشکی ئابووری لە دارشتنی ئاسایشی نەتەوایەتیدا. لێرەدا ناتوانین ئاماژە نەدەین بە هەوڵ و ڕۆڵی نێچیرڤان بارزانی لە بەرجەستەکردنی سیاسەتی سەرۆك بارزانی لە پراکتیکدا. ئەگەر یەکێك لە سامانە سروشتیەکانمان نەوت بێت ئەوا بە درێژایی مێژوو بۆتە هۆی ماڵکاولی، نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکێکی بوێر توانی ئەو هاوکێشەیە بگۆڕێت و چەمکی شەڕی نەوت بگۆڕێت بۆ خێرو بەرەکەت بۆ میللەتەکەمان.دەرهێنانی نەوت و گازی سروشتی و باسکردن لە بەشداری کوردستان لە پرۆژەی هێڵی گوێزانەوەی (ناباکۆ) کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردۆتە سەرنجی دونیا هەر بەو هۆیەشەوە ئەمڕۆ چەندان هاوپەیمانی ستراتیژی و بەهێز بوونەتە گەرانتی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیمان. پێشوازی کردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن سەرۆکی ئەمریکاو وولاتانی ئەوروپاو ناوچەکەوە خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکی گەورەن بۆ گرنگیەتی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە جیهانی و ئیقلیمیەکاندا.گۆڕینی زمانی هەڕەشەو سیاسەت بە زمانی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بەرنامەو سیاسەتی ئابووری حەکیمانەی سەرۆکی هەرێم و حکوومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی بوو، لەو سونگەیەوە پێویستە نەوەی نوێ لە سایەی ئازادی و دەسەڵاتی کوردستاندا زیاتر گەشە بدەن بەو ئەزموون و دەستکەوتانە لەبری گێرەشێوێنی و تۆمەت خستنە پاڵ سەکردایەتی کوردو گشت پرۆسەی ئازادی و دیمۆکراتی و ئاوەدانکردنەوە. دەبێت ئەوە لە یاد نەکەین کە ئێمە ئامانجی باڵامان لە پێشەوەیە. هەروەك نیتشە دەڵێت ( هەوڵ مەدە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی «با» تف هەڵاوێژی ) .با ئێمەش بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەوە باڵاکانمانەوە ڕەفتار نەکەین .

# خەتی کوردی..رەهەندێکی تری ناسنامەی نەتەوەییمانە



**عەبدولڕەحمان سدیق**

خوای گەورە لــە قورئــان دا فەرموویەتی [ن والقلم وما يسطرون] ئاشــکرایە کە (سطر) دێڕی نووسینەو، نووســینیش بە (قلم) واتە (پێنـــووس) ئەنجام دەدرێ و، نووسینیش – هەر نووســینێك کۆکردنەوەو خستنە پاڵ یەکی (حرف)ـەکانە کە لێرەدا ئاماژە بۆ یەکێکیان دەکات ئەویش (ن)ـە.

بۆیە (الراغب الاصفهانی) لە (مفردات الفاظ القران)دا دەڵێت: سطر: والسطر، الصف من الكتابه. وسطر فلان كذا ای كتب ســطرا ســطرا، قال تعالی [ن والقلم وما يسطرون] وقال: [والطور وكتاب مسطور]، وقال : [كان ذلك فی الكتاب مسطورا].

دەربــارەی (القلــم) دەڵێت: اصل القلــم: القص من الشــیء. وخص ذلك بما يكتب به قال تعالی: [الذی علم بالقلم].

ســەبارەت بە وشەی (الخط) دەڵێت: ويعبر عن الكتابه بالخط قال تعالی : [وما كنت تتلو من قبله من كتاب ولا تخطه بيمينك]

بۆیــە زانای گەورەش (ابن تیمیه) لە بەرگی دووەمی (فتــاوی)دا لە بارەی ئایەتی [الــذی علم بالقلم]ەوە دەڵێت: (وذكر القلم، لان التعليم بالقلم هو الخط).

لەهەموو ئەمانەی پیشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە خوای گەورە حەرف و دێڕو قەڵەمی لە پاڵ یەکدا باس کردووەو، سوێندیشــی بە (قەڵەم) و (دێڕی نووسین) خــواردووە، تاوەکو ســەرنجمان بۆ رۆڵــی بەرچاوی (خــەت) و (قەڵەم) رابکێشــێ لە ژیانی ئینســان و نەتەوەو گەلاندا.

بۆیــە ئەگەر ســەرنجێکی خێرا لەمێــژووی گەلی کورد بدەیــن، ئەوا دەبینین رۆڵــی بەرچاوی بووە لە (نووســین) و (خۆشنووســی)دا بە هەموو جۆرەکانی خەتی ئیســلامییەوە، بــەڵام ئەوەی جێگەی باســە بەدرێژایــی ئەو مێژووە، خۆشنووســانی بەهرەمەندی کــورد، خەتێکیان دانەهێناوە بەنێوی خەتی کوردییەوە، کە ئەشــێت ئەوانیش هۆکاری زاتی و بابەتی خۆیان هەبێــت لە ئەنجام نەدانی ئــەم کارەدا، بەڵام دەبینین لەنێــو ئەو جیهانە فراوانەی خەت و خەت نووســییدا (فارس) توانیویەتی خەتی (تعلیق) وەکو تاکە خەتێك بەکار بهێنێ و، ناوی (خەتی فارسی)شــی لێناوەو، تەواوی تابلۆکانی نێو وڵاتەکەیشــی پێ برازێنێتەوەو، لە رێگــەی ئەم فاکتەرەشــەوە، هەر نووســینێك لە شــوێنێکی ئەم جیهانەدا، بەو خەتە بنووسرێت تەواوی جیهانی ئیسلامیی و جیهان بەگشتی ناوی (فارس) و (خەتی فارســی) بیر دەکەوێتەوە، لەکاتێکدا کە باو و باپیرانــی ئێمە لە زۆر بڕگەی رۆژگاردا داهێنانیان کردووە لە خەت و خۆشنووســییدا، ئەوەتا لە دەوڵەتی (دۆستەکی)دا کە نزیکەی (١٠٤) ساڵ تەمەنی بووە، خۆشنووسانی ئەو سەردەمەی کورد باشترین داهێنانیان لە خەتی (کوفی)دا کــردووەو خەتی (کوفی)یان بە نەقــش و زەخرەفەی (نباتی) رازاندۆتەوە، بەڵام ناویان نەناوە (خەتی کوردی) بەڵکو بۆتە (الخط الكوفی ذات الزخارف النباتيه)، بۆیە لێکۆڵەری سویسری (فلوری) دیراسەی زۆری خەتی نەقش و نیگاری کردووە لەسەر خەتی (کوفی)و پەرەپێدراو لەسەر دیوارەکانی زانکۆی (ئەزهەر) و، زانکۆی (قەیرەوان) و (شاری دیاربەکر).

پاشــان لە ئەنجامــدا دەگاتە ئــەم ئەنجامە – وەکو مامۆستا (عبدالرقيب يوسف) لە کتێبی (حضاره الدوله الدوستكيه فی كردستان الوسطی) ئاماژەی پێکردووە: (يری فی الاشــرطه الكتابيــه المزخرفه فی دياربكر نوعا من اجود مبتكرات الفن الاســلامی واروعها وهو يبدی دهشه من اغفال مؤرخی الفنون امر دراسه هذه الاشرطه الكتابيه) بۆیە (فلوری) لە هەمان سەرچاوەدا دەڵێت: باشترین شوێنی جیهان بەبێ هیچ دوو دڵییەك کە بشــێت تیایدا لێکۆڵینەوە بکرێت لەسەر نووسینی زەخرەفەدار شــاری ئامەدە، ئەوەتا دەڵێت: (ان مدينه امد اصلح مكان في العالم الاســلامی علی الاطلاق لدراسه فن الاشــرطه الكتابيه المزخرفه) هەروەها لە هەمان سەرچاوەی پێشــوودا دەڵێت: (توجد الان علی ســور دياربكر ارقی ما وصلت اليــه الكتابه الكوفيه ذات الزخارف النباتيه).

(بڕوانە لاپەڕەکانی (٩) (٤١٠) (٤١٦)ی سەرچاوەی پێشوو).

بۆیە لێکۆڵەری سویســری (فلوری) وای بۆ دەچێت کە شاری (ئامەد) بەم جۆرە خەتی نووسینەی (کوفی زەخرەفــەدار)، خاوەنی خەتێکی نوێیە. دکتۆر (ابراهيم جمعه) لە (دراســات فی تطــور الكتابات الكوفيه) لاپەڕە (٣٣-٣٤)دا دەڵێت: (وقد اجاز فلوری لنفســه بعد هذه الدراسات ان يفرد لامد اسلوبا كتابيا خاصا).

ئەم شایەدییەش مامۆستا (عبدالرقيب يوسف) لە لاپەڕە (٤١١)ی (حضاره الدوله الدوستكيه)یدا ئاماژەی بۆ کردووە.. ئەم جۆرە نووسینەش پێش دەوڵەتی دۆستەکی نەبــووەو، لە ماوەی حوکمڕانی عەبباســییەکانیش دا نەبووە، تەنیا لە (ئامــەد)دا هەبووە (لاتوجد الزخرفه الحيوانيه في الكتابات الكوفيه قبل العهد الدوستكی ..) هەروەها (اشار المستشرق ديمان الی مدی التطور الذی شاهده الخط االكوفی في فن الزخرفه في عهد الدوله الدوســتكيه في حين انه كان خاليا من الزخرفه في عهد العباسيين).

بڕوانــە لاپــەڕە (٤١٢)و (٤١٥)ی (حضــاره الدوله الدوستكيه).

لەگەڵ هەموو ئەم گەواهی ئەمانەش دا، خۆشنووسانی ئەو سەردەمەی کورد، لەبەر هەر هۆیەك بووبێت، نەهاتن ئەو خەتە نوێیە، بە (خەتی کوردی) ناو بنێن.

لەسەردەمی (دەوڵەتی ئەیوبی)شدا، خەتێکی نوێ هاتە ئاراوەو، جێگەی خەتــی کوفی گرتەوە بە تایبەت لە نووسینەوەی قورئان دا، کە ئەویش خەتی (نوسخ) بوو لەگەڵ خەتی (تۆمار)دا، کە بەداخەوە ئەو، خەتانەش ئێستا خەڵکانی دی خۆیان کردووە بە خاوەنی.

(انــور الرفاعی) لە لاپەڕە (٤١١)ی (الاســلام في حضارته ونظمــه) دەڵێت: (وهجرت خطوط الكوفه في كتابه المصاحــف وحلت محلها الخطوط اللينه كالخط النســخی الاتابكی الذی ســاد في العصر الايوبی).

بەڵام لە ســەردەمی (ئەیوبییەکان)دا، خەتی تایبەتی دەوڵەتی دۆســتەکیش هەر لەسەر هەندێ شوێنی وەك مزگەوت و کێلی قەبرەکان دا بەکار دەبراو پێی دەنووسرا، بۆیە لە لاپەڕە (٣٣٩)ی ئەم ســەرچاوەیەی پێشەوەدا هاتووە کــە (جزء من كتابه كوفيــه مزخرفه معقوده علــی هيئه قنديل من الطــراز الايوبی موجوده علی ضريــح في القاهره اقيم في القرن الســابع الهجری).

مەبەســت لە خســتنە رووی هەموو ئەوانەی پێشەوە ئەوەیە کە بەدرێژایی ســەدان ســاڵ لەمەوبەر تائێستا خۆشنووســانی گەلەکەمان لە هەر پارچەو بەشــێکی کوردســتان دا، رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە داهێنان و پەرەپێدانــی زۆر جۆری خەتی نووســیندا، کەچی تا ئەم ســاتەش نەبووینە بە خاوەنی خەتێکی ناســراو بە خەتــی کوردی، بۆیە (فــارس) خەتی خۆی هەیەو، تەواوی جۆرەکانی تری خەتی ئیســلامیش بە ناڕەوا پێیان دەوترێت خەتی عەرەبی، لەکاتێك دا ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو خەتانە، نەتەوەکانی تری نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی دایانهێناوە.

بۆیە لێرەوە ئەم پێشــنیازانە بە چاك دەزانم، بۆ ئەوەی خۆشنووســیی ببێتە فاکتەرێکی دیکەی پاراســتنی ناســنامەی نەتەوایەتیمــان: یەکەم: خۆشنووســانی کوردســتان پێکەوە، لە هەوڵــی داهێنانی خەتێك بن بەنێوی (خەتی کوردی)یەوە، جا ئەو خەتە لەوانە بێت کە پێشــینانمان تیایدا باڵادەســت بوونە، یان خەتێکی نوێی داهێنراو بێت.

دووەم: پــاش هەڵبــژاردن و پەســەندکردنی ئەو خەتە کوردییــە لە لایــەن وەزارەت و دەزگای پێوەندیدار بەو بابەتــەوە هەوڵ بدرێت تابلۆ ســەرەکییەکانی هەرێمی کوردســتان بەو جــۆرە خەتە بنووســرێت و، بەمەش مۆرکێکی تایبەتی خۆماڵی بە وڵاتی خۆمان دەدەین، لەبواری خۆشنووسییدا.

ســێیەم: رۆژی (١٨)ی ئایاری هەموو ساڵێك بکرێتە رۆژی خۆشنووسانی کوردستان، بە مەبەستی رێزلێنان و بەردەوام بوون لەســەر رێبازی گەورە خۆشنووســی جیهانیمان خوالێخۆشبوو مامۆستا (حامید ئامەدی)، کە هەموو دنیا شــایەدی کارامەیی و دەست ڕەنگینی بۆ دەدات لەبواری خۆشنووسییداو، لە (١٩٨٢/٥/١٨) دا ماڵئاوایی لێکردین.






ئامۆژگای سەرکردە جیهانییەکان
خەڵاتی حوکمڕانی باش دەدەنە
پارێزگاری هەولێر

## نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر (بۆ گوڵان):

# لە ماوەی شەش ساڵی رابردوو پارێزگای هەولێر لەسەرجەم سێکتەرەکان سەرکەوتنی بێ وێنەی تۆمارکردووە

نـەوزاد هـادی پارێـزگاری هەولێر لەدیمانەیەکـی (گوڵان)دا کە لەدوای سـەردانەکەی بۆ ئەمەریـکا لەگەڵیدا ئەنجامدرا، باسی لەو سەرکەوتنەی ئیدارەی هەولێر دەکرد کە بۆتە جێی تێڕوانینی ئەکادیمییەکان و بەرپرسانی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمەریـکا، هەولێر لەنێوان سـاڵانی٢٠٠٤ تا ٢٠٠٩ بەپاڵپشـتی نێچیرڤان بارزانی سـەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردسـتانی سەرکەوتنەکەی بەدیهات، گۆڕانکارییەکی راستەقینە لەژیان و گوزەرانی دانیشـتووانی پارێزگاکەدا روویدا. پارێزگاری هەولێر لەم دیمانەیەدا باسـی گرفت و ئاستەنگەکانیش دەکات، کـە ئێسـتا لەئاکامی کەمی بودجەو ناپارسـەنگی لەنێـوان ئەنجامدانی پرۆژە سـتراتیژی و گەورەکان لەلایـەک و پـرۆژە بچووکـەکان لەلایەکی تـرەوە رووبەرووی بوونەتـەوە، بەڵام لەگەڵ بوونـی ئەم گرفتانەش بەهەموو پێوەرەکان ئەوەی لەم پارێزگایە ئەنجامدراوە جێی تێڕوانینی گشت شارەزایانە، هەر لەم روانگەیەشەوە تۆماس فریدمان دەڵێت: (ببینە ئەم شـارە ((هەولێـر)) عێراقە خەڵکی پێکەوە دەژین و ئایینـی جیاواز هەیەو یەک ئەمەریکی لەم شـارە خوێنی نەڕژاوە، ئەمە خەون نییە، ئەمە راستییە).

## پارێزگای هەولێر .. ئەزموونێکی سەرکەوتوو لەبەڕێوەبردنی ئیدارە

**لەسمیناری زانکۆی تەفت باسی ئەو سەرکەوتنانەم کرد کە قۆناغ بەقۆناغ لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی پارێزگای هەولێرو سەنتەری شار لەنێوان سالآنی ٢٠٠٤تا ٢٠٠٩ بەخۆیەوە بینیوە**

**گوڵان:** دوای ئەوەی لەسەر بانگهێشتی زانکۆی تەفت Tufts سەردانی ئەمەریکات کرد، بەڕێزت سمینارێکت سازداو چەند دیدارو کۆبوونەوەیەکیشت لەو وڵاتە بەئەنجام گەیاند، ئایا گرنگی ئەم سەفەرەو ئەنجامدانی سمینارو گفتوگۆکان لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە چ رۆڵ و بایەخێکی بۆ شاری هەولێر بەتایبەتی و کوردستان هەبوو؟

**نەوزاد هادی:** دوای ئەوەی لەزانکۆی تەفت لەشاری بۆستنی ئەمەریکایی داوەتنامەیەکم بۆ هات، بەمەبەستی پێشکەشکردنی سمینارێکی تایبەت لەبارەی (سەرکەوتنی ئیدارەی حکومەتی کوردستان لەهەولێر)، کە لەماوەی پێنج ساڵدا بەتایبەتی لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوونی کارو پرۆژەکان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بۆ ئەم مەبەستە سمینارەکەم سازداو تێیدا بەتێروتەسەلی باسی هۆکارەکانی ئەو سەرکەوتنانەم کرد کەلەپارێزگای هەولێر لەساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٩ قۆناغ بەقۆناغ لەهەموو سێکتەرەکانی ژیان(ئاسایش و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردەو کارەباو ئاوو.. تاد)) گۆڕانکاری نەوعی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمە بەراستی سەرکەوتنە بۆ پارێزگای هەولێرو ئیدارەکەی، چونکە ئەو بودجەیەی بۆ پارێزگای هەولێر تەرخانکراوە لەسەرجەم پارێزگاو ناوچەکانی تری عێراقدا هەمان بودجەو توانای ماددی هەبووە، باشە بۆچی لەهەولێر بەمشێوەیە توانرا بەسەر گرفت و کێشەکان زاڵبین و بەرەو پێشخستنی کەرتەکان هەنگاو بنێین؟

لەم روانگەیەوە بانگهێشتی ئێمە کراو گوێبیستی بەرنامەو هەنگاوەکان بوون تاوەکو لەم ڕێگاو میکانیزمانەوە لەپارێزگاکانی تر هەنگاوبنرێت و هەمان ئەزموون بگوازرێتەوە بۆ شوێن و شارەکانی تری عێراق، ئەم مەسەلەیە بۆ خودی داڕێژەرانی سیاسەت و بڕیار بەدەستدانی ئەمەریکایی جێی بایەخ و پێزانینە، چونکە دەیانەوێت لە ڕێگای ئەزموونی سەرکەوتنی ئیدارەی پارێزگای هەولێرەوە لەشارەکانی تری عێراق هەمان ئەزموون دووبارە بکرێتەوە. وەکو ئاگادارن لەدوای ئازادکردنی عێراق ئەمەریکا بە ١٧ ملیار دۆلار هاوکاری حکومەتی عێراقی کرد ئەویش بۆ پاڵپشتیی و پشتگیریکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و چاککردنەوەی ژێرخانی عێراق، تا ئاسایش و ئارامی لەعێراقی نوێ سەقامگیر بێت و ئاوەدان بکرێتەوەو هەموو سێکتەرەکانی ژیان باش بکرێنەوە، ئەمەش پاڵپشتە بۆ ئاسایبوونەوەی ژیانی هاوڵاتییان.

**ئەمەریکییەکان بەسەرکەوتنی ئیدارەی هەولێر دڵخۆشکەرو بەئومێدن**

ئەمەریکییەکان بەسەرکەوتنی ئیدارەی هەولێر دڵخۆشکەرو بەئومێدن، بۆیە دەیانەوێت لەهۆکاری ئەم سەرکەوتنە تێبگەن، بۆ ئەوەی لەرووی ئەکادیمی و زانستی لێکۆڵینەوەوە توێژینەوە ئەنجام بدرێت. لە سمینارەکەی زانکۆی تەفت لەشاری بۆستنی ئەمەریکایی جگە لە ئامادەبوونی پرۆفیسۆرو مامۆستاکان هەموو قوتابیەکانی تر کەنامەی ماستەریان دەخوێندو بابەتەکانیان تایبەت بوو بەکوردستان و عێراق ئامادەبوون، لەسمینارەکەدا کە باسم لەمێژووی هەولێرو- ئەو گۆڕانانەی بەسەر سێکتەرەکانی ژیاندا هاتوون کرد، رۆڵی گرنگی نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکابینەی پێنجەم لەچۆنیەتی بەرەو پێشڤەچوونی هەرێمەکە بەگشتی و هەولێری پایتەخت بەتایبەتی بەشێوەی زانستی باسی لێوەکرا.

هەروەها لەباسەکەدا قۆناغەکانی مێژوویی لەپارێزگای هەولێرو رووبەر و جیۆگرافیاو ژینگەو وەرزەکانی ساڵ و هونەرو کەڵچەرەکەیم خستەڕوو، کە کەڵچەرێکی دۆستانەو نەرم و دوور لەتوندو تیژییە. ئەمە جگە لە ئارامی و بوونی ئەمنییەتی هاووڵاتییان کە تارادەیەکی باش سەقامگیرە، گەر بەبازاڕی گەورەی کۆنی قەیسەری دا بڕۆی فرۆشیارەکان لەکاتی چوونیان بۆ نوێژ دوکانەکانیان تەنیا بەپارچەقوماشێك داپۆشییەو بەجێیان هێشتووە، ئەم حاڵەتانە بەدەگمەن لەشارو ناوچەکانی دەوروپشت و بگرە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینرێت.

لەلێکۆڵینەوەکەدا باسم لەرۆڵی کابینەی پێنجەم کرد کە تواناو ناوەندێکی بەهێزی هەبوو بۆ پاڵپشتیکردنی خەڵك و بەرەو پێشچوونی بوارەکانی ژیان و هەلی کارو وەرزش و ئەنجامدانی دەیان پرۆژەو کاری وەبەرهێنان لەپارێزگای هەولێردا رەخساند، بەگشتی باسی ئەو بودجەیەم کرد کە لەکابینەی چوارو پێنج لەشاری هەولێر خەرجکراوە کە بڕی ٤ ملیار دۆلار بووە، لەم بڕە پارەیەش دا ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی خەرجکراوەو پرۆژەکانی ئاوو کارەباش پشکی گەورەیان بەرکەوتووە.

هەروەها لەتەوەرێکی سمینارەکەی زانکۆی تەفت باسم لەرۆڵی ئافرەتی کورد کردووە کەچۆن ئەمڕۆ لەکاری ئەمنی و پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتییان کار دەکەن.

### قەبارەی وەبەرهێنان لەپارێزگای هەولێر ٨ ملیار دۆلارە

**گوڵان:** ئایا تاچ رادەیەك لەسمینارەکەدا ئاماژەت بەوەبەرهێنان کردووە، پێت وانییە بیزنسکارو سەرمایەداری کوردستانی بەتایبەت لەهەولێر هەنگاوی گەورەیان بەرەو پێشەوە ناوە، ئایا قەبارەی وەبەرهێنان لەم پارێزگایەدا چەندە؟

**نەوزاد هادی:** لەسمینارەکەدا رۆڵی وەبەرهێنانم لەپێشخستنی هەولێر نیشاندا، کە ٨ ملیار دۆلار خراوەتە بواری وەبەرهێنان و زۆربەشی لەلایەن خودی وەبەرهێنەرانی نێوخۆییەوەیە. وەبەرهێنەرانی هەولێرو کوردستان بەگشتی لەشارەکانی تری عێراقیش هەر لەبەسرە تا بەغدا وەبەرهێنان ئەنجام دەدەن، بۆ بونیاتنانی ژێرخانی شارەکانی تری عێراق، ئەمەش نیشانەو پێوەرێکی باشە کەچۆن توانیومانە هانی وەبەرهێنەران بدەین و کار ئاسانییان بۆ بکەین تاوەکو زیاتر کارو پرۆژەی وەبەرهێنان ئەنجام بدەن.

**گوڵان:** بەڕێزت لە کوێ خەڵات کرایت؟

**نەوزاد هادی:** لەدوای تەواوبوونی سمینارەکە سەردانی پەیمانگای پێگەیاندنی سەرکردە جیهانییەکانم کردوو، لەم پەیمانگەیەدا وەکو پارێزگار بۆ سەرکەوتن لەئیدارەو تەکنوکرات و بەرەوپێشبردنی هەولێر ڕێزم لێنرا، لەواشنتۆنیشەوە پێوەندیم پێوەکرا تاوەکو بچمە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، لەوێش خاتوو مۆلی ڤی بەڕێوەبەری عێراق لەوایت هاوس و لەئەنجوومەنی نەتەوەیی ئەمەریکییە لەگەڵ جۆن پرۆسەر بەڕێوەبەری کاروباری عێراق لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاو چەند کەسێکی تری شارەزا ئامادەبوون لەپاشان قوباد تاڵەبانی نوێنەری کوردستان لەئەمەریکا هات، لەکۆبوونەوەیەکدا کە ئەوەی زۆر گرنگ بوو خاتوو مۆلی وتی : ئێستا هەولێر دیزڵی لاندی (Disney land) ی عێراقە، لەوێش باسی ئەو سەرکەوتنەی هەولێرم کردوو پێیان باش بوو بۆ شارەکانی تری عێراق سوود لەو ئەزموونە وەربگرن، تاوەکو عێراق لەم قۆناغە خراپەی تێیدایە بچێتە قۆناغێکی دیکەی باش و ژێرخانی بەهەموو سێکتەرەکانەوە بونیات بنرێتەوە.

لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاش پرێس کۆنفرانسێکم بۆ سازدرا، تێیدا چەندین کەناڵی عەرەبی و بیانیی ئامادەی بوون و باسی گۆڕانکارییەکانی هەولێرو بەرەو پێشبردن

و سەرکەوتنی ئیدارەکەی کرا، پرسیاریش لەبارەی رۆڵی گرنگی سەرۆکی هەرێم لەسەر ئاستی سیاسی لەعێراق و هەوڵدانی بەرێزیان لە لێکنزیکبوونەوەی پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق کرا.

## هەولێر بۆتە ناوەندێکی پزیشکی گرنگ بۆ هەموو عێراق

**گوڵان:** باست لەپێوەرەکانی سەرکەوتنی پارێزگای هەولێر کرد، ئایا لە لای ئەوان پێوەری سەرکەوتن چی بوو؟

**نەوزاد هادی:** سەرەتا نیشانەی هەموو سەرکەوتنێك داتاو زانیارییەکان دەریدەخەن، ئێمە لەوێ بەداتاو زانیارییەکان قسەمان دەکردوو خۆشیان شارەزاییان لەزۆر بواردا هەبوو، ئێمە بودجەی پارێزگامان بەشەفافییەت خستەروو، کە بڕی پارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ١٧٪کە دراوەتە هەولێر و بڕی ئەو بودجەو هاوکارییانەی لەلایەن ئەمەریکا بەشداری کردووەو پارەی کۆرییەکان و پرۆژەکانمان نیشانداو بەتێروتەسەل باسمان لێوەکردن، لەلایەکی ترەوە راپەڕاندنی کارو پرۆژە لەهەموو دنیادا ڕێژەییە و ئەمانەشم بەدیکۆمێنت نیشانداو یەکە یەکە سێکتەرەکانی ئاوو کارەبا و پەروەردەو فێرکردن و تەندروستی و ئاوەڕۆ و جوانکاریم . باسکردن، بۆ نموونە باسی ئەوەمان کرد کە لە٢٠٠٣ تەنیا ٣٤ هەزار ئۆتۆمبێل هەبوو ئێستاکە گەیشتۆتە ٤٠٠ هەزار ئۆتۆمبێل ئەمەش نیشانەیە بۆباشبوونی داهاتی تاکەکەسی و بژێوی ژیانی هاووڵاتییانی پارێزگاکەیە، هاوکات لەبواری نیشتەجێبوون لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا ٦٠ هەزار خانوو لەلایەن شارەوانییەوە مۆڵەتی پێ دراوەو سەدان گوند تۆڕی کارەبای نیشتمانییان بۆ راکێشراوە.

بەمشێوەیە هەموو سێکتەرەکانی تر بەداتاو زانیاری پێویست خرانە روو. سەرەڕای ئەم دەستکەوت و پرۆژانە باسی گرفت و کەموکورتییەکانیشمان کرد کە لەداهاتوودا بەرنامەو پرۆژە بۆ چارەسەرکردنیان ئامادەکراوە.

هەولێر لەلای ئەمەریکیەکان واتا ناوەندێکی گرنگی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و جێی بایەخ و گرنگیدانیانە بەتایبەت بوونی ژمارەیەکی بەرچاوی کۆمپانیا بیانی و نێوخۆییەکان و بوونی حەڤدە کونسوڵییەت و باڵیۆزخانە و سەنتەرو ناوەندی ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی تێیدا، ئەمە جگە لەبوونی دەیان کەناڵی جیا جیای میدیای ئازادو حزبی و حکومی و ڕێکخراوەیی،



**لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا ٦٠ هەزار خانوو لەلایەن شارەوانییەوە مۆڵەتیان پێ دراوەو سەدان گوند تۆڕی کارەبای نیشتمانییان بۆ راکێشراو**




**پاڵپشتی و پشتگیری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپشت سەرکەوتنەکانی ئیدارەی پارێزگای هەولێرەوەیە**

لەبواری تەندروستیشدا هەولێر دەبێتە ناوەندێکی پزیشکی گرنگ بۆ هەموو عێراق ئەوەتا گەورەترین سەنتەری نەخۆشی دڵ لەم شارەدایەو لەداهاتووشدا چەندین پرۆژەی تری تەندروستی دادەمەزرێت، هەموو ئەمانەش بە نیشانەیەك دادەنرێن بۆ هەڵسەنگاندن و پێوەرێکی باشن بۆ ئیدارەی پارێزگای هەولێر، لەکاتێکدا گەر ئەم کارو پرۆژانە بەراورد بەبەغداو شارەکانی تری عێراق بکەین کە بەشێوەی ئێمە ژێرخانیان وێران نەبوو بوو ئێستاکە بارودۆخی ئێمە زۆر باشترەو پەرەپێدانێکی باش دەستی پێکردووە گەرچی ئیمکانیاتی ئەوان لەئێمەش زیاترە.

**گوڵان:** لەپشت هەموو سەرکەوتنێکەوە پاڵپشتی و هاوکارییەکی مەعنەوی و ماددی هەیە، ئایا کێ پاڵپشتی و پشتگیری پەرەپێدانی پایتەختی کوردستان بوو؟

**نەوزاد هادی:** هۆکارو پاڵپشتییەکان زۆرن ؛ رۆڵ و پشتگیری بەڕێز سەرۆك بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و رۆڵی رێزدار نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکابینەی پێنج، هەروەها رۆڵی وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرو فەرمانبەرانی حکومەتەکەمانە، بەڵام پاڵپشتی و پشتگیری خودی هاووڵاتییان نەبێت من وەکو پارێزگاری شارێکی وا گەورە نەمدەتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنم، هەورەها هاوکاری و دڵسۆزی دەزگا ئەمنییەکانە کە توانیویانە سەروماڵی هاووڵاتییان بپارێزن، لەم رووەشەوە دیسانەوە پاڵپشتی هاوڵاتییان زۆر گرنگ بوو کە وایکرد ئارامی و ئاسایشی پایتەخت پارێزراو بێت.

پشتگیری و جێبەجێکردنی یاسا جێی دەستخۆشی دانیشتووانی هەولێرە کە بەو پەڕی دڵسۆزی و دوور روانینەوە رێزیان لەیاسا گرتووە. چەندین هۆکار هەیە کە وایکرد لەدوای یەکی شوبات ژینگەیەکی لەبار دروست بێت بۆ سەرکەوتنی ئیدارەی هەولێر، بەتەئکید پشتگیری و بەدواداچوونی شەخسی رێزدار نێچیرڤان بارزانی بەتایبەتی لەهاوکاریکردنی ماددی و مەعنەوی و دانانی بودجەیەکی تایبەتی بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی هەولێر، ئەمەش رۆڵێکی یەکجار گەورەو بەرچاوە نەك تەنیا بۆ پارێزگای هەولێر بەڵکو بۆ پارێزگاکانی ترو وەزارەتەکانیش. بەڕێزیشیان دەرئەنجامی بەرنامەو کارو پرۆژەکانی بینیوە بۆیە پاڵپشتی زیاتری کردووم.

**گوڵان:** ئایا چۆن دەتوانرێت ئەزموونی هەولێر لەئیدارەکردنی شارو پێشکەوتنی پرۆژەکان بگوازرێتەوە شارەکانی تری عێراق، لەم رووەوەچ هەنگاوێکی پراکتیکی نراوە؟

**نەوزاد هادی:** چەند ساڵە نوێنەرانی پارێزگاکان و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی شارەکانی تر هاتوونەتە هەولێرو سمینارو وۆرگ شۆپ لەلایەن حکومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئێمە لەهەولێر سازدراوە، نموونەو ئەزموونی خۆمانمان نیشانداون و بۆمان باسکردوون و سەردانی فەرمانگەو یەکە ئیدارییەکانی هەولێریان کردووەو ئالییەتی پێوەندی و هاوکاریمان نیشانداون لەهەموو سێکتەرەکاندا چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانمان بۆ شیکردوونەتەوە.

لەلایەکی ترەوە ئێمە سەردانی شارەکانی تریشمان کردووە کە لەم دواییەدا سەردانی شاری بەسرام کردوو لەمەراسیمی کردنەوەی شیراتۆن ئامادەبووین، چونکە بەشێکی ئەو پرۆژەیە لەلایەن وەبەرهێنەری ئێمەوە ئەنجامدراوەو ژمارەیەکی زۆری بیزنسکارو وەبەرهێنەرانی کوردستانی لەهەولێرەوە چوونەتە بەسرە، ئەمەش هاندانێك بوو بۆ ئەوەی بیزنسکارو وەبەرهێنەرەکانمان لەشارەکانی تری عێراق وەکو وەبەرهێنەر کار بکەن کە ئێستا لەبەسرەو نەجەف و دیالەو بەغدا بیزنسکاری کوردستانی کارو پرۆژەی باش ئەنجام دەدەن. ئەم بارودۆخە نیشانەی هاندان و پاڵپشتی کردنی حکومەت و ئیدارەی کوردستانییە بۆ وەبەرهێنەران، چونکە مومکین نییە بێ پاڵپشتی و پشتگیری وەبەرهێنەرو کەرتی تایبەت بۆ پێشەوە بچن ئەمە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووە.

## هەولێر بەستنەوەی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیایە بۆ ئەوروپا

**گوڵان:** پێش ماوەیەك لەمەوبەر باستان لەپرۆژەیەکی گرنگی های وای و هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر کرد کە لەڕێگای هەولێرەوە عێراق دەبەستێتەوە بە تورکیاو ئەوروپای پێشکەوتوو، هاوکات لەبەسراشەوە



> **لە٢٠٠٣ تەنیا ٣٤ هەزار ئوتومبێل لەپارێزگای هەولێر هەبوو ئێستاکە گەیشتۆتە ٤٠٠ هەزار ئوتۆمبێل، ئەمەش باشبوونی داهاتی تاکەکەسی نیشان دەدات**

عێراق دەبەستێتەوە بەباشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاوە؟

**نەوزاد هادی:** لەمەراسیمی کردنەوەی شیراتۆنی بەسرا کە وەزیری گواستنەوەی عێراقی فیدرال ئامادەی بوون لەوتارەکەی خۆم تەئکیدم لەم ڕێگا ستراتیژییە گرنگە کردەوە، کە لەبەسراوە بەعێراق و بەکوردستاندا دەچێتە تورکیاو لەوێش بۆ ئەوروپا، ئەمەش بەستنەوەی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیایە بۆ ئەوروپا کە ڕێگایەکی بەدیل دەبێت لەبری کەناڵی سوێس، ئەمەش سوودێکی زۆری بۆ هەموو بەشەکانی عێراق دەبێت، وەزیری گواستنەوەی عێراقیش پشتگیری لەم پرۆژەیە کرد.

**گوڵان:** لەکۆنفرانسەکەی ئەمەریکا ئاماژەت بەوە کردبوو کە ١ی شوباتی هەولێر وەکو ١١ سێپتەمبەری ئەمەریکا وایە، ئایا ئەو کارەساتە دڵتەزێنە چۆن وای لە خەڵکی هەولێرو ئیدارەکەی کرد ئەو کارەساتە ناخۆشە بکەن بەوەرچەرخانێك بۆ ئەوەی دووبارە دەستی تیرۆر نەگاتە شارەکەو گۆڕانکاری لەبارودۆخی ژیانی هاووڵاتییان بکرێت؟

**نەوزاد هادی:** بەراوبۆچوونی من لاپەرەیەکی تازە بوو دوای روخانی سەدام؛ ئێمە بەرامبەر بەدوژمنەکانمان و ئەو جینۆسایدەی بەسەرماندا هاتبوو وامان دەزانی دوژمنمان نەماون، یەکی شوبات بەئاگای هێناینەوە لەرۆژێکی وا پیرۆزو لێبووردەیی و گەردن ئازاییدا دەستی رەشی تیرۆرستان گەیشتە رۆحی کۆمەڵێك پیاوی جوامێرو مرۆڤ دۆست و سەرکردەی گەلەکەمان و شەهیدیان کردن، بۆمان دەرکەوت هێشتا دوژمنی گەلەکەمان هەیەو دەبێت بەیەك دەست کاربکەین، بۆیە هاووڵاتییان پاڵپشتیان کردین و پشتگیری هەنگاوەکانمانیان کرد تاوەکو شارەکەو کوردستان بەرەو پێشەوە ببەین، بۆ ئەوەی جارێکی تر منداڵەکانمان بێ باوك نەمێننەوەو چیتر سەرکردەو مرۆڤدۆستەکانمان شەهید نەکرێن، ئەمەش بوو کە وایکرد هەموو ئەوانەی دانیشتوانی هەولێرن پاڵپشتیمان بکەن و گۆڕانکارییەکی وا گەورە لەهەموو سێکتەرەکان رووبدات، ئێستاکەش دەبێت زیاتر چاو کراوە بین، چونکە تیرۆر سنووری نییەو ناحەزانی کوردستان کەم نیین.

## هەولێر شاری پێکەوە ژیان و لێبوردەییە

**گوڵان:** ئەو کارەساتە تیرۆرستییەی بەرامبەر بەکریستیانەکان کرا لەبەغدا لەناو کڵێسەی نەجات، کە تێیدا ژمارەیەك لەمەسیحییەکان تیرۆر کران و رووبەرووی توندوتیژی بوونەوە، سەرنجی خەڵك وایە کوردەکان نەك تەنیا بەرامبەر کارە تیرۆرستییەکەی ١ ی شوبات هەڵوێست وەرگیرا، بەڵکو بەرامبەر کەمینەو هەموو پێکهاتەکانی تری عێراق هەڵوێست وەردەگرن و ئیدانەی دەکەن و هاوکاری قوربانییەکان دەکەن، ئایا کریستیانەکانی کە کۆچیان کردووە بۆ کوردستان ئێوە تاچەند هاوکاری و یارمەتییان دەدەن؟

**نەوزاد هادی:** لەچەند ساڵی رابردوودا بەهەزارەها خێزان لەکریستیانەکان کۆچیان بۆ کوردستان کردووە، چونکە کوردستان جێی پێکەوە ژیان و لێبووردەییە، بەشی زۆریان لەکریستیانەکان خەڵکی کوردستانن و لەکاتی خۆیدا چوونەتە بەغداو شارەکانی تری عێراق، ئێمە کە لەدەستووری عێراق هاوبەشین هەرکەسێك رووبەڕووی توندوتیژی و تیرۆر ببێتەوە لەکوردستان پێشوازی لێدەکەین و هاوکاری دەکەین، جگە لە برا کریستیانەکان ژمارەیەکی زۆری برا عەرەبەکان و کوردەکانی موسڵ و ناوچە دابڕاوەکان کە رووبەرووی توندوتیژی بوونەتەوە روویان لەهەولێرو شارەکانی تری کوردستان کردووە، ئێمە دژی هەموو کارو کردەوەیەکی تیرۆرستین کە کارێکی قێزەوەن و دژ بەمرۆڤایەتییە.


> **جگە لە برا کریستیانەکان ژمارەیەکی زۆری برا عەرەبەکان و کوردەکانی موسڵ و ناوچە دابڕاوەکان کە رووبەرووی توندوتیژی بوونەتەوە روویان لەهەولێرو شارەکانی تری کوردستان کردووە**

لەسمینارەکەی زانکۆی تەفت لەئەمەریکا ئاماژەم بەوە کردووە کە لەهەولێر موسڵمان و مەسیحی و یەزیدی و کاکەیی و هەموو ئاینێکی تر هەیەو بەتەبایی و ئاسوودەیی پێکەوە دەژین، دەتوانین بڵێین هەولێر شاری لێبووردەیی و پێکەوە ژیانە، هەروەها باسی (تۆماس فریدمان)م کرد کاتێك هاتبووە هەولێر نووسیویەتی و دەڵێت:(( ببینە ئەم شارە(هەولێر) عێراقە، خەڵکی پێکەوە دەژین و ئایینی جیاواز هەیەو یەك ئەمەریکی لەم شارە خوێنی نەڕژاوە، ئەمە خەون نییە، ئەمە راستییە)).

**گوڵان:** بابێینەوە سەر بوارەکانی خزمەتگوزاری و ئەنجامدانی پرۆژەکانی ٢٠١١ ئایا وەکو پارێزگا بەرنامەو پلانتان بۆ ساڵی داهاتوو چییە؟

**نەوزاد هادی:** بەردەوام دەبین لەسەر


The New Silk Road
shield to protect everybody & benefit
everybody
ieve in & our policy is based on: Peace,
Commerce, Economy, & Development



ئەو پرۆژانەی لەساڵانی ڕابردوو دەست بەجێبەجێکردنیان کراوە لەسەرجەم سێکتەرەکان، ئەمەش نەك تەنیا لەسەنتەری شار بگرە لە قەزاو ناحیەو گوندەکانیش، واتا بەچاوێکی یەکسانانەو دادپەروەرانە دەڕوانینە ئەنجامدانی پرۆژەکان، هەروەها بۆ جوانکردن و نۆژەنکردنەوەی سەنتەری شار و کاروباری تەرمیمی شوێنەواری قەڵا بەهاوکاری ڕێکخراوی یونسکۆو کۆمپانیایەکی ئیتاڵی و شارەوانی و شوێنەوار بەردەوام دەبین.

هەروەها دەرگای ئێستای قەڵا تێکدەدەین و دەیگەڕێنینەوە بۆ سەر دەرگا ڕەسەنەکەی خۆی، هاوکات بۆ جوانکاری قەڵاو پاراستنی دەوروبەری چەند بینایەیەك و شوێنێك لادەبەین وەکو بینایەی پارێزگاو دادگاو لەشوێنی ئەو بینایانە پرۆژەی جوانکاری ئەنجام دەدەین.

بۆ هەموو پرۆژەکان هەماهەنگی هەیە لەنێوان بودجەی پەرەپێدان و وەزارەتەکان.

**گوڵان:** ئەی بۆچی پرۆژەکانی ٢٠١٠ لەهەولێر بەراورد بەساڵانی ڕابردوو کەمتر بووەو پرۆژەی گەورەو ستراتیژی وەکو جاران نابینرێت؟

**نەوزاد هادی:** پرۆژەکان کەمتر نییە، بەڵکو دەستپێکردنی پرۆژەکان دواکەوتوون، تەنانەت چۆنیەتی هەنگاونانی جێبەجێکردنی پرۆژەکان کاریگەری لەسەر ئەم دواکەوتنە هەیە.

ئەو پرۆژانەی کە لەهاوڵاتییانەوە نزیکە زیاتر دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت بۆ نموونە دوو سایتی ڕێگای کۆڕێ بۆ قەندیل پرۆژەیەکی ستراتیژی و گەورەیە کە لەبودجەدا ١٧٢ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، بەڵام خەڵکی ڕاستەوخۆ هەستی پێ ناکەن وەکو نەبوونی کارەبا لەگەڕەکێکدا یا گوندێکدا هەروەها ئەمساڵ پارسەنگی دابەشکردنی بودجە کەمێك بڵانسی تێدا نەبوو، بۆ نموونە پتر لە٣٧٠ گوندمان مابوو تۆڕی کارەبای نیشتمانی بۆ ببەین، بەڵام لەبەر ئەو دابەشکردنەی بودجە کە بەپێی پێویست نەکرا پتر لە ١٠٠ گوند توانرا تۆڕی کارەبای نیشتمانی بۆ ببرێت. خزمەتگوزارییەکانی تریش بەمشێوەیەیە. من پێم وایە پارسەنگ لەنێوان پرۆژە گرنگ و ستراتیژییەکان و لەگەڵ پرۆژە بچووکەکان و مامناوەندییەکان نەبووە، بۆیە وادیاردەبێت کە ئەنجامدانی پرۆژە کەمترە، ئەمە جگە لەوەی داواکاری خەڵك گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهاتووەو جاران بە کارەبای مۆلیدە ڕازی بووەو ئێستا کارەبای نیشتمانی دەوێت و خواست و داواکارییەکان زیادی کردووە.

**گوڵان:** ئایا بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر کەمتر بووەتەوە؟

**نەوزاد هادی:** بودجەکە کەمتر بووە؛ ئەو بودجەیە وەکو ژمارە لەبەغدا دادەنرێت لەهەرێمی کوردستان زیادکرا، بەڵام بەراورد بەساڵانی ڕابردوو کەمترە، ساڵانی پێشتر ئەو پرۆژانەی لەپێداویستی هاووڵاتییان نزیکبوو بەبودجەکە ئەنجام دەدرا، بەڵام ئێستا بەو خێراییە بەو بودجەیە ناتوانرێت بەپێی پێویست پرۆژەکان جێبەجێ بکرێت.

**گوڵان:** سەبارەت بەپرۆژەو بەرنامەو کارەکانی پارێزگا بۆ شاری کۆیەو دۆڵی بالیسان چی کراوە؟

**نەوزاد هادی:** بۆ شاری کۆیە ژمارەیەکی زۆری پرۆژە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە کە بڕی ١٠٠ ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، کە ئەمەش لەڕێگای بودجەی پەرەپێدان و وەزارەتەکانەوەیە پرۆژەکان زۆر گرنگ و ستراتیژییە، هاوکات کارو پرۆژەشمان بۆ دۆڵی بالیسان لەبەردەستدایە.

**گوڵان:** یەکە ئیدارییەکان لەگرفت و داواکارییەکانی هاوڵاتییانەوە نزیکن، ئایا تا چ ڕادەیەك وەزارەتەکان کار ئاسانی بۆ بەڕێزتان دەکەن ؟

**نەوزاد هادی:** وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ڕێژەییە واتا لەوەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێکی ترو لەنێوان بەڕێوەبەرێکی گشتی بۆ بەڕێوەبەرێکی تری گشتی جیاوازی هەیە، بەتەئکید گرفت و کێشەمان لەگەڵ هەندێك وەزارەت هەیە.

**گوڵان:** وەکو دەبینرێت کۆمپانیای جەنائین لەکارەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون یان بابڵێین ڕەخنەو گلەییەکی زۆریان هاتە سەر، بەرنامەی ئێوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە چییە؟

**نەوزاد هادی:** کاتی خۆی وەزارەتی شارەوانی گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیای جەنائین کردووە، نە ئێمە وەك پارێزگای هەولێر و نە وەکو ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر باوەڕمان بەم کارە نەبووە، کە لەوەزارەت بڕیاردرا کاری ئێمەو پاڵپشتی ئێمە تەنیا بۆ سەرکەوتنی کارەکە بووە، ئامانجی ئێمە پاکوخاوێنی شارەکەیە، بەڵام کۆمپانیاکە لەو ئاستە نەبوو گرفت دروست بوو ناچار بۆ چارەسەرکردنی چووینە ناو گرفتەکەو لیژنەیەکمان بەسەرۆکایەتی قایمقامی هەولێر دانا، تاوەکو سەرپەرشتییان بکات و بەدواداچوونیان هەبێت.

ئێستا شارەوانی (ناوەندوو ٤)مان لێوەرگرتنەوەو ئامێرو ئۆتۆمبێلمان بۆ دابینکردون و بەڕێکوپێکی کارەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن، لەدانانی کارگەی ریسایکلین بۆ سوود وەرگرتن لەزبڵ و خاشاك سەرکەوتوو نەبوون، ماوەی گرێبەستەکەیان کە پاکوخاوێنکردنەوەی ناو شارەو زۆری نەماوەو کۆتایی دێت لەگەڵ بەڕێز وەزیری شارەوانی گفتوگۆمان کردووەو دووبارە ئەم کارە بدرێتەوە تەندەرات.

**گوڵان:** ژمارەی دانیشتووانی هەولێرو پارێزگاکە زیادیکردووە بۆچی وەکو پێویست نەخۆشخانەی پسپۆڕی کەمتر دەبینرێت بە نموونە نەخۆشخانەی شێرپەنجە؟

**نەوزاد هادی:** گەورەترین و باشترین سەنتەری دڵ لەسەر ئاستی عێراق لەهەولێر هەیە، نەخۆشخانەیەکی ئێمرجینسی گەورە بەهاوبەشی لەگەڵ ئەمەریکا لەکۆتایی گەڕەکی نەورۆز دروستکراوە کە ئەمەریکا ١٤ ملیۆن و ئێمە ٩ ملیۆن دۆلارمان بۆ تەرخانکردووە، نەخۆشخانەیەکی تری فریاکەوتن لەتەنیشت نەخۆشخانەی رزگاری لەسەر بودجەی کۆرییەکان دروست کراوە، ئەمساڵیش لەشاری هەولێر لەگەڕەکی باداوە نەخۆشخانەیەکی گەورەی لەدایکبوون و منداڵان دروست دەکەین لەشاری سۆران لەسەر بودجەی ئێمە نەخۆشخانەیەکی نوێ دروستکراوە، هەروەها لەو شارە لەسەر بودجەی کاك نێچیرڤان بارزانی نەخۆشخانەیەکی تر لەژێر جێبەجێکردندایەو چەندین نەخۆشخانەی تر لەشارۆچکەو ناحیەکانی تر کراوەتەوە، بەڵام تاکو ئێستا ئیمکاناتی وا گەورەمان لەبەردەستدا نەبووە بۆ هەموو نەخۆشییەك نەخۆشخانەو سەنتەرێکی پێشکەوتوو دروست بکرێت.

بوونی حەڤدە کونسولییەت و باڵیۆزخانە و سەنتەرو ناوەندو ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و دەیان کەناڵی جیا جیای میدیا نیشانەیەکن بۆ پێوەری ئیدارەیەکی باش لەپارێزگای هەولێر

# لەگەڵ
# ئیسماعیل بێشکچی دا

یەکێ لە وێستگەکانی ئەو گەشتەم بۆ ئەنقەرە، بینینی گەورە نووسەری تورك ئیسماعیل بێشکچی بوو، دەمێکە حەزم دەکرد بە دیداری ئەو کەڵە ئینسانە شادبم، ئاخر ئەو جیاوازە لە هەموو نووسەر و رۆشنبیرانی تر، ئەو بە رەچەڵەك تورکە کەچی هەموو بیرکردنەوەکانی تەنانەت دەکرێ بڵێم هەموو تەمەنی پێشکێشی کورد و دۆزە رەواکەی کردووە، کەسێك بە رەچەڵەك تورك بێ و لە پێناو کورد (١٧) حەڤدە ساڵی تەمەنی لە نێو تاڵی و تفتی زیندان بردبێتە سەر، کەسێك لە نێوتورکیا بژی و بەردەوام قسە لە رەوایی مەسەلەی کورد بکات و بەگژ کۆی ئەو سیاسەتە ناواقیعیەدا بچێتەوە کە پێی وایە کورد میللەت نییە، کەسێك لەپێناو بیروڕاکانی ژیانی ئەودیو شیشەکانی زیندان هەڵبژێرێ تەنیا لە پێناو ئەوەی بە تورك و دنیا بڵێ کورد میللەتێکە مافی ژیانی هەیە، دەبێ ئێمەمانان بەچ قودسیەتێکەوە بچینە دیداری و لەبەردەمیدا بوەستین!؟..

دیدارەکەمان خودی ئێوارەی ٢٠١٠/١٠/٢٥ بوو، بەڵام من و هاوڕێیەکەم(کاك شیار) کە کوڕێکی دڵسۆز و رووخۆش و بەسەلیقەیە کەمێك زووتر لە وادەی دیدارەکە چووینە ئەو شوێنەی کە ئیسماعیل بێشکچی تیایدا چاوەڕێمانی دەکرد، ئەو شوێنە کتێبخانەی چارچرا(carcra) بوو کە دەکەوێتە نزیك شەقامی بەنێوبانگی (قزلای) مەبەستمان لە زووچوونەکە بەسەرکردنەوەی ئەو کتێبخانەیە بوو کە ئەو چاپەمەنی و کتێبانە دەفرۆشێت کە تایبەتن بە پرسی کورد و خەبات و کەڵچەرو ئەدەبیاتی کوردی!، بەڵام کە چووینە ژوورەوە مامۆستا ئیسماعیل بێشکچی لەوێ دانیشتبوو.. کەوتینە قسەکردن و گفتوگۆ، کاك شیار تەرجەمەی بۆ دەکردین و بەرلەوەی من پرسیار بکەم بێشکچی چەندین پرسیاری لێ کردم لەبارەی رەوشی باشووری کوردستان،گرنگترین پرسیار کە من لای خۆم هەڵمگرتبوو دەمێکیشە پێیەوە خەریکم، لەدەرفەتێکدا لێیم پرسی:

سالار عوسمان ئەنقەرە





**پ: دەعوەتی زۆرت لە باشووری کوردستانەوە بۆ هاتووە، کوردەکانیش زۆر تامەزرۆی ئەوەن سەردانی باشوور بکەیت و لە نزیکەوە بتبینن کەچی تا ئێستا نەهاتووی، دەتوانم لێت بپرسم بۆ ناچیتە کوردستان؟**

و: (پێکەنی و وەڵامێکی نەدامەوە!!)

**پ: ئایا لە ئایندەشدا بە نیاز نیت؟**

**و:** ( پێکەنی و ئەمجارەشیان هیچ وەڵامێکی نەدامەوە!!!)

دەمزانی ناتوانێ، یا نایەوێت بەرسڤی ئەم پرسیارە بداتەوە، بۆیە لە دیداری ئەویشدا نەگەیشتمە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ماوەیەکی زۆرە پێیەوە ماندووم!!..

**ئەو پرسی : سەرژمێری بۆ دواکەوت؟**

**من وتم :** دواکەوتنەکە لە دژی کوردە و دەستێکی سیاسی لە پشتەوەیە!

**بیشکچی:** کورد لە نێوان (مالکی) و (علاوی) کامەی پێ باشترە؟

**وەڵام :** ئێمە وەک کورد ڕێز لە هەموو کەسایەتیە سیاسیەکان دەگرین بەڵام گرفتی ئێمە کەسەکان نین، گرفتی ئێمە پرۆژەی سیاسی لایەنەکانە، کامە پرۆژە داخوازیەکانی کورد جێبەجێ بکات ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێکدەکەوین!..

**بیشکچی:** ماددەی ١٤٠ چی لێ دێت؟

**وەڵام:** ١٤٠ ماددەیەکی دەستوورییە، کورد تا پێی بکرێ هەوڵی جێبەجێکردنی داوە و عەرەبیش تا پێی بکرێ جێبەجێی ناکات!!..

**من لێم پرسی:** پێوەندی هەرێمی کوردستانی عیراق و تورکیا چۆن دەبینی؟

**بیشکچی:** بازرگانی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە نزیکبوونەوەی سیاسی!

**پ: بەڵام ئێمە لە ئاستی سیاسیش پێوەندی لە نێوانماندا هەیە..**

**بیشکچی:** ئەگەر بازرگانی لە نێوان دوو لایەن پێشکەوت پێوەندی سیاسیش پێش دەکەوێ.

ئەو پرسیاری کرد: (١٧٪)ی پارەی کوردستان وەردەگرن لە بەغدا؟

**وەڵام:** بەڵێ، بەڵام مەسەلەی بودجە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بێ گرفت نییە..

**بیشکچی:-** ئەی نەوت بەلای ئێوەی کورد چییە؟

**وەڵام :** نەوت بەلای ئێمەوە مافێکی دەستووریە..پارەکەش دەچێتەوە بەغدا و دواتر بڕی ١٧٪ی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت.

**بیشکچی:** ئەی ناوچە کێشە لەسەرەکان؟

**وەڵام:** پەیوەستە بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، ئێمە واز لە ناوچەکانی خۆمان ناهێنین.

**بیشکچی:** منداڵەکانی خۆتان فێری پیتی لاتینی دەکەن؟

**وەڵام:** خەریکە سەرەتایەک دەست پێ دەکات بەڵام لە ئاستی پێویستدا نییە.

**لێم پرسی :** ڕەوشی باشووری کوردستان چۆن دەبینی؟

**بیشکچی:** بەردەوام لە پێشکەوتن دایە بەڵام کاری زۆرتان لەبەردەم ماوە.

**پ: چی بکەین باشە؟**

**بیشکچی:** (بەزەردەخەنەیەکەوە) بە هەموو شت بڕوامەکەن، ئێوە ئێستا لە نیوەی ڕێگاکەدان.. من خەریک بووم پرسیارەکانی ترم بکەم کۆمەڵێك قوتابی کورد هاتنە کتێبخانەکەو بەدوای هەندێ سەرچاوە و کتێبدا دەگەران، ئەوەی منی بەختەوەر کرد قوتابیەکان بە کوردی قسەیان دەکرد و پرسیاری کتێبی ( مەم و زین)یشیان دەکرد، لەپڕ تەلەفۆنێك بۆ کاك(شیار)ی هاوڕێم هات و پێی وتم کە ئەوان (کۆمەڵێك هاوڕێی ترمان) چاوەڕێی ئێمەن و دەبێ بە زوویی بەڕێبکەوین بۆ فرۆکەخانە تا بگەڕێینەوە بۆ ئامەد، بە داوای لێبووردن و سوپاسی زۆر و حورمەتی بێ پایانەوە مامۆستای گەورە ئیسماعیل بیشکچی-مان جێ هێشت و سوپاسێکی گەرمی کاك فتاح-ی خاوەنی کتێبخانەکەشمان کردو ڕۆیشتین.!


كنيسة ماريوسف الكلدانية

دوای هەشت مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکانی ئاداری رابردوودا

# عێراق لەبازنەی تەنگژە سیاسییەکانەوە بۆ بازنەی هەڵکشانی کارە تیرۆریستییەکان



**ئەو حکومەتەی نەزانێت کەمایەتی بپارێزێت تەنیا ئەوە دەڵێم حکومەتێکە خێری بۆ کەمایەتییەکان نییە**

هاوکات لەگەڵ بەردەوامی تەنگژە سیاسییەکان و پێکنەگەیشتنی لایەنەکان بۆ ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش کارە تیرۆیستییەکان لەزیادبووندان و ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو گەیشتە ئەو ئاستە لەبەغدا کە ناوی بنێن سێشەممەی خوێناوی، دەستدرێژییەکی گەورە کرایە سەر کەنیسەی نەجات لەبەغدا، لە ئاکامدا ٤٦ کەس شەهیدکران و زیاتر لە ٦٠ کەسیش بریندار




یوحننا سلێمان
لە کەنیسەی مار بولص لەبەغدا بۆ گوڵان:

# دوای ئەو ڕووداوە گەورەیەی سێشەممەی ڕابردوو د.مالیکی تەنیا سەردانی کەنیسەی نەجاتی نەکردووە

بوون، ئەم ڕووداوە کە ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ شەڕی ئایینی دژ بە مەسیحییەکان لەعێراقدا لەهەمانکاتدا زەنگێکیشە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە لەدەست دەربچێت.

سەبارەت بەم کارەساتە دڵتەزێنە، قەشە یوحننا سلێمان لە کەتدرانیەی مار بولص لە شەقامی سەناعەی بەغدا سەبارەت بەو هەڵکشانەی کارە تیرۆریستییەکان بەمجۆرە بۆ گوڵان ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (سەرەتا پێم سەیرە دەڵێی ئەم ڕووداوە هەڵکشان یان پێشهاتی ئەمنین، بەڵکو ئەمانە شکستی ئەمنین، دووەمیش ئەو حکومەتەی نەزانێت کەمایەتی بپارێزێت تەنیا ئەوە دەڵێم حکومەتێکە خێری بۆ کەمایەتییەکان نییە، بەشێوەیەکی گشتی ئێمە وەك مەسیحی گلەییمان هەیە، چونکە ڕۆژێ دوای ڕووداوەکەی کەنیسەی (سیدە النجاە) چەندین تەقینەوە لەبەغدا ڕوویاندا د.ئەلمالیکی سەردانی هەموو بریندارەکانی ئەم تەقینەوانەی کرد، ئێمە هیوامان دەخواست بەرپرسێك لە تەلەفزیۆن دەرکەوێت و تەنیا بە وشەیەك دڵمان بداتەوە، کەچی هیچیان ئەمەیان نەکرد، ئەمە چ حکومەتێکە، ئەمە چ گرنگیدانێکە بە کەمایەتییەکان، ئایا ئەمە پاداشتی کەسانێکە کە خێرو خۆشی بۆ وڵاتەکەی بوێت و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازێت.

ئێمە دوێنێ نەهاتووین لەم وڵاتە نیشتەجێ بین، ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتەین و هیچ زیانێکمان بۆ کەس نییە، تەنیا دەمانەوێت سرووتە ئایینییەکانی خۆمان ئەنجام بدەین کە ئەمەش مافێکی سرووشتی خۆمانە و هەر مرۆڤێك ئازادی خواپەرستی خۆی هەیە و پێویستە لێی بێبەش نەکرێ.

ناکرێ حوکمی کوشتن لەسەر هیچ کەسێك بدرێت بەوەی کەسانێك لەمیسر شتێکیان نووسیوە یان لە ئەمریکا و دانیمارك داوای سووتاندنی شتێکیان کردبێت، سەرەڕای ئەو نەهامەتی و ناخۆشی و دەردەسەریانەی ئێستا لەعێراق هەیە، نازانم بۆچی هەر شتێك دژ بە ئیسلام بوترێت یان بکرێت لە هەر شوێنێکی دنیا ئێمە لە عێراق باجەکەی بدەینەوە، دەمەوێ بزانم ئەو کەسەی ئەم کردەوە قێزەونەی ئەنجامداوە مەبەستی چییە و چ پەیامێکی هەیە تا بیگەیەنێت، چی لە کەسانێکی بێتاوان دەوێ کە لەناو کەنیسەیەکدا خەریکی نوێژ کردنن، ئەگەر خەڵکەکەی بە بارمتە بگرتایە و داوای شتێکی بکردایە تا ڕاددەیەك ئاسایی بوو، بەڵام بەگوێرەی زانیاری ئەو کەسانەی ڕزگار بوون ئەوانەی هێرشیان کردبووە سەر کەنیسەکە بەنیازی خۆ کوشتن هاتبوون و هەموو جەستەیان بە بۆمب تەوقیت کرابوو)).

سەبارەت بەوەی تاچەند ئەم شکستە ئەمنیانە دەگەڕێنەوە بۆ دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت؟ قەشە یوحننا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (ڕاستە پێکنەهێنانی حکومەت تا ئێستا یەکێکە لە خاڵەکان و ئێمەش تا ئێستا سەر و پێمان لە یەکتری جیا ناکەینەوە و نازانین ئەم بارودۆخە بە چ ئاقارێکمان دەبات، سەرکردایەتی هێزە ئەمنییەکان و ژووری عەمەلیاتی بەغدا هەر یەکیان بە ویستی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن، سەرکردایەتیەکی یەکگرتوویان نییە کە ئەرکەکانی پێ بسپێرێت



**لەکوشتندا عێراق ژمارەی پێوانەیی شکاندووە، لە کوشتنی ڕۆژنامەنووس و خەڵکی بێتاوان، لە پێکنەهێنانی حکومەتیش ژمارەی پێوانەییمان شکاندووە**

و فەرمانیان پێبکات، بۆیە دەبینین لەکوشتندا عێراق ژمارەی پێوانەیی شکاندووە، بۆ نموونە لە کوشتنی رۆژنامەنووس و خەڵکی بێتاوان، هەروەها لە پێکنەهێنانی حکومەتیش ژمارەی پێوانەییمان شــکاندووە. واتە بەپێچەوانەوەی هەموو دنیاوە لەهەموو کارە خراپ و بەدەکاندا ژمارەی پێوانەییمان شکاندووە)).

ســەبارەت بەوەشــی هەندێــك لایــەن ئەم کارەساتەی کەنیسەی نەجاتیان وەك کارتێکی سیاسی بەکارهێناوە دژی حکومەتی عێراق، قەشــە یوحننا ســلێمان پێی وتیــن: (ئێمە بەهیچ شێوەیەك دەست ناخەینە نێو سیاسەتی لایەنەکانــەوە و نازانین لە دەوڵەتی قانون یان لە ئەلعێراقییە چی هەیە و چی نییە، چونکە ئەمە رکابەرێتییەکی سیاسییە لەسەر کورسی سەرۆك وەزیران، بۆیە نازانین بۆچی ئەمەیان بارودۆخەکــە دەورووژێنێت و ئەویتریان هێوری دەکاتەوە، بەڵام لەکاتی ناشــتنی قوربانیانی رووداوەکــەی کەنیســەی (ســیدە النجاە) ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسان ئامادە بوون وەك سەید عەممار ئەلحەکیم و بەها ئەلئەعرەجی و عەلی دەبــاغ و چەندانی تر، بۆیە نازانین کێ لەگەڵمانــە و کێ دژمانە، چونکە ئێمە وەك مەسیحی بەهیچ شێوەیەك دەست ناخەینە نێو کاروباری سیاسییەوە تەنیا هەندێك حزب نەبن، بەڵام هەر لەرۆژی ناشتنی قوربانیانی رووداوەکەی کەنیسەی (ســیدە النجاە)ەوە، ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئایینی مەسیحی گلەیی و ســکاڵایەکی زۆریان ئاراســتەی حکومەت کــرد بەوەی نەیانتوانیوە شــوێنە ئایینییەکان بەتایبەتی کەنیسەکان بپارێزن، بۆ زانیاریتان ناوچــەی کەرادە کە رووداوەکەی تێدا روویدا پۆلیســی تەواوی بــۆ دانراوە، هەروەها مەفرەزەی پۆلیســیش بەشێوەیەکی بەردەوام لــەو ناوچەیە هەیە، چونکە کەناڵی فورات لە کەنیســەکەوە نزیکــە و ژمارەیەك ماڵی بەرپرسانیشی لێیە، لە بەرپرسان دەپرسم ئەمانە چۆن بە جلوبەرگی پۆلیســەوە چۆن ئەم ئۆتۆمبیلــە ســەربازییەیان هێنا و ئەم چەك و تەقەمەنییەیان لەکوێ دەســتکەوت؟ لە هەمووش ســەیرتر باجی پۆلیسیان چۆن بۆ دروستکراوە کە گشــت بازگەکانیان پێ بڕی تا گەیشتنە کەنیسەکە، واتە دەتوانم بڵێم دزە کردن هەیە لەنێو دەزگاکانی ئاسایشــی عێراق، بۆیە دەبینین باج و چەك و تەقەمەنی دەفرۆشن بەم کەسانە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە تیرۆریستیانە)).

لەلایەنێکــی دیکە و ســەبارەت بەوەی ئایا ئەم رووداوە تاچەند مەســیحییەکانی تووشی شــۆك کردووە یان کاریگەری ئەوەی هەبێت کە رووداوی لەمجۆرە دووبــارە بێتەوە و بیر لەوەبکەنــەوە زیدی خۆیان بەجێبهێڵن و کۆچ بکەن، یوحننا ســلێمان پێی وتین: ((ناتوانم بڵێم دووبــارە دەبێتەوە یان نــا، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت هەندێکیان دووبارە دەستیان بە کۆچ کــردووە ٧٥٪یان کۆچیان کردووە و ئەو ٢٥٪ی ماوەتەوە لەنێوان بەغدا و کوردستان، لەبەغداش ئەوەندە زۆر نین بەشی هەرە زۆریان



ئەمازیا بارام
تایبەتمەند لە سەر عێراق بۆ گوڵان:

# بۆ کورد ئەوە گرنگە کێ داواکارییەکانی قبووڵ دەکات ئەوە گرنگ نییە کێ دەبێتە سەرۆك وەزیران

لە کوردســتانن، چونکە ناوچەیەکی ئارامە، جگە لەمە ژمارەیەکی زۆر لە مەسیحییەکان ئێســتا روو لە کەنیسە ناکەن، بەڵکو لەماڵی خۆیان ســرووتە ئایینییەکانیان ئەنجام دەدەن، ئەمــەش زیانێکی گەورەیە کە ســەرەتا بەر عێراق دەکەوێت، چونکە تا ئێستا مەسیحییەك زیانی بەکەس نەگەیاندووە، بەڵکو بەدڵسۆزی هەر پۆســت و پلەیەکیان هەبێت خزمەتیان بە عێراق کردووە.

**پێکهێنانی حکومەت و ئاستەنگە سیاسییەکان**

لایەنێکی دیکــەی بارودۆخــی عێراق ئەو ئاســتەنگە سیاســییانەیە کە هەتا ئێستاش چارەســەری بۆ نەدۆزراونەتەوە و هەتا ئێستا لایەنە سیاسییەکان لەسەر یەکلاییکردنەوەی

**لەکاتی ناشتنی قوربانیانی رووداوەکەی کەنیسەی (سیدە النجاە) ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسان ئامادە بوون وەك سەید عەممار ئەلحەکیم و بەها ئەلئەعرەجی و عەلی دەبباغ و چەندانی تر، بۆیە نازانین کێ لەگەڵمانە و کێ دژمانە**

**ئەمانە چۆن بە جلوبەرگی پۆلیسەوە چۆن ئەم ئۆتۆمبیلە سەربازییەیان هێنا و ئەم چەکە و تەقەمەنییەیان لەکوێ دەستکەوت؟**



**مالیکی هێزێکی چەکداری تایبەت بەخۆی پێکهێناوە، ئەمەش بیرۆکەیەکی باش نییە و لە دیموکراسیدا جێی نابێتەوە**



سێ پۆستە سەرەکیەکە رێکنەکەوتوون، بۆ شرۆڤەی بارودۆخی ئێستای عێراق و رۆڵی کورد لەم پرۆسەیەدا، چەند پرسیارێکمان رووبەڕووی هەردوو شرۆڤەکاری سیاسی و تایبەتمەند لەسەر عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردەوە و بەمجۆرە رای خۆیان بۆ گوڵان دەربڕی:

پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام کە یەکێکە لە تۆژە باڵاکانی سەنتەری سابان بۆ دیراسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق لە ئامۆژگای برۆکینگز لە واشنتۆن و هەروەها یەکێکە لە تۆژەرە باڵاکانی سەنتەری سابانی هەمان ئامۆژگا لقی قەتەر، سەبارەت بە بارودۆخی عێراق و رۆڵی کورد لەم پرۆسەیەدا پرۆفیسۆر بارام بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (ئەوەی پێوەندی بەتوانای یارمەتیدانی کوردەکانەوە هەبێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، پێموایە ئێوە دەتوانن ئەمکارە بکەن، ئەوەی پێویستە بۆ ئێوە، ئەوەیە ئێوە پشتیوانی لەو بیرۆکەیە بکەن کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لەوەی هەر کەسێك پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت، مالیکی بێت یان عەبدولمەهدی گرنگە مەرجەکانی کورد جێبەجێ بکات، گریمانەی ئەوە دەکەم یەکێك لەم دوو کەسایەتیە(مالیکی و عەبدولمەهدی) ئەم پۆستە بگرێتەدەست، بۆیە دەبێت ئێوە بەشداری لەحکومەت بکەن و ئەوەگرنگ نەبێت بەلاتانەوە کام لەم دوو کەسایەتیە ئەم وەزیفەیە دەگرێتە ئەستۆ. بۆ ئێوە وەکو کورد پۆستی سەرۆك کۆمار بەتەنیا بەس نییە، لەبەر ئەوەی سیستمەکە لەم رووەوە هاوچەشنی سیستمی ئیسرائیلە کە سەرۆکی وڵات تەنیا نوێنەرایەتی وڵاتەکە دەکات و دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە. کەواتە ئەگەر تاڵەبانی پۆستی سەرۆك کۆمار بگرێتە ئەستۆ، ئەوا دەبێت راوبۆچوونی کاریگەری هەبێت لەوەی لە وڵاتەکەدا روودەدات. ئێمە دەزانین مالیکی هێزێکی چەکداری تایبەت



شاکر کتاب
سەرکردەی ئەلعراقیە بۆ گوڵان:

# دەمانەوێت دەستپێشخەرییەکەی بارزانی بگاتە ئاکامێکی پۆزەتیف پێش ئەوەی لە پەرلەمان کۆببینەوە

بەخۆی پێکهێناوە، ئەمەش بیرۆکەیەکی باش نییە و لە دیموکراسیدا جێی نابێتەوە، لەبەر ئەوەی پێموایە ئێوە و عەللاوی جا پۆستی سەرۆك کۆمارتان هەبێت یان سەرۆکی پەرلەمان دەبێت مافی ڤیتۆکردنی بڕیارە گرنگەکانی سەرۆك وەزیرانتان هەبێت، بە تایبەتی بڕیاری دروستکردنی یەکەی سەربازی، نەبوونی ئەم مافە مایەی مەترسیە. لێرەدا پرسیاری ئەوە دەکەین ئایا لە رابردوودا پێشینەی هاوچەشنی ئەم حاڵەتەمان هەبووە؟ لەوەڵامدا دەڵێین: بەڵێ هەبووە، لە ئیسرائیل کە سیستەمەکەی زۆر نزیکە لەو سیستەمەی لە عێراقدا هەیە، لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا کە شیمۆن پێرێز سەرۆك وەزیران بوو، ئیسحاق شامیر وەزیری دەرەوە بوو، هەر یەکەیان مافی ڤیتۆی بەسەر بڕیارەکانی ئەوی دیکەوە هەبوو، کە دواتر پێریز بوو بە وەزیری دەرەوە و شامیر بوو بە سەرۆك وەزیران، بەڵام پارێزگاری لەم رێسایە کرا و بووە هۆی هێنانەدی حکومەتێکی سەقامگیر، راستە هەندێ دەستپێشخەری کە دەخرانەڕوو لەلایەن لایەنەکەی دیکەوە رەتدەکرایەوە، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەمە سەقامگیری لێکەوتەوە. کەواتە پێموایە چارەسەرکە لە عێراقدا ئەوەیە کورد و سوننە، کە عەللاوی نوێنەرایەتیان دەکات، مافی ڤیتۆیان هەبێت بەسەر هەموو بڕیارێکەوە کە سەرۆك وەزیران دەری دەکات. هەرچەندە من تەفزیلی ئەوە دەکەم عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیران بێت، لەبەر ئەوەی مالیکی چەندین

**پێموایە چارەسەری کێشەکان لەعێراقدا ئەوەیە کورد و سوننە، کە عەللاوی نوێنەرایەتیان دەکات، مافی ڤیتۆیان هەبێت بەسەر هەموو بڕیارێکەوە کە سەرۆک وەزیران دەری دەکات**



راسته مالیکی نزیکەی بەهەموو داواکارییەکانی کورد رازی بووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە مالیکی راهاتووە لەسەر شکاندنی بەڵێنەکانی، ئەو بەڵێنی زۆر دەدات، بەڵام هەموویان جێبەجێ ناکات

هەڵەی گـــەورەی کردووە، بـــەڵام تەنانەت ئەگەر مالیکیش ســـەرۆك وەزیران بێت، ئەوا دەســـتەبەرکردنی ئەم مافە دەبێت زەمانەتێك بۆ کورد و سوننەکان. ئێمە دەزانین رێژەیەکی زۆری ئەو داواکاریانە قبووڵکران کە لیســـتی کوردســـتانی خســـتویانەتەڕوو، بـــۆ نموونە مالیکی نزیکەی هەمـــوو ئەو داواکاریانەی قبووڵکردووە، ئەمـــە لە کاتێکدا مامەڵەکردن لەگـــەڵ عەللاویدا تا رادەیەك ســـەختترە، ئەویـــش لەبـــەر بوونی لیســـتی ئەلحەدبا و کەســـانی وەك نوجەیفـــی لـــە پێکهاتەکەی عەللاویدا، ئەم کەس و لیستانەش بەرهەڵستی داواکاریەکانی کورد دەکەن. لە راستیدا دەبێت کوردەکان ئەو راستیە بزانن کە ناتوانن هەموو داواکاریەکانیان بهێننەدی، ئەگەرچی رەنگە بتوانـــن زۆرینەی ئەو داواکاریانە بەدەســـت بهێنن. لەم رووەوە راســـتە مالیکی نزیکەی بەهەموو داواکارییەکانـــی کورد رازی بووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە مالیکی راهاتووە لەسەر شکاندنی بەڵێنەکانی، ئەو بەڵێنی زۆر دەدات بەڵام هەموویـــان جێبەجێ نـــاکات. رەنگە پێوەندی ئێوە لەگەڵ عەبدولمەهدیدا باشـــتر بێت، راســـتە عەبدولمەهدی دەتوانێت بەڵێنی بەدیهێنانی داواکاریەکی کەمتر بە کوردەکان بدات، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە ئەو هەر کاتێك خۆی پابەند کرد بە بەڵێنێکەوە، ئەوا ئەگەری زیاترە جێبەجێیان بـــکات، لە کاتێکدا رەنگە مالیکی بتوانێت بەڵێنـــی زیاتر بدات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئێوە ناتوانن پشت بە بەڵێنەکانی ببەستن. نابێت ئەوەتان لە بیربچێت کە دەبێت عەللاویش بـــە داواکارییەکانـــی ئێوە رازی بێت. کەواتە کاتی ئەوە هاتووە کوردەکان ئەوە یەکلابکەنەوە چ بڕیارێك گەورەترین گرنگی هەیە. ئەوەی پێوەندی بە کەرکوکەوە هەبێت، ئـــەوا پێموایـــە ئەنجامـــی هەڵبژاردنەکانی مانگی ئازار جێی سەرنج بوون، لەبەر ئەوەی لەهەندێ ناحیەی ئەو پارێزگایەدا کوردەکان زۆرینەیەکی بەرچاویان بەدەستهێنا کە هەندێ



**د.وەلید حلی**
**سەرکردەی لیستی دەوڵەتی یاسا بۆ گوڵان:**

# کێشەی پاڵاوتنی د.مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران یەکلایی بۆتەوە و ئێستا مالکی کاندیدی زۆرینەی عێراقیەکانە بۆ ئەو پۆستە

جار گەیشـــتە لە سەدا ٨٠، ئەمە لە کاتێکدا لـــە هەندێ ناحیەی دیکەدا ئـــەم رێژەیە بۆ لە ســـەدا ٢٠ دابەزی، کەواتە ئەگەر من لە سەرکردایەتی کوردستان بوومایە ئەوا پێشنیارم دەکرد ئەو ناوچانەی زۆرینەیەکی بەرچاویان کوردە ببنە بەشـــێك لە هەرێمی کوردســـتان. بـــە تیرِوانینـــی من ئەمـــە رێگەچارەیە بۆ ئەم پرســـە و من بە ئەمە دەڵێم رێگەچارەی مام ناوەند. دەزانم ئەمە زۆر ســـەختە بەلای کوردەکانـــەوە، هەموو هاســـۆزیەکم هەیە بۆ کوردەکان و لە داواکاریەکانیان تێدەگەم، بەڵام دەبێت ئێوە قەناعەت بە خەڵکی خۆتان بکەن کە پێویســـتە ئەمکارە بکرێـــت. ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، ئەوا لە ساڵی ١٩٤٧دا نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دابەشـــکردنی فەلەستینی ژێر ئینتیدابی بەریتانیای دەرکرد، بۆ دەوڵەتی یەهودی و دەوڵەتی فەلەستینی، راســـتە ئەمە کێشە و گرفتی لێکەوتەوە و لە کۆتاییدا عەرەبەکان نـــاڕازی بوون و رەتیان کردەوە و ئەوەبوو جەنگـــی لێکەوتەوە، دواتر لیژنەکـــە کە نوێنەری وڵاتانـــی ئەمریکا و بەریتانیا و ئێران و تورکیا و فەنزویلا و چەند وڵاتێکی دیکەشی تێدابوو، پێشنیاری ئەوەیان کـــرد ئەو ناوچەی زۆرینـــەی جولەکەن ببنە بەشێ لە دەوڵەتی ئیسرائیل و ئەو ناوچانەشی زۆرینەی عەرەبن ببنە بەشێك لە فەلەستین. بڕوانـــن چی روویـــدا، ئیســـرائیل بڕیاری دابەشـــکردنی قبووڵکرد، بـــەڵام عەرەبەکان رەتیان کردەوە و شـــەڕیان هەڵگیرساند، بەڵام جەنگەیان

ئەگەر من لە سەرکردایەتی کوردستان بوومایە ئەوا پێشنیارم دەکرد ئەو ناوچانەی زۆرینەیەکی بەرچاویان کوردە لە کەرکوک ببنە بەشێک لە هەرێمی کوردستان

راستە کوردەکان پێیانوایە دەبێت کەرکوک بەشێک بێت لە هەرێمی کوردستان، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا پێکهاتەی خەڵکەکە گۆڕاوە ئێستاش هەوڵدان بۆ ئاڵوگۆڕپێکردنی پێکهاتەی خەڵکەکە کارێکی ئاسان نییە

دۆڕاند و ئیسرائیل لە ئەنجامی داگیرکاری شەڕەکانەوە دەستی بەســەر خاکێکی زیاتردا گرت، راستە ئەم بڕیارە لە سەرەتا سەخت بو بۆ ئەوەی ئیسرائیلیەکان قبوڵی بکەن، بەڵام هەوڵدرا قەناعەت بە خەڵکەکە بکرێت، لێرەدا من دەڵێم راســتە کوردەکان پێیان وایە دەبێت کەرکوک بەشێك بێت لە هەرێمی کوردستان و لــەم رووەوە باوەڕیان وایە لەرووی مێژووییەوە بەشــێك بــوو لە کوردســتان، کــە ئەمەش بانگەشــەیەکی راســتە، لە رووی مێژوویی کەرکوك بەشێ بووە لە کوردستان، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین لە ماوەی چەند ســاڵی رابردوودا پێکهاتەی خەڵکەکە گۆڕاوە، لە ســەردەمی سەددام حوســێندا خەڵکێکی زۆری عەرەب هاتوونەتە ئەم شــارەوە و ئێســتاش هەوڵدان بــۆ ئاڵوگۆڕپێکردنــی پێکهاتەی خەڵکەکە کارێکی ئاسان نییە)).

ســەبارەت بە مەترســی بارودۆخی ئێستا و دووبارە سەرهەڵدانەوەی توندوتیژیش پرۆ فیسۆر بارام بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: ((ئێــوە خاڵێکی باشــتان وروژاند، دۆخەکە مایەی مەترسیە، ئەگەر مالیکی بانگەشەی ئەوە دەکات دۆخەکە مەترسیدار نییە، ئەوا بە هەڵەداچووە، یاخود هەوڵدەدات ئەم بانگەشەیە بۆ ئامانجە سیاســییەکانی بــەکار بهێنێت. کێشــەکە ئەوەیە دۆخەکە بەرەو ئەوە دەڕوات کاری تیرۆریســتی بەرەو هەڵکشــان بچێت، کەواتە تێکڕای سیستەمە سیاسییەکە پێویستی بەوە هەیە ســەقامگیربکرێت کە حاڵی حازر ناســەقامگیرە. مالیکی هەوڵدەدات دەســت لــە چەکدارەکانی ئەنجومەنەکانی ســەحوە هەڵگرێت و ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی ئەو چەکدارانە گرنگی بە پاراستنی ناوچەکانیان نەدەن لە هێرشە تیرۆریستیەکان و لە راستیدا بەشــێك لە عەشــیرەتەکان دووبارە چوونەتە پــاڵ ئەلقاعیــدە. کەواتە دەبێــت مالیکی سیاسەتێکی گشتگیری هەبێت، بە تایبەتی دەبێت پارێزگاری لە ئەنبار بکات، گرنگە لەم رووەوە خەڵکە محەلییەکە بەشێك بن لە سیستەمە ئەمنییەکە. راستە رەنگە لەم ساتەوەختەدا ئەم رووداوانە هەڕەشە نەبن بۆ سەر یەکگرتوویی عێراق، بەڵام ئەگەر رەوتــی رووداوەکان بەم چەشــنە بڕوات، ئەوا مەترســیەکە گەورەتر دەبێت، لەبــەر ئەوە گرنگترین شــت ئەوەیە حکومەت بڕیاری راســت و دروست بدات و بڕیارێکی گرنگ و گەورە بدات لەم رووەوە، بڕیاری ئەوە بدات رێگەی راست هەڵبژێرێت کە حاڵی حازر خەڵکــی وڵاتەکە پێیانوانییە حکومەت ئەم ئاراســتەیەی گرتۆتەبەر. ئێوە دەبێت ئــەوە بزانن کە حاڵــی حازر ژمارەی مەســیحییەکانی عێــراق نیــو هێندەی ئەو ژمارەیەیە کە لە ســاڵی ٢٠٠٣دا لە عێراقدا بوون، ئەمەش ئاماژەیەکی خراپە، لەبەر ئەوەی دەبێت کورد و عەرەبە موسڵمانەکان ئەوە بزانن مەسیحیەکان بەشێکن لە وڵاتەکە و بەشداری لە ئابــووری و خۆشــگوزەرانی وڵاتەکەدا دەکەن و ئەوەی ئێســتا بەسەر مەسیحیەکاندا دێت لە عێراقــدا رەفتارەکانی هیتلەرمان لە



ئالۆن بن مایەر
تایبەتمەند لەسەر عێراق بۆ گوڵان:

## مالیکی دەتوانێت بەرێگەی زۆرینە حکومەت پێکبهێنێت، بەڵام بەشدارنەبوونی ئەلعراقیە کێشەی گەورەی بۆ دروست دەکات

دژی جولەکەکان بــە بیر دەهێنێتەوە، پێموایە هیتلەر کەســێکی گەمژە بوو، لەبەر ئەوەی پێش هۆلۆکۆست هەموو ئەو جولەکانەی کە خاوەنی تایبەتمەندی و توانا بوون و بەشداریان لە ئابــووری وڵاتەکەدا دەکــرد کۆکرانەوە و تەســفیە کران، ئێســتا هەمان حاڵەت بەسەر مەســیحیەکانی عێراقــدا دێت، لە ســاڵی ١٩٥١یدا هەمان حاڵەت بەسەر جولەکەکانی عێراقدا هات کە وڵاتەکەیان جێهێشت، ئەمەش مایەی خەســارەتێکی گەورە بوو بۆ عێراق، لەبەر ئــەوەی جولەکــەکان چینێك بوون کە خاوەن کار بوون و سەرقاڵی بازرگانی و کاری وەبەرهێنان بوون.

د.شــاکر کتێــب یەکێکە لە ســەرکردەکانی لیستی (التجدید) بەســەرۆکایەتی د.تاریق هاشمی لەناو لیســتی ئەلعراقیە و هەروەها یەکێکە لەو کەســایەتیانەی کە تەخویلکراوە بەناوی لیســتی ئەلعراقیەوە لێــدوان بدات، بۆ قســەکردن ســەبارەت بەهەوڵــەکان بــۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو و هەڵوێســتی لیستی ئەلعراقیە، د.شاکر کتاب بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (بەشێوەیەکی گشتی، دەستپێشــخەرییەکەی بەڕێز مسعود بارزانی دەستپێشخەرییەکی پۆزەتیڤانەیە. تاکو ئەمڕۆ هــەر دەستپێشــخەرییەك پێشکەشــکرابێت، ئێمە پێشــوازییەکی گەرمەمــان لێی کردووە. هیوادارین ئەم جۆرە دەستپێشخەرییانە بگەنە ئەنجامێکی پۆزەتیڤ و یەکلاکەرەوە. لیستی «عێراقیە»ش بەشدارییکرد لەدانیشتنەکانی ئامادەکاری لەبارەی دەستپێشــخەرییەکەی بەڕێــز «بارزانی». هەڵبەتە خۆی لەخۆیدا، دەبێت ئەم دەستپێشخەرییە بگاتە ئەنجامێکی باش و پۆزەتیڤ، بەشێوەیەك کە کاتێك لایەن و قەوارەکان دەڕۆنە دانیشــتنەکەی پەرلەمان پێشــوەختە رێککەوتنیان لەبەردەستدا هەبێت لەبارەی هەندێ لایەن و بڕیارەکان)).

ســەبارەت بە هەڵوێستی لیستی ئەلعراقیەش بەوەی بەشــداری دانیشــتنەکانی پەرلەمان ناکات، ئایا ئەمە دروســتکردنی ئاستەنگ نایێــت بــۆ دەستپێشــخەریەکەی بارزانی؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا د.شاکر بەگوڵانی راگەیاند: (نەخێر، ئێمە نامانەوێت ئاستەنگ بۆ دەستپێشــخەرییەکە دروست بکەین، بەڵکو مەبەســتەکە ئەوەیە کە دەستپێشــخەرییەکە بــەردەوام بێــت و هەروەهــا کۆبوونــەوە و گفتوگــۆ و وتووێــژەکان بــەردەوام بن لە ســێبەری دەستپێشــخەرییەکە تا گەیشــتن بــە ئەنجامێکی پۆزەتیڤ، بەشــێوەیەك کە بــەو ئەنجامە پۆزەتیڤانەوە بــۆ ئەنجومەنی نوێنەران بڕۆین. ئایا دانیشتنێك چ سوودێکی دەبێت ئەگەر لایەنەکان نەگەیشــتبوونە هیچ رێککەوتنێك؟)).


ســەبارەت بــە هەڵکشــانی توندوتیژی و زیادبوونی کارە تیرۆریســتییەکانیش لەبەغدا د.شاکر کیتاب بەمجۆرە راو سەرنجی خۆی خســتەروو و وتــی: (رووداو و تەقینەوەکان مایەی خەم و ناخۆشــییە، بــەڵام هاوکات لایەنی سیاسیی گەورە لەخۆ دەگرێتەوە. ئەو شتە دەسەلمێنێت کە نالەباربوونی بارودۆخی سیاســی رەنگدانەوەی هەبووە لەســەر باری ئاسایش، هاوکات تێکچوونی رەوشی ئاسایش و دروستبوونی کەلێنەکانی لەنێو دەزگاکانی ئاسایش دەکەوێتە ئەســتۆی بەرپرسیارەتیی

ئەوەی ئێستا بەسەر مەسیحیەکاندا دێت لە عێراقدا رەفتارەکانی هیتلەرمان لە دژی جولەکەکان بە بیر دەهێنێتەوە

بارودۆخی سیاسی. لەڕاستیدا پێویست بوو ئەم رووداوانە پاڵ بە هەموو لایەنە پێوەندارەکان بنێت لەپێناو پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەت، بەڵام هەروەك ئاشکرایە حکومەتی ئێستای عێراق هەوڵدەدات ئاستی گرنگیی ئەم رووداوانە کەم بکاتەوە، لەکاتێکدا دوژمنانی حکومەت مەسەلەکان گەورەتر دەکەن لەپێناو بچووککردنەوەی پێگەی حکومەتی ئێستا. هەردوو ئاراستە هەڵەیە، پێویستە بەشێوەیەکی بابەتییانە سەیری ئەم لایەنە بکرێت. ئەو رووداوانە رووداوێکی ئاسایی و ئاسان نیین، بەڵکو بارێکی زۆر ترسناك و مەترسیداری خوڵقاندووە و قوربانییەکی زۆری لێ کەوتۆتەوە)).

د.وەلید حلی یەکێکە لەسەرکردە دیارەکانی حزبی دەعوا و لیستی دەوڵەتی یاسا و هەروەها یەکێکە لەو سەرکردانەی زۆر لە د.نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراقەوە نزیکە، بۆ قسەکردن لەسەر هەڵوێستی لیستی دەوڵەتی یاسا و یەکلاییکردنەوەی کێشەی سەرۆك وەزیران و هەڵوێستی لیستی دەوڵەتی یاسا بەرامبەر دەستپێشخەریەکەی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڕێز د.وەلید حلی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: ((ئەو دەستپێشخەریەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشکەشی کرد، خاڵی لەسەر پیتەکان دانابۆ گەڕان بە دوای خاڵە هەستیارەکاندا، بە تایبەتی ئەو خاڵانەی مایەی ناکۆکین لەنێوان کوتلە سیاسییەکان، ئێستا دوای ئەوەی کوتلە سیاسییەکان لەسەر ژمارەیەك لەم خاڵانە رێککەوتن، کارەکان بۆ زۆر لە کوتلە سیاسییەکان روون بوونەتەوە، بەمەش ناکۆکیی نێوان کوتلە سیاسییەکان دەبێتە ناکۆکییەکی بێبنەما، بۆیە پێموایە ئەم گفتوگۆیانە روون و ئاشکران و ئەنجامەکانیشیان بەهەمان شێوە روون و ئاشکرا دەبن و ئەوەی نایەوێ بەشداری بکات هیچ بیانوویەکی نییە بۆ بەشداری نەکردنی، چونکە بەڵگەکان ئاشکران و هەر کوتلەیەکی سیاسی پێیوابێت کە بتوانێت کوتلەکان بۆخۆی رادەکێشێت، لەم کۆبوونەوانە بۆی دەردەکەوێت کە ئایا دەتوانێت دەنگەکان بەدەست بهێنێت یان نا؟ بەڵام ئەگەر بڵێت نەخێر من زۆرینەم و من حکومەت پێکدەهێنم، نازانم چۆن حکومەت پێکدەهێنێت و زۆرینەی لەگەڵدا نییە. بۆیە پێویستە پەنا بباتە بەر کوتلە سیاسییەکانی دیکە.

کوتلە سیاسییەکانی تر کە لەگەڵی کۆدەبنەوە گفتوگۆ لەسەر خاڵەکان دەکەن لەکاتی گفتوگۆ هیچ بەڵگەیەکیان نییە، لەبەر ئەوە ناکۆکی هەیە لەگەڵ کوتلەکانی دیکە لەسەر بەرنامە و شێوەی کار کردن و چەند خاڵێکی جیاواز، کەواتە ئەم کوتلەیە بەتەنیا ناتوانێت بڵێ زۆرینەم هەیە بۆ پێکهێنانی حکومەت. هەر بۆیە دەتوانم بڵێم دەستپێشخەریەکەی بارزانی تەوافقێکی هێنایە ئاراوە بۆ پێکهێنانی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی،



حەسەن ئەلشەممەری
سەرکردەی حزبی فەزیلە بۆ گوڵان:

# ئێمە وەک حزبی فەزیلە پشتگیری خۆمان بۆ کاندیدکردنی مالیکی پیشاندا بۆ ئەوەی جووڵەیەک بخەینەوە ناو پرۆسە سیاسییەکە

پێشتر ئەگەر کوتلەکان ناکۆکییان لەنێوان هەبوایە، ئەوا دیدوبۆچوونەکان بەشێوەیەکی گشتی ناکۆك دەبوون، ئەمڕۆ رێککەوتنێك هەیە لەسەر خاڵە سەرەکییەکان، ئەوانەی ئیشکالیان تێدایە لەنێوان کوتلەکاندا، بۆ نموونە سیستەمی ناوخۆی سەرۆکایەتی وەزیران، یاسای لێپێچینەوە و دادپەروەری، دەستووری عێراقی و چەندین خاڵی دیکە بەهەمان شێوە، دوای ئەوەی ئەمانە هەموویان بوون بە دەسەڵاتەکان، پەرلەمان کە گفتوگۆیان لەسەر بکات، هەر کەسێك دژی ئەمانە بێت، ئەوا بیروڕاکانی گونجاو نین لەگەڵ ئەوانی تر، جیهانی دیموکراسی پێشکەوتوو بەپێی رای زۆرینە بەڕێوە دەچێت، کەمینەیەك کە ناتوانێت لایەنەکانی تر بۆ خۆی رابکێشێت ناتوانێت رای خۆی بەسەر ئەم زۆرینەدا بسەپێنێت، بۆ نموونە ئەلعێراقییە سەرەڕای ئەوەی کە ٩١ کورسی بەدەستهێناوە ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێت ئەگەر (٥٠+١)ی کورسییەکانی نەبێت، کەواتە پێویستە لەگەڵ لایەنەکانی تر رێکبکەوێت بۆ پێکهێنانی حکومەت)).

سەبارەت بە نزیکی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانیەکانیش لەگەڵ دەوڵەتی یاسا و گەیشتن بە رێککەوتن لەسەر ١٩ خاڵەکەی بەرنامەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، د.شاکر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی:((ئێمە رێککەوتووین و هاوڕاین لەگەڵ لیستی ئیئتیلافە کوردستانییەکان لەسەر زۆربەی خاڵە سەرەکییەکان و هیچ ناکۆکییەکمان نییە، گرنگترین ئەو خاڵانەی ئێمە پشتگیریمان کردووە بریتییە لە کاندیدکردنەوەی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی بۆ سەرۆکایەتی کۆماری عێراق، ئێمە لە پێشینەی ئەو لیستانە بووین کە پێداگیریمان لەسەر ئەوە کرد کە ئەم پۆستە پێویستە بۆ خودی مام جەلال بێت و ئێستاش هەمان هەڵوێستمان هەیە، چونکە بەو کارەی ئەنجامیداوە خودی مام جەلال لە هەموو کەسێك گونجاوترە بۆ ئەم پۆستە، هەر بۆیە زۆر گەشبینم، چونکە گرفتی سەرەکی لە پۆستی سەرۆك وەزیران بووە و خۆشبەختانە لەلایەن هاوپەیمانی نیشتیمانی چارەسەر کراوە، ئێستا زیاتر لە ٩٠٪ی هاوپەیمانی نیشتمانی پشتگیرییان لە د.نوری ئەلمالیکی کرد، فەزیلەش پشتگیریی خۆی بۆی دەربڕیوە، تەنیا چەند کەسێك ماون لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، لە هاوپەیمانی ئیئتیلافە کوردستانیەکانیش هیچ نارەزاییەکی ئاشکرا نییە دژی پاڵاوتنی ئەلمالیکی، برایانی ناوەڕاستیش چەندین جار پشتگیری خۆیان بۆی دەربڕیوە، زۆر ئاساییە هەندێك کەسیش دژی پاڵاوتنەوەی ئەلمالیکی بن، بۆ نموونە لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی ١٠ کەس دژایەتی پاڵاوتنی ئەلمالیکی دەکەن، بێگومان لە ئەلعێراقیەش کەسانێك هەن دژین، بەڵام ژمارەیەکی زۆریشیان حەز دەکەن بەشداری لە حکومەتدا بکەن و پشتگیری لە ئەلمالیکیش دەکەن)).

پرۆفیسۆر ئالۆن بن مایەر کە ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لەزانکۆی نیویۆرك، لەهەمانکاتدا یەکێکە لە شرۆڤەوانە جیهانییەکان و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی

**ناڵەباربوونی بارودۆخی سیاسی رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر باری ئاسایش**

**حکومەتی ئێستای عێراق هەوڵدەدات ئاستی گرنگیی ئەم رووداوانە کەم بکاتەوە، لەکاتێکدا دوژمنانی حکومەت مەسەلەکان گەورەتر دەکەن لەپێناو بچووککردنەوەی پێگەی حکومەتی ئێستا**

**ئەو دەستپێشخەرییەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشکەشی کرد، خاڵی لەسەر پیتەکان دانابۆ گەران بەدوای خاڵە هەستیارەکاندا**

رۆژهەڵاتی ناوەڕاســت بەگشــتی و عێراق و تورکیـــا بە تایبەتـــی، هەروەها یەکێکە لە ستوون نووسەکانی گۆڤاری (تورکیش یوکلی جۆرنـــاڵ) کە ناوەندی توێژینەوەی یۆســـاك لەتورکیا بەزمانی ئینگلیزی دەریدەکات، هەر بۆیــە وەك چاودێرێکی سیاســی بارودۆخی سیاسی عێراق، بەپێویستمان زانی پرۆفیسۆر بن مایەر راوبۆچوونی خۆی سەبارەت بە باری ئێســـتای عێراق بزانین و بەڕێزی ســـەبارەت بە باری سیاسی ئێســـتای عێراق بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتـــن و وتی: ((پێموایە ئەگەر مالیکی پێداگیری لەسەر ئەوە بکات حکومەتێکـــی هاوپەیمانی تەنیـــا لەلایەنە شیعەکان، بە تایبەتی لەگەڵ ڕەوتی سەدردا پێکبهێنێت، ئەوا حکومەتێکی ســـەرکەوتوو نابێت، لەبەر ئەوەی کوردەکان پێیانوایە دەبێت لیستی ئەلعێراقیش بەشداری لە حکومەتەکەدا بکات، کەواتە ئەگەر مالیکی سووربێت لەسەر ئەوەی حکومەتێکی لەم چەشنە پێکبهێنێت و ڕێگە بۆ بەشداری ئەلعێراقیە خۆش نەکات، ئەوا هەڵەیەکی گەورە دەکات. لەم ڕوانگەیەوە دەبێت پێکهاتە سەرەکییەکانی حکومەتی نوێ بریتی بێت لە کوردەکان، لیســـتی ئەلعێراقیە، لیستی دەوڵەتی یاسا. ڕاستە دەکرێت بەهۆی زامنکردنی زۆرینەی پێویستەوە لە پەرلەماندا حکومەتێك پێکبهێنرێت، بەڵام دوورخستنەوەی ئەلعێراقیـــە کێشـــە و گرفتـــی گـــەورەی لێدەکەوێتەوە، لە ڕووی دووبارە سەرهەڵدانەوەی یاخیگـــەری و توندوتیـــژی، کـــە دەبێت بە هەموو نرخێك خۆمان لە دووبارەبوونەوەی ئەم ڕووداوانە لابدەین. کەواتە مەسەلە بنەڕەتیەکە ئەوەیە ئێمە حکومەتێکی یەکێتی نیشتمانی لە عێراقدا پێکبهێنین، جگە لەم ڕێگە چارەیە هـــەر ڕێگەیەکی دیکـــە بگرنەبەر، عێراق بەرەو گرفت و کێشەی گەورە دەبات. لەم بارودۆخـــەدا کوردەکان لـــە پێگەیەکدان دەتوانن ببنە دروســـتکەری پاشـــاکان، بەڵام پێموایە بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك کۆمار لەلایەن کوردەکانەوە گرنگیەکی زۆری نییە، مەبەستم ئەوەیە مەســـەلە سەرەکیەکە ئەوەیە دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران کەم بکرێتەوە، بـــە تایبەتی ئەگەر مالیکی ببێتە ســـەرۆك وەزیران، واتە دەبێت مالیکی دەست لە بەشێك لەو دەسەڵاتە کەڵەکەکراوانەی هەڵبگرێت کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا بنیاتی ناوە، بـــۆ نموونە چەندین کۆمەڵـــە و دامەزراوەی دروســـتکردووە کە بە شێوەیەکی حەسری کار بـــۆ خودی مالیکی دەکەن. ئەمەش کارێکی

**جیهانی دیموکراسی پێشکەوتوو بەپێی رای زۆرینە بەڕێوە دەچێت، کەمینەیەک کە ناتوانێت لایەنەکانی تر بۆ خۆی رابکێشێت ناتوانێت رای خۆی بەسەر ئەم زۆرینەدا بسەپێنێت**



تەندروســـت نییە بۆ عێراقێك، عێراقێك کە بە قۆناغی ئینتیقالیدا دەڕوات، بۆ دەڵێم قۆناغی ئینتیقالی، لەبەر ئەوەی هێشـــتا توندوتیژی لەم وڵاتەدا بوونی هەیە، هێشـــتا ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بوونی هەیە، کەواتە ئەوەی عێراق لـــە کێشـــەکانی رزگار دەکات، پێکهێنانی حکومەتی یەکێتی نیشـــتمانیە. کەواتە تەنیا بە پێکهێنانی حکومەت، ئەویش بە بەشداری کـــوردەکان و ئەلعێراقیـــە و دەوڵەتی یاســـا دەتوانرێت بناغەی حکومەتێکی ســـەقامگیر بهێنرێتەدی. لە راســـتیدا بەشداری پێکردنی ڕەوتی ســـەدر مایەی گیروگرفت دەبێت بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە پێوەندیەکانی عێراقەوە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، بـــە تایبەتی ئەوەی پێوەندی بە مەســـەلەی بەرگری کردن و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە هەبێت بـــۆ دوای ســـاڵی ٢٠١١. هەروەها گرنگـــە ئاماژە بەوە بکەین کە هەڵوێســـتی کـــوردەکان گۆڕانکاری بەســـەردا نەهاتووە، ئەوان پەرۆشی پاراســـتنی یەکێتی سیاسی هەرێمی کوردستانن، پەرۆشی کۆنترۆڵکردنی کەرکوکـــن، کە ئومێد وایـــە بتوانن لەرووی گفتوگۆوە ئـــەم ئامانجە بەدەســـت بهێنن، ئەگەرنا ناتوانرێت هیچ چارەســـەرێك بۆ ئەم پرســـە بدۆزرێتەوە. بۆ نموونـــە ئەگەر پارتە تورکمانییەکان بەشداری لە حکومەتدا نەکەن، ئەوا نەك هەر کێشـــەی یاخیگەری دروست دەبێت، بەڵکو هیچ چارەسەرێکیش بۆ کێشەی کەرکوك نادۆزرێتەوە. کەواتە دەبێت کوردەکان دوو کێشـــە چارەسەر بکەن، کێشەی کەرکوك و کێشەی دابەشکردنی داهاتی نەوت، لەبەر ئەوەی بێ چارەســـەرکردنی ئەم کێشانە ئەوا پێوەندیەکانیان لەگەڵ تورکمان و سوننەکاندا ئاڵۆز دەبێت، لێرەدا پێموایە چارەسەرکردنی ئەم دوو کێشـــەیە و هەروەها کێشەی توندوتیژیش پەیوەســـتە بە پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوانەوە)).

سەبارەت بە بارودۆخی ناسەقامگیری ئێستای عێراق و هەڵکشـــانی کارە تیرۆریستیەکانیش پرۆفیسۆر بن مایەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: (ئەگەر بەم زووانە کوردەکان و لیستی ئەلعێراقیە و دەوڵەتی یاسا نەگەنە ڕێککەوتن، ئەوا ئەم ڕووداو و کارە توندوتیژیانە زیاد دەکەن، ئەمە ڕێگەیەکە بۆ چارەسەرکردنی دۆخەکە ئەمنیەکـــەش، لەبەر ئەوەی ئەگەر لیستی ئەلعێراقیە بەشـــداری لە حکومەتدا نەکەن، ئەوا زۆرێك لەو ســـوننانەی پێشـــتر چەکیان دانابـــوو، دووبارە چەك هەڵدەگرنەوە و دەبنە بەشـــێك لە بزووتنـــەوەی یاخیبوون، بەچەشنی ئەوەی لە ڕابردوودا بینیمان. کەواتە باوەڕێکـــی تەواو هەیە بـــەوەی ئەمە تەنیا ڕێگەچارەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەل و



مەرجە. بە دەربڕینێکی دیکە ئەگەر کوردەکان و ئەم دوو لیستە سەرەکیە رێگەیەکی هاوبەش نەدۆزنـــەوە بۆ بنیادنانـــەوەی وڵاتەکە، ئەوا بارودۆخەکـــە زۆر خراپتر دەبێت لە رابردوودا. هەروەها راســـتە حاڵی حازر هەر لایەنە و لە روانگـــەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکـــەدا دەکات، بەڵام ئەگەر حکومەت پێکبهێنرێت و ئەو لایەنانە بەشداری تێدابکەن، ئـــەوا بەرژەوەندیەکـــی گەورەیان دەبێت لـــە رووبەڕووبوونـــەوەی توندوتیژیدا، بـــەڵام دوورخســـتنەوەی هـــەر لایەنێك لەم پرۆســـەیە دەبێتە هۆی ئەوەی پشتیوانیکردن لە کارە توندوتیژیەکان وەك درێژبوونەوەیەکی سرووشـــتی تەنگژە سیاسییەکە لێکبدرێتەوە. کەواتە دەبێت رێگە لە دروســـتبوونی قەیرانی سیاســـی بگیرێت بۆ ئەوەی دەروازە بە رووی کارە توندوتیژییەکانـــدا نەکرێتـــەوە. کەواتە چارەســـەری سیاسی و ســـەرهەڵدانی کاری توندوتیژی پێکەوەگرێدراون، مەبەستم ئەوەیە هـــەر کاتێك حکومەتی بنکە فراوان پێکهێنرا و لایەنـــەکان توانیان پێکـــەوە کاربکەن، ئەوا دەتوانن موعالەجـــەی توندوتیژی بکەن، بە پێچەوانەوە شکســـتهێنانیان لە پێکهێنانی ئەم حکومەتەدا دەبێتەهۆی ئەوەی توندوتیژی بە شێوەیەکی کارەساتئامێز سەرهەڵبداتەوە)).


لیســـتی فەزیلە کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی شیعە کۆدەکاتەوە، تا هەفتەی رابـــردوو یەکێك بوو لەو لایەنە سیاســـییانەی کە هاوشـــانی ئەنجومەنی باڵای ئیســـلامی و رێکخراوی بـــەدر کاندیدکردنی مالیکی بۆ پۆســـتی ســـەرۆك وەزیران رەتدەکردەوە، بەڵام لە هەفتەی رابردوو ئەم هەوڵوێســـتەی حزبی فەزیلـــە گۆڕانی بەســـەرداهات و بەفەرمی پشـــتیوانی خۆیان بۆ کاندیدکردنی مالکیی دەربڕی، بۆ قسەکردن لەســـەر ئەم هەڵوێستە و بارودۆخـــی عێـــراق لە روانگـــەی حزبی فەزیلەوە، بەڕێز حەســـەن شەممەری وتەبێژی حزبـــی فەزیلـــە بەمجـــۆرە رای خۆیانی بۆ گوڵان خستەروو: (ئێمە هەستمان بەوەکرد کە پرۆســـەی سیاسی وەســـتانی بەخۆوە بینیوە. هەربۆیە دووبەرە دروســـت ببـــوون، عێراقیە و ئەنجوومەنی باڵا بەرەیەك بوون. رەوتی سەدر و دەوڵەتی یاســـاش بەرەیەکـــی دیکە بوون. هەروەها «پارتی فەزیڵە» پێشوەختە پێشنیاری پێشکەشکردبوو لەپێناو جوڵاندنەوەی پرۆسەی سیاســـی. لەسەرەتادا پێشـــنیارمان هەبوو کە «د.ئەیاد عەلـــلاوی» ببێتە خاوەن متمانەی قەوارە سیاســـییەکان، یانیش «د.مالیکی» و یان «د.عـــادل» و تەنانەت «جەعفەریـ»ـش. هەروەها پێشنیارمان پێشکەش کردبوو لەبارەی پێدانـــی دەرفـــەت بـــۆ گەلـــی عێراقی بۆ دەستنیشـــانکردنی ئەو کەسەی کە حکومەت پێکبهێنێـــت. ئەمڕۆش پاڵپشـــتی خۆمان بە بەڕێز «مالیکی» پێشکەشکرد لەپێناو پاڵنان بە پرۆسەی سیاســـی بەرەوپێشەوە و گەیشتن بەخاڵی ســـەرەکی و گرنگ کـــە بریتییە لە هاوبەشکردنی لیستی «عێراقییە» و لەبەردەم دووڕیانێکی بەهێز دایبنیەن، بەشـــێوەیەك کە یان ئەوەیە لیســـتی «عێراقییە» قایل بکات و حکومەت پێکبهێنێت و ئەوکات مەســـەلەکە کۆتایـــی دێت، یانیش ئەوەیە کە نەتوانێت ئەو کارە ئەنجامبدات و لەئاکامدا پێویستە لەسەر «ئیئتیلافی نیشتمانی» بیر لە ئەڵتەرناتیف و ئەگەر و هەڵبژاردنەکانی بەردەمی بکاتەوە. ئامانجەکەمان جووڵانەوەی پرۆسەی سیاسییە بەرەو پێشەوە و کردنەوەی رێگەکان لەپێش بەڕێز «مالیکی» بۆئەوەی شیاوی خۆی بسەلمێنێت لە پێکهێنانی حکومەت. ئێســـتاش بەرنامە و بۆچوون و هزرەکان کە لەسەر کاغەز نووسراوە کەوتۆتە چوارچێـــوەی بەرنامەی »ئیئتیلافی نیشـــتمانی». کێشـــەکە پێوەندیـــی نییە بە چوارچێوەکـــردن و روانینی بەرنامەکان، بەڵکو مەســـەلەکە زیاتر پەیوەســـتە بـــە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی قۆناغـــی داهاتوو لەلایەن قەوارە سیاسییەکان و چۆنیەتی گۆڕینی ئەم هزر و بیرۆکانە لە ئاستەکانی تیۆری بۆ واقیعێکی پراکتیکـــی لەمیانی ئەدائەکانیان لە قۆناغی داهاتوو. ئەمەش شتێکە کە ناکرێ لە ئێستاوە خەملاندنی بۆ بکەین، لەبەرئەوەی مەسەلەکە پەیوەستە بە چۆنیەتی و شێوازی مومارەسە و ئەدائی قەوارە سیاسییەکان)).

ســـەبارەت بـــە کۆبوونەوەکانیـــش وەك ئامادەباشـــیەك بـــۆ کۆبوونەوەکانـــی رۆژی دووشەممەی پەرلەمانی عێراقیش، شەممەری وتی: (ئەمڕۆ-مەبەست رۆژی پێنج شەممەیە ٢٠١٠/١٠/٤- لە»هاوپەیمانی نیشـــتمانی» کۆبوونەوەیەکمـــان هەبـــوو و تاوتـــۆی ئـــەم بابەتەمـــان کـــرد. بابەتـــی بانگێشـــتەکەی ئەنجامدانـــی دانیشـــتنەکە و هیواداربوویـــن کەمێك پەلە لەم مەسەلەیە نەکرێت تا کۆتایی هاتنی مەســـەلەی دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان. لەبەرئەوەی وادەی رۆژی دووشەممە بۆ ئەنجامدانی ئەو دانیشـــتنە بازنەکەی لێمان بچووکتر کردۆتەوە بۆ کۆتایی هێنان بە گفتوگۆ و وتووێژەکانمان. هەربۆیە، بۆچوونێکمـــان هەبوو بۆئەوەی کە تاکو پێمان بکرێت دانیشتنەکە نەکەوێتە رۆژی دووشەممە، بەڵکو هەوڵبدەین بۆ دواخستنی بۆ یەك یان دوو رۆژی تر)).

هەر کاتێک حکومەتی بنکە فراوان پێکهێنرا و لایەنەکان توانیان پێکەوە کاربکەن، ئەوا دەتوانن موعالەجەی توندوتیژی بکەن، بە پێچەوانەوە شکستهێنانیان لە پێکهێنانی ئەم حکومەتەدا دەبێتەهۆی ئەوەی توندوتیژی بە شێوەیەکی کارەساتئامێز سەرهەڵبداتەوە

کێشەی پێکنەهێنانی حکومەت پێوەندی بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی قۆناغی داهاتووەوە هەیە نەک چوارچێوەکردن و روانینی بەرنامەکان

# تاوانی کەنیسەی «سیدة النجاة» لە بەغداد



پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد نەقشبەندی

چەند رۆژێکە میدیاکان و ناوەندە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی رۆژئاوا بەشێوەیەکی زۆر چڕو و کەم وێنە کۆڕ و کۆبوونەوە و مێزگرد دەگرن و چاوپێکەوتن دەکەن و باسی کارەساتە دڵتەزێنەکەی کەنیسەی «سیده النجاه»ی بەغداد دەکەن و فرمێسکی بۆ دەرێژن. وەك ئاگادارم ئەوەی کە ئێمە گوێبیستی دەبین و دەیبینین لەرێگەی میدیاکانەوە زۆر کەمترە لەوەی کە لە پراکتیکدا لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا ئەنجام دراوە و ئەنجام دەدرێت و دەوترێت. ئەوان راشکاوانە دەڵێن: «ئێمە لێرە رێز لەهەموو پێکهاتەکان، لە نێوانیشیاندا موسڵمانەکان، دەگرین و باوەشمان بۆ کردوونەتەوە و دەیانپارێزین بۆ ئەوەی بە ئازادی هەموو خوو و نەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەی بۆ ئێوە مەسیحییەکانتان پێ قبوول ناکرێت و جینۆسایدیان دەکەن؟».

مەسیحییەکانی عێراقیش، لە نێواندیاندا مەسیحییەکانی کوردستانیش، خاوەنی هەمان هەڵوێستن و خۆپیشاندانی نارەزاییان ئەنجامداوە و بەتوندی کردەوە تیرۆریستەکەیان رسوا و مەحکوم کردووە. بێگومان ئەم هەڵوێستەی رۆژئاوا و مەسیحییەکانی عێراق و کوردستان، هەڵوێستێکی راست و دروستە و لەجێی خۆیەتی و ئێمە هاوسۆزین لەگەڵیان، چونکە: (ئەو تاوانەی کە ئەنجامدراوە تاوانێکە دژی مرۆڤایەتی، دژی پێکهاتەیەکی رەسەنی عێراق، دژی پێکهاتەیەکی ئاشتیخواز و بەشدار لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی عێراق، دژی پێکهاتەیەك کە رۆژێك لەرۆژان ئازاری هیچ پێکهاتەیەکی تری نەداوە و بەرپرس نییە لە نەهامەتییەکانی گەلان و پێکهاتەکانی تری عێراق).

لە بۆنەیەکی وادا بەمافی خۆمانی دەزانین کە رووی دەممان بکەینە رۆژئاواییەکان و بڵێین:

-کێ بەرپرسە لەم تاوانە؟ ئایا تەنیا ئەنجامدەرانی تاوانەکە؟ یان ئەوانەی کە بە ئاشکراو لەپشتی پەردەوە پشتگیریان لێدەکەن؟

-ئایا تاوانبارن و هاندەران و پشتگیرەکارانیان ئەوانە نین کە ئێوە پشتگیریتان لێدەکردن و چەندین دەوڵەتتان بۆ دروستکردن لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، لە کاتێکدا ئامادە نەبوون کە پشتگیری بکەن لە دامەزراندنی تاکە دەوڵەتێك بۆ کورد یان بگرە تاکە یەکەیەکی رامیاری سنوورداریش لەبەشێکی نیشتمانەکەیاندا؟

-ئایا تاوانبارن و هاندەران و پشتگیرەکارانیان ئەوانە نین کە ئێوە یارمەتیتان دەدان لەکاتی هێرشەکانیاندا بۆ سەرکوتکردنی راپەڕین و شۆڕشەکانی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی کەمترین مافە ساکارەکانی؟

-ئایا تاوانبارن و هاندەران و پشتگیرەکارانیان ئەوانە نین کە ئێوە بەشێوەیەك لەشێوەکان ئاسانکاری و یارمەتیتان دەدان کە پلانە گڵاوەکانیان لە کیمیاباران و ئەنفالکردن و جینۆسایدی کورد و کوردستان جێبەجێ بکەن؟

-ئایا تاوانبارن و هاندەران و پشتگیرەکارانیان ئەوانە نین کە ئێوە لەبەر خاتری چاوی رەشیان، دوێنێ و ئەمڕۆیش داوا لە کورد دەکەن کە نەرمی بنوێنێ و دەست هەڵگرێ لە بەشێك لە مافەکانی، یان بە واتایەکی تر جارێکی تر کورد و کوردستان بکەنە قوربانی ئەوان؟

-ئایا تا ئێستا بۆئێوە روون نەبووەتەوە کە تاکە پێکهاتەیەك خاوەنی گیانی لێبوردەیی بێت و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لەگەڵ پێکهاتەکانی تر هەڵبژێرێت کوردە؟

-ئایا وەڵامی ئەم پرسیارانە هیچ بەرپرسیاریەتیەکی تاوانەکەی کەنیسەی «سیده النجاه» و تاوانەکانی هاوشێوەی ناخاتە ئەستوی ئێوە و کاتی ئەوە نەهاتووە کە بە خۆتاندا بچنەوە و کەمێك هەڵوێستتان بگۆڕن؟

ئەمجارە رووی دەممان دەکەینە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی عێراق هەر هەموویان و داوایان لێدەکەین کە بە ویژدانەوە وەڵام بدەنەوە و بڵێن:

- چ پێکهاتەیەك، بێ رەچاوکردنی بەرژەوەندییە کاتییەکان، جگە لەکورد دوێنێ و ئەمڕۆ پشتگیری لە مافەکانتان کردووە؟

- چ شوێنێك جگە لە کوردستان پەنا و پەناگاتان بووە و باوەشی بۆ کردونەتەوە لەکاتی لێقەوماندا؟

- لە چ شوێنێکی تر، جگە لە کوردستان و لە سایەی دەسەلاتی کوردیدا، بە ئازادی هەڵسوکەوتتان کردووە و بە مافەکانتان شاد بوون؟

مەبەست لەم پرسیارانە و وەڵامەکانیان ئەوە نییە کە خوانەخواستە، خۆمان بە خاوەن بە بەخشندە بزانین و منەتتان بەسەردا بکەین، بەڵام بەمافی خۆمانی دەزانین کە لێتان بپرسین:

- ئایا پشتگیری کردنتان لەو لایەنانەی هەوڵ دەدەن کورد لاواز بکەن، کە بە بۆچوونی ئێمە هەمان ئەو لایەنانەن کە لە پشتی پەردەوە تاوانەکەی کەنیسەی «سیده النجاه» و چەندین تاوانی لەو شێوەیان دوێنێ و ئەمڕۆ ئەنجام داوە و ئامادەن کە سبەینێش ئەنجامی بدەن، هیچ بەرپرسیاریەتییەکتان ناخاتە ئەستۆ؟

- ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە هەموان لەو راستیە بگەین کە: «کاتێك پێگەی کورد بەهێزە، کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی عێراق دەتوانن ئازادبن و بە مافەکانیان شادبن، لاوازبوونی پێگەی کوردیش دەبێتە مایەی لەدەستدانی ئەو مافە ساکارانەیش کە بەدەستیان هێناوە».

# مانای (فرۆشتنی) ئێران لەلایەن رووسیاوە



**فەلەکەدین کاکەیی**

لەبەر ئەوەی رووسیا وازی هێناوە لە فرۆشتنی مووشەکی (S-٣٠٠) بە ئێران، سەرەك كۆماری ئێران ئەحمەدی نەژاد گوتی: ( رووسیا ئێمەی بە ئەمەریکا فرۆشت)!.

داستانی کڕین و فرۆشتنی هەڵوێست و پێوەندییەکان کردەوەیەکی باوی نێو دەوڵەتییە.

راگەیاندنەکەی ئەحمەدی نەژاد دوو ئاماژەی تێدایە:

١- دەرکەوت کە حیسابی نەژاد لە کورتی داوە و، کەوتووەتە هەڵەوە، چونکە نەفرۆءشتنی ئەو مووشەکەی لە حیسابدا نەبووە.

٢- دیارە ئەو مووشەکە جێگەی تایبەتیی هەبووە لە نەخشەی سەربازی و سیاسی حکومەتی تاران بەرامبەر بە ئیسرائیل و ئەمەریکا.

بە واتایەکی دیکە حیساباتی سەرۆکی ئێران بە بنبەست گەیشتووە، ئەوەتا ماوەیەکە بێدەنگە، وەك جاران هەڕەشەی مان و نەمان لە دەوڵەتی ئیسرائیل ناکات، ئەم بێدەنگییە لە چییەوە هاتووە؟ ئایا ئەحمەدی نەژاد لە نەخشەکانی نا ئومێد بووە؟ یا دەستی بە شتێك لە پیشەسازیی ئەتۆمی گەیشتووە کەوا بێدەنگ بووە؟!

لە هەموو حاڵەتێکدا، راگەیاندنی ئەحمەدی نەژاد لەمەڕ (فرۆشتنی) ئێران لەلایەن رووسیاوە ئاماژەی نهێنی و شتگەلی دیکە دەکات کە لە پشت پەردەوە شاردراوەن.

خوێندنەوەی بارودۆخی ناو ئێران، وەك رۆژنامە و ئاژانسەکانی خودی ئێران پیشاندەدەن، نا ئومێدیی داهاتووی حکومەتی تاران دەسەلمێنن.

لەسەرێکەوە فەشەلهێنانی پرۆسەی کڕینی مووشەکی (S-٣٠٠)، لە سەرێکی دیکەوە فشارهێنانی گەمارۆی ئابووری و بازرگانی و تەکنەلۆژی و بانکی- دارایی و دیبلۆماسی نێو دەوڵەتی، کە تەنگی بە خەڵکی ئێران هەڵچنیووە و، بەرەو گرانی زیادی نرخی نان و گۆشت و بەنزین و پێداویستی دیکە دەیبات، کە رەنگە پاڵنێونەری مانگرتن خۆپیشاندان و شڵەژانی کۆمەڵایەتی و سیاسی فراوانتر ببێ.

بێگومان رووسیا ناتوانێ ئێران(بفرۆشێت) چونکە ئێران وڵاتێکی گەورەیە، موڵکی گەلانی خۆیەتی، نە مولکی رووسیایە نە هیچ دەوڵەتێکی دیکە، ئەمما ئەوەی کە(فرۆشراوە) توانا و دەسەڵاتی حکومەتی ئەحمەدی نەژادە، ئەمەیان رەنگە بکەوێتە دانووستاندنەوە، چونکە (فرۆشتنی) ئاوەها یانی (وازهێنان) واتە راگەیاندنەکەی نەژاد ئاوەهای لێدێ کە(رووسیا وازی هێناوە لە پشتگیریی حکومەتی ئێران و سیاسەتەکانی) ئەم تەعبیرە دروستترە بۆ شرۆڤەی راگەیاندنەکە.

لە جیهانی سیاسەتدا وازهێنانی وەها هەمیشە روویداوە، هەمیشەش لایەنی لاوازتر یا بچووکتر لەلایەنی گەورەتر و بەهێزترەوە(فرۆشراوە) و وازی لێهێنراوە و پشتی بەردراوە.

مێژووی خۆمان پڕە لەو بازییە سیاسییە چەپەڵەیە، تەنیا لەلایەن رووسیاوە، بەلایەنی کەم، لەسەدەی بیستەمەدا سێ جار پشتمان بەردراوە:

١- ساڵی ١٩٤٦-١٩٤٧ یەکێتی سۆڤیەتی جاران(رووسیا) پشتی کۆماری دیموکراتی کوردستانی بەرداوە و پێشەوای سەرۆکی کۆمار لە سێدارە دراوە.

٢- ساڵی ١٩٧٣ یەکێتی سۆڤیەتی جاران وازی لە پشتگیریی شۆڕشی ئەیلول بە سەرۆکایەتی بارزانی هێناوە و شۆڕشەکە دووچاری کارەسات بووە لە ساڵی ١٩٧٥ یشدا ئەمەریکا پشتی شۆڕشەکەی بەرداوەو بوو بە بەشداریی گەورەی کارەساتەکە.

٣- ساڵی ١٩٩٨ دوای ئەوەی حکومەتی سوریا، وازی هێناوە لە عەبدوللا ئوجەلان ئەم پەنای بۆ مۆسکۆ بردووە بەڵام حکومەتی رووسیا ناچاری کردووە لەوێ نەمێنی، ئەوە بوو بەرەو یۆنان و ئیتاڵیا چووە، لە رۆژی دەرچوونی ئۆجەلاندا رۆژنامەکانی رووسیا بەناونیشانی گەورە نووسیوویانە(رووسیا ئۆجەلانی فرۆشت!) دواجار دەرکەوت کە ئۆجەلان قوربانی بازییەکی فراوانی نێو نەتەوەییە تا لە کینیا- ئەفەریقیا ڕادەستی دەزگاکانی حکومەتی تورکیا کراوە.

سەدان نموونەی دیکەی (فرۆشتنی) حکومەت و جووڵانەوە و حزب هەیە، کە هەر کاتێك دەوڵەتان(بەتایبەتی گەورەکان) بەرژەوەندیان بخوازێ، بێ یەك و دوو ئەم و ئەو دەفرۆشن و پشتی بەزەویدا دەدەن.

ئەمجارەیان دیارە ئەحمەدی نەژاد هەستی بەم جۆرە مامەڵەیە کردووە، کە دەوڵەتێکی گەورەی، وەك رووسیا، لەم تەنگانەیەدا، حکومەتی نەژادی (فرۆشتووە) و لە فرۆشتنی مووشەکەکان پەشیمان بووەتەوە.

هەر جۆرە کڕین و فرۆشتنێ لەو چەشنەیە کارەساتی بەدواوە هاتووە.



**بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی و ئابووری لەدیمانەیەکی گوڵان دا باسی لە بەرنامەو کاری داهاتووی وەزارەتەکەیان کرد، ئاماژەی بەوەدا کە ئەو پرۆژانەی بەهۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەوە تەواو نەبووە لەساڵی نوێ جێبەجێ دەکرێت، سەبارەت بە یاسای بودجەی حزبەکان وەزیری دارایی و ئابووری گووتی: ئەو یاسایەم تاکو ئێستا نەبینیوە، هاوکات یاسای تایبەت بەکارکردن لەکەرتی تایبەت کە لەلایەن وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتییەوە دەرچووە سەرەرای ئەوەی یاسایەکی باشە، بەڵام بەقورساییەکی دانا بۆ سەر بودجەی حکومەت، هاوکات پێی وابوو بەپێی پێویست کار بۆ ناوچە دابڕاوەکان نەکراوە، سەبارەت بەوەی وەزارەتەکان داواکاری و داخوازییەکی زۆریان هەیە وەزیری دارایی و ئابووری لەم دیمانەیەدا ئاماژە بەوە دەکات کە داواکارییەکانی ئوتۆمبێل و کەمالییات دڵتەنگی دەکات.**

## بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی و ئابووری بۆ (گوڵان):

# داواکردن و کڕینی ئۆتۆمبێل و کەمالیات لەلایەن وەزارەتەکانەوە بێزاری کردوم

**گوڵان:** هەڵبەتە کارکردن لە وەزارەتێکدا کە ئابووری وڵاتەکە لە قۆناغی ڕاگوزەرکاری بێ و نەگەیشتبێتە ئابووری بازاڕ، واتە خاوەنی فەلسەفە و سیاسەتی ئابووری دیاریکراو نەبین، ئایا کارکردن لەم وەزارەتەدا، قورس نییە ؟ ئەو ئاستەنگانە چین کە دێنە پێشتان؟

**بایز تاڵەبانی:** لە هەرێمی کوردستان بودجە یەکلایەنەیە، ئەوەش کاریگەرییەکی یەکجار زۆری کردۆتە سەر ئابوورییەکەمان، چونکە ئێمە هەرچی داهاتمان هەبێت دەگەڕێتەوە بۆ لای حکومەتی عێراقی فیدراڵ جگە لە داهاتی شارەوانییەکان و کارەبا و تەندروستی نەبێت کە بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە، هەرچی داهاتێکی تر هەبێت وەکو باجەکان و گومرك و... تاد، ئەوەی دەردەکەوێت و وەسڵی پێی بڕاوە و بێگومان هەموو داهاتێکیش وەسڵی بۆ دەبڕدرێت و لە کۆتاییدا مقاسەیەکی پێدەکرێت لەوێوە لێمان دەبڕن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بڵێین بودجەمان یەکلایەنەیە کە بودجەش یەکلایەنە بوو مانای وایە کارەکانی ئێمە سنووردارە، ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی کردۆتە سەر بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان، کە نەتوانین داهاتەکانی خۆمان بە تەواوی وەربگرینەوە و بۆ ئەوەی ئیش و کاری وەزارەتی دارایی و ئابووری خۆمان پتر پەرەبستێنی و هەنگاوی زۆرتر و باشتر بنێین و ئەو بودجەیەی لە بەغداوەش بۆمان دێت سنووردارە و دابەشی سەر(١٢) مانگی دەکرێت و ئەمەش هەموو جارێك بەسێ جار دەگاتە دەستی ئێمە، سەرەڕای ئەمانەش ئێستاکە ئەو وەزارەتانەی کە پێوەندییان بە ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزارییەوەیە لە ئیشکردنی خۆیان بەردەوامن، هەر بۆ نموونە لە بواری کشتوکاڵەوە هەنگاوی باشمان هاویشتووە، بانکی کشتوکاڵی کراوەتە و قەرز بە جووتیاران دەدات، هەروەها لە بواری پیشەسازییەوە بانکی پیشەسازی کراوەتەوە و سلفە بە پیشەسازیکاران دەدەن، بانکی خانووبەرەو و سندووقی نیشتەجێبوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێیبوون و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاویان هەیە، پارەیەکی یەکجار زۆر بۆ بواری نیشتەجێکردن خەرجکراوە و لەسەر ئاستی عێراقیشدا تا ئێستا کاری لەمجۆرە نەبووە.

### ئەو پرۆژانەی کە تەواویش نابێت بۆ ساڵی داهاتوو لە جێبەجێکردنیان بەردەوام دەبن و پارەی تەرخانکراوی پرۆژەکانیش پارێزراو دەبێت

**گوڵان:** بە هۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی ساڵی(٢٠١٠)، هەڵبەتە پارە و داهاتێکی زۆر ماوەتەوە لە پرۆژانەی کە ئەنجام نەدراوە، ئایا ئەو پارە و بودجانە چی بەسەردێت یان لە پرۆژەکان خەرج دەکرێت، دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەکە چ کێشە و گرفتێکی بۆ ئێوە دروست کردووە؟

**بایز تاڵەبانی:** هەموو ساڵێك بودجەی ئێمە دوا دەکەوێت، چونکە سیستەمی پەرلەمانی کوردستان ئاوایە دەبێ بودجە لە مانگی تشرینی یەکەمەوە بڕوات، بەڵام بەدەستی ئێمە نییە، لەبەر ئەوەی تا ئێستا بە فەرمی بودجەی کوردستان وەکو ژمارەیەك بە ئێمە نەدراوە بەتایبەتی ئەمساڵیش، لەم ڕۆژانە لە تەلەفزیۆنێ گوێم لێی بوو وەزیری دارایی عێراق دەڵێ ئێستاکە بودجە دەنێرینە ئەنجوومەنی وەزیران، بەلای کەمەوە بودجەکە لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دەربچێت بەرچاو ڕوونییەك بۆ ئێمە دیار دەبێت کە ئێمە چۆن کار لەسەر بودجەکەمان بکەین، گەرچی لابەلا ژمارەیەکمان لە بودجەکە وەرگرتووە لەسەر ئەم ژمارەیە کاری بودجەمان تەواوکردووە لەم هەفتەیەدا ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکرێت و لە پاشان دەچێتە پەرلەمان، هەر دواکەوتنی بودجەیە بۆتە هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکانمان سەرەڕای ئەم دواکەوتنەش وەزارەتی پلاندانانی خۆمان لەگەڵ وەزارەتەکانی تر کاری باشیان ئەنجامداوە و ئەم پڕۆژانەی پێویستن و ئەولەویەتیان هەیە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە دابەشی سەر وەزارەتەکان کراوە و ئێستا کە وەزارەتی دارایی تەمویلیان دەکات و ئەو پرۆژانەی کە تەواویش نابێت و لە ساڵی داهاتوو لە جێبەجێکردنیان بەردەوام دەبن و پارەی تەرخانکراوی پرۆژەکانیش پارێزراو دەبێت.

### هەر چەندەی لە پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر بودجە بکرێت باشە بۆ ئەوەی بودجەیەکی تەواو و ڕێکوپێک دەربکەوێت

**گوڵان:** پێشبینی ئەوە دەکەیت ئەمساڵیش بودجە بکەوێتە بەر ململانێیەکی سیاسی لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا؟

**بایز تاڵەبانی:** باسەرەتا باسی عێراق بکەین، ئەگەر پەرلەمانی عێراق بەم شێوەیە بێت و حکومەت تا ئێستا پێکنەهێنراوە و ئایا حکومەتی کۆن بڕیار لەسەر بودجەکە دەدات یان چاوەڕوانی حکومەتی نوێ دەکەین، نازانین، ئەگەر حکومەتی ئێستا بڕیاری لەسەر بدات و پەرلەمان دابنیشێت ئەوە زووتر بودجەکە بڕیاری لەسەر دەدرێت و پەسەند دەکرێت، بەڵام وەکو بارودۆخەکەی عێراق دەبینین کە دەکەوێتە ناو ململانێ، خۆی بودجە خەمڵاندنە دیارە بەپێی کار و ئاڕاستەی حکومەت دادەنرێت و دەینێرێت بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی وەزیران زیاتر بۆچوونەکانی خۆی لەسەر دەردەبڕێت و لە هەر شوێنێك هەڵەیەك هەبێت یان بۆچوونی تری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو هەبێت ئەوا دەگێڕدرێتەوە و ئەو هەڵەیە و بابەت و بۆچوونانە چاك دەکرێنەوە و دەچێتەوە ئەنجوومەنی وەزیران و لە پاشان ئەوان پەسەندی دەکەن و دەچێتەوە پەرلەمانی کوردستان و هەر چەندەی لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت باشە بۆ ئەوەی بودجەیەکی تەواو و ڕێکوپێك دەرکەوێت.

## یاسای بودجەی حزبەکان دراوە بە حکومەت، بەڵام من تا ئێستا زۆر زانیاریم لەسەر ئەم یاسایە نییە

**گوڵان:** پرۆژەی یاسای بودجەی حزبەکان کە ئێستا لە پەرلەمان وتوویژی لەسەر دەکرێت تا چەند ئاگاداری ئەم بودجەیەن، ئایا لەو بودجەیە رەچاوی ژمارەی ئەندامانی حزب و مێژوو کراوە یا تەنیا باس لە ژمارەی وردەکاریەکەی کورسی پەرلەمانی دەکرێت، ئایا راوبۆچوونی ئێوە وەکو وەزارەتی دارایی وەرگیراوە و چییە؟

**بایز تاڵەبانی:** یاسای بودجەی حزبەکان تا ئێستا من نەم دیتووە، بەڵام دراوە بە حکومەت و ئەگەر درا بە پەرلەمان ئومێدەوارم بە زووترین کات دەربچێت بۆ ئەوەی یاسایەکە بێتە مەیدانی کارپێکردنەوە، تاوەکو میزانیەکەی خۆمان بە گوێرەی حزب و رێکخراوەکان و لەسەر ئەوبنەمایە رێك بخەین، لە راستیدا من تا ئێستا زۆر زانیاریم لەسەر ئەم یاسایە نییە.

## پرۆژە لەلای ئێمە باشتر رادەگەیەنرێت و باشتریش جێبەجێ دەکرێت هەر بۆیە ئەو پارەیەی بۆ وەبەرهێنان دادەنرێت بەشی ئێمە ناکات

**گوڵان:** ئەمساڵ وەزارەتەکان پلان و بەرنامەی زۆریان هەبوو بۆ پرۆژەکان، بەڵام کاتێك بودجەیان بۆ دەرچوو هەموو رایانگەیاند لەبەر کەمی بودجەکەیان تەنیا لە (١٠٪)ی پرۆژەکانیان بۆ ئەنجام دەدرێت، بۆچی خەمڵاندنی وەزارەتەکان لەگەڵ ئێوەدا ئەو کەلێنە گەورەیەی تێدایە؟

**بایز تاڵەبانی:** دیارە بودجە لە دوو بەش پێکدێت، بودجەیەکی بەگەڕخستن و بودجەیەکیش وەبەرهێنانە، بودجە خۆی لە بنەڕەتەوە کە لەبەغداوە دێت دیاریکراوە بڕی بودجەی بەگەڕخستن ئەوەندەیە و وەبەرهێنانیش ئەوەندەیە.

بێگومان مووچە ئیفلیج بوون دەخاتە سەر بودجەی بەگەڕخستن(تەشغیلی)، چونکە ئاستی مووچە یەکجار زۆرە، ئەو بودجەیەش ئەوەندە نییە یان ئیمکانیاتی ئەوەی تێدانییە هەڵیبگریت و بیخەیتە سەر بودجەکەی وەبەرهێنان، چونکە بودجەی وەبەرهێنان بە ئاسایی خۆی زۆر بە کەمتر دێت لە بودجەی بەگەڕخستن، لەلای ئێمەش وەکو عێراق نییە، ئەمن و ئاسایش هەیە و پاڵنەر و داخوازی ئێمەش زۆرە و وێرانکاری و کارەساتەکانی بەسەر کوردستانیش داهاتووە زۆر زیاتر و گەورەترە، لەبەر ئەوە پرۆژە لەلای ئێمە باشتر رادەگەیەنرێت و باشتریش جێبەجێ دەکرێت هەر بۆیە ئەو پارەیەی بۆ وەبەرهێنان دادەنرێت بەشی ئێمە ناکات ..

## بێگومان ئەو یاسایەی لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەرچووە، ئەمە قورساییە بۆ سەر بودجەی بەگەڕخستن

**گوڵان:** وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی یاسایەکی دەرکردوە بۆ ئەوەی هەر کەسێك لە کەرتی تایبەت کاربکات بڕە پارەیەکی بدرێتێ ئایا ئەمە تا چەند بودجەی بەگەڕخستنی قورس کردووە؟

**بایز تاڵەبانی:** ئەم بڕە پارەیەی بۆ ئەم یاسایە دیاریکراوە لەسەر بودجەی بەگەڕخستنە، بەڵام ئێمە حیسابی ئەوەشمان کردووە و لە کاتی دەرچوونی ئەو بڕیار و یاسایانە پرس بە وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوە و ئاگادارین و بڕیار و رای خۆشمان داوە بۆ جێبەجێکردنی، بێگومان ئەمە قورساییە لەسەر بودجەی بە گەڕخستن، بەڵام کارێکی ئەوەندە پیرۆز و گرنگە لە پێناوی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنج و بێکاران بۆیە پەسەندمان کردووە و حیسابیشی بۆ کراوە.

## یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری دەرچووە کە یاسای ژمارەی(١١٥) بەپێی ئەو یاسایە یەک وەزارەتی دارایی هەیە

**گوڵان:** مەسەلەی سیستەمی دوو ئیدارەیی کە پێشتر هەبوو، ئایا تا ئێستا چ هەنگاوتان ناوە بۆ ئەوەی دوو ئیدارەکە یەکتر بگرێتەوە؟

**بایز تاڵەبانی:** یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری دەرچووە کە یاسای ژمارەی(١١٥) بەپێی ئەو یاسایە یەك وەزارەتی دارایی هەیە، یەك وەزیر و یەك بریکاری وەزیرە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی دەست نیشان کردووە و چوار راوێژکاری هەیە و هەندێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبوو نەماوە و هەندێکی دیکە تازە دانراوە جاران لە کۆندا نەبوون، ئێستا ئێمە لەم قۆناغەداین بەپێی بڕیار و یاساکەی پەرلەمان دەبێ سیستەمێك دابنێین و سیستەمەکەش لەلای ئێمە تەواوبووە لە هەفتەی رابردوو چۆتە ئەنجوومەنی وەزیران و بەپێی یاساکە ئەو سیستەمە شیدەکاتەوە کە وەزارەتی دارایی و ئابووری لەچی پێکدێت و هەیکەلی وەزارەتەکەمان بە ڕێکوپێکی داناوە و چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەین وبۆئەوەی دەست نیشانی بەڕێوەبەرە گشتیەکان لەسەر بنەمای بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە تازەکان بکەین، ئینجا ئێمەش لەسەری دەستبەکاردەبین .

## ئەگەر لە عێراقی فیدراڵ مووچەی خانەنشینی زیادی کرد ئەوە ئێمەش زیادی دەکەین

**گوڵان:** لێرەو لەوێ دەنگۆی ئەوە هەیە لەتەمەنی کەمترلە (٦٣)ساڵ مووچەخۆران خانەنشین دەکرێت ئەمە چۆنە و ئایا بڕیاری زیادکردنی مووچەی خانەنشینی هەیە ؟

**بایز تاڵەبانی:** تا ئێستا هیچ بڕیارێکی وامان بۆنەهاتووە کە لە خانەنشینی کەم بکەینەوە یان زیاد بکەین، بۆمووچەی خانەنشینان و مووچە بەگشتی بڕیاری پەرلەمان هەیە دەبێ ئێمە وەکو بەغدا سەرفی بکەین، ئەگەر لە عێراقی فیدراڵ مووچەی خانەنشینی زیادی کرد، ئەوە ئێمەش زیادی دەکەین، ئەگەر ئەوان کەمی بکەن بۆی هەیە ئێمە دەستکاری نەکەین.

## لەساڵی ئایندەش پێشینەی خانووبەرە هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە

**گوڵان:** لە ساڵی نوێ دا پرۆژەتان بۆ بەردەوامبوونی پێشینەی خانووبەرە چییە، ئایا وەکو خۆی دەمێنێتەوە؟

**بایز تاڵەبانی:** پێشینەی خانووبەرە هەر وەکو خۆی دەمێنێت، خۆزگە ئیمکانیاتمان هەبووایە و زیاترمان بکردبووایە، هەر چەندە لە ماوەی رابردوو بڕە پارەیەکی زۆرمان بۆ پێشینەی خانووبەرە سەرفکردووە و ئێستا کە گوندەکانیش دەتوانن لەم پێشینەیە سوودمەند بن و پێشتریش پێشینەی خانووبەرە دەدرا، بەڵام بۆ باشترکردنی بڕی(٩٠) ملیارد دیناریش زیادکرا، بەڵام لەو ئاستەش رانەوەستاوە، بەڵکو تا ئێستا بڕی(٤٠٠) ملیارد دینار وەکو پێشینەی خانووبەرە بە هاووڵاتیان دراوە، چونکە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیارێکی تری دا، تاوەکو لە پێدانی پێشینەی خانووبەرە بەردەوام بین، بۆیە ئەو پارەیەی خۆمان دامان نابوو و ئەو بڕە پارەیەی بۆ باشترکردنی لە لایەن پەرلەمانەوە دانرا بوو هەر هەمووی سەرفکرا تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە بووە(٤٠٠) ملیارد دینار و هاووڵاتیان زۆر سوودیان لێ وەرگرتووە رۆژ لە دوای رۆژ خەڵکەکە پتر رووی تێدەکات، بەتایبەتی لەبەر ئەوەش کە زیادەی ناخرێتە سەر و بە ماوەیەکی درێژخایەنیش دەدرێتەوە و ئەمە لە هیچ وڵاتێکدا ئاوا نییە تا ڕادەیەکی وا لە عێراقیش ئەمە نییە.

## خانەقین و کەرکووک و شەنگال و هەموو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەش شاری کوردستانن و کار و پڕۆژەمان بۆیان ئەنجام داوە

**گوڵان:** گلەیی و گازاندەی ئەوە لە شارێکی وەکو خانەقین وکەرکوك هەیە کە دەڵێن حکومەتی کوردستان هیچ بودجەیەکی بۆ تەرخان نەکردووین، جەنابتان چ لێکدانەوەیەکتان بۆ ئەمە هەیە؟

**بایز تاڵەبانی:** خانەقین و کەرکووك و شەنگال و هەموو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەش شاری خۆمانن و کوردستانە و بەپێچەوانەوە ئێمە وەکو حکومەتی کوردستان کارو ئیشی باشمان بۆ ئەم ناوچانەکردووە، بەڵام بەپێی پێویست نەبووە و

**پێشینەی خانووبەرە هەر وەکو خۆی دەمێنێت**

**رێژەی مووچە ئەوەندە زۆرە شەلەل دەخاتە بەردەم بودجەی بەگەڕخستن**

**بڕیاری پەرلەمان هەیە ئەگەر مووچەی خانەنشینی لە بەغدا زیاد بکرێت، ئێمەش زیادی دەکەین**

ئەوەی کردوومانە واجبە و مافی خۆیانە، بەڵکو پێویست بەوە دەکات دە هەندیان بۆ بکرێت، بەڵام ئەوانە بودجەکەیان لە حکومەتی بەغدایە ئەوانیش بەپێی پێویست کاریان بۆ ناکەن، بەڵام حکومەتی کوردستان ئاراستەی ئاوایە ئەوەی لە توانا و ئیمکانیات هەبێت بۆیان بکەین و ئێمە ساڵانە و لە داهاتووش کار و پرۆژەی دیار و باشمان هەبووە بۆ ناوچە دابڕاوەکانمان و بۆ نموونە چەندەها فەرمانبەرمان لە خانەقین و کەرکوك و شارەکانی دیکە هەیە کە مووچە لە حکومەتی کوردستان وەردەگرن، هەروەها چەندین پرۆژەی وەکو ئاو و کارەبا و بەنداو ڕێگاوبان،.. تاد.

لەسەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم ناوچانە ئەنجام دراوە، تەنیا لە سنووری شاری کەرکووکدا پتر لە (٥٥) گوند لەسەر بودجەی حکومەتی کوردستان ئاوەدان و تازەکراونەوە، هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی لەم شارانە تەنسیب کراون تا ئێستاش حکومەتی عێراق ئامادە نییە (١٠) دینار مووچەیان پێبدات، بەڵکو ئێستاش مووچەکانیان هەر لە کوردستان وەردەگیرێت و هەر ئەمساڵ بۆ مامۆستایانی ئەم شارانە و بۆ باشتر کردنی گوزەرانیان لە پلەی وەزیفیدا پلەی تایبەتمان بۆیان داناوە و ئەمەش لە میلاکدا تۆمارکراوە، ئەوەی بۆ ئەوانەمان کردووە زۆر کەمە، ئەگەر ئیمکانیات هەبوایە هەزار ئەوەندەمان بۆیان دەکرد، چونکە ئەم ناوچانە هەقی خۆیانە زۆر دەردەسەری و مەرگەساتیان دیتووە و زۆر خراپیان لێقەوماوە هەرچی بۆیان بکەین هەر کەمە.

## بانکەکانی حکومەتی کوردستان متمانەیەکی زۆریان لە لایەن خەڵکەوە پەیداکردووە

**گوڵان:** بانکەکانی ئەهلی لە کوردستاندا بەشێوەیەکی نایاسایی و دوور لە ڕێنمایی قەرز بە هاووڵاتییان دەدەن بەتایبەتی ئەو زیادەیەی کە دەخرێتە سەری زۆرە و ماوەی قەرزەکانیش درێژخایەن نییە بۆ ماوەیەکی کورتە گەرچی لە جیهاندا بە گشتی پارەدانان لە بانك قازانجی (١٠٪)ە و لە کوردستان(٦٪)ە، تاکەی بانکە ئەهلییەکان سەرقاڵی کاری لاوەکی دەبن و ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە سیستەمی بانکەکان بگۆڕن یان چاوخشاندنەوەیەکیان لە بارەوە بکەن؟

**بایز تاڵەبانی:** لەسەرەتای وەڵامی ئەم پرسیارەدا با باسی بانکی حکومی خۆمان بکەم ئێستاکە هاووڵاتیان بەبێ حیساب ڕوویان تێکردووە و بانکەکانمان متمانەیەکی زۆریان لە لایەن خەڵکەوە پەیداکردووە و دانانی پارە لە بانکەحکومیەکان لە ئاستێکدایە ژمارەکان زۆر بۆ سەرەوەیە، بەڵام لە بارەی بانکە ئەهلییەکانەوە تەنیا لیژنەیەك هەیە لەسەر ئاستی بانکی ناوەندی بەغدایە و (پارێزگاری بانك) لیژنەی تایبەتیان هەیە و مۆڵەت دەدەن بەوبانکانە و چاودێری کارەکانیشیان دەکەن و لە کوردستانیشە دوو بانك هەیە لقی ئەو بانکەن لە هەولێر و لە سلێمانی و ئەم دوو بانکە لیژنەیان هەیە بۆ چاودێریکردنیان و دیارە ئەو بانکانە هەندێکیان تووشی شکست هاتن ئێستا کە لە ڕێگای بانکی ناوەندی حکومەتی عێراقی و لقی کوردستان دەیانەوێت هەندێك کێشە و گرفتەکانیان کەم بکەنەوە و، داواکارم بانکە ئەهلییەکان پتر سەرپەرشتیاریان هەبێت و خۆیان کۆمەڵەیەکیان هەبێت بۆ ئەوەی زیاتر لە یەکتر بگەن و پتر پێوەندییان هەبێت و ئێمەش وەکو حکومەت پتر بتوانین سەرپەرشتیار بکەین.

## هەر کەسێك لە کەرتی تایبەت کاربکات زەمانی هەیە، زەمانەتەکەش خاوەن کار(٨٪) و حکومەتیش (٤٪)ی بۆ دەدات

**گوڵان:** ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگا و قۆناغەکانی ئامادەییمان دەبێت، هەموو ئەمانەش هەوڵدەدەن لە کەرتی گشتی لە حکومەت دابمەزرێن ئێوە چ بەرنامە و پلانێکتان بۆ ئەمانە هەیە، ئایا دەتوانن هەموو ئەمانە دابمەزرێنن و بودجەی بەگەڕخستن توانای ئەو هەموو دامەزراندنەی ئەمانەی هەیە؟

**بایز تاڵەبانی:** ئەگەر هەموو ئەو دەرچووانە لە کەرتی گشتی لە حکومەت دابمەزرێنین ئەوە بێگومان هەموو بودجەکەی بەگەڕخستن لە ١٠٠٪ دەبێتە مووچە، بۆیە دەبێ بیر لە کاری دیکە بکەینەوە بۆ ئەو مەبەستەش حکومەتی کوردستان بیری لە دامەزراندنی دەرچووان و بێکاران کردەوە لە ناو کەرتی تایبەت و هەندێك هەنگاویشی ناوە، ئەمەش ئەوەیە هەر کەسێك بیەوێت لە کەرتی تایبەت کار بکات حکومەت تا(١٥٠) هەزاری پێدەدات، سەرەڕای ئەوەش یاسای زەمان بۆ فەرمانبەرانی کەرتی تایبەتیش دانراوە کە پێشتر خاوەن کار(١٢٪) و فەرمانبەرەکەش (٥٪) ی دەدا، بەڵام ئێستا کە بۆ هەموو کەسێکە لە هەر شوێنێکی کەرتی تایبەت کاربکات و زەمانەتەکەش خاوەن کار(٨٪) و حکومەتیش (٤٪) بۆ دەدات و ئەمانەش پاڵپشتی و هاوکارکردنە بۆ کەرتی تایبەت و بۆ ئەو کەسەش کە کاریان لەلا دەکات و ئەمە تا ڕادەیەك چارەسەرێکە بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگە و هەر کەسێکی بیکارێت، لەلایەکی دیکە خەڵکانی خۆمان کە لە زانکۆ یان پەیمانگا یان لە ئامادەییەکان دەردەچن و دەیانەوێت دابمەزرێن ئەوە ئەرکی ئێمەیە و لەسەرمان پێویستە دایانبمەزرێنین و کاریان بۆ بدۆزینەوە.

**گوڵان:** نادادپەروەری لە سیستەمی مووچەکاندا هەیە و کەلێنێکی گەورە لە نێوان مووچە نزمەکان و مووچە تایبەتیەکان هەیە، ئایا هیچ بەرنامەیەك لەبەر دەستدا هەیە بۆ پێداچوونەوە بە سیستەمی مووچە؟

**بایز تاڵەبانی:** حەز دەکەم بە ئەمانەتەوە باسی ئەوە بکەم لە ڕاستیدا مووچە لە بەغدا چۆنە لەلای خۆشمان بە هەمان شێوەیە جگە لە پەرلەمانتار و وەزیر، ئەو مووچەیەی کە وەزیری و پەرلەمانتار لە کوردستان وەری دەگرن کەمترە و نیوەی ئەو موچەیە نییە کە وەزیر و پەرلەمانتار لە بەغدا وەری دەگرن .

## حساب بۆ نەوت کراوەتەوەو فعلەن حیسابەکەش پارەی هاتۆتەناوێ

**گوڵان:** تا چەند داهاتی پیترۆڵ لە پرۆژەکانی خزمەتگوزاری خەرج دەکرێت و داهاتی پیترۆڵ گەڕاوەتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئایا ئەو داهاتە چەندە؟

**بایز تاڵەبانی:** دیارە بە نیسبەت نەوتەوە پەرلەمان لە یاساکەی خۆیدا داوای کردووە ئەمساڵ لە چەند ماددەیەکی یاساکەیدا چەندحسابێك بۆ وەزارەتی نەوت بکرێتەوە و وەزارەتی نەوت حیسابەکانی کردۆتەوە و ئێستا لە وەزارەتی داراییە، ئەوەی هاتووە و زانراوە لە حیسابێکیانەوە پارەی هاتۆتە ناوێ و لەم حیسابەش ئاگاداری پەرلەمان کراوەتەوە و پرۆژەکانیش بەقەدەر ئەو پارەیە پێشکەش بە پەرلەمان کراوە و ئێستا کە لە پەرلەمانە بۆ ئەوەی پەسەند بکرێن، بێگومان ئەوەی لە یاسای بودجەی ئەمساڵی ڕابردوو (٢٠١٠) ە هاتووە بۆکردنەوەی حیساب بۆ ئەوەی پارەی نەوت بێتە ناوئەو حیسابە فعلەن ئەو حیسابەکراوەتەوە.

## بە هیچ شێوەیەک نەمان هێشتووە نەخۆشخانەکانمان لەسەر داو دەرمان یان هەر پێداویستییەکی دیکە بێت کاریان بوەستێت

**گوڵان:** پێت وانییە بواری تەندروستی بودجەیەکی کەمی بۆ دانراوە بەرامبەر بەو هەموو نەخۆشانەی کە ئێستا لە کوردستان هەیە، بەتایبەتی نەخۆشی شێرپەنجە تەنیا لە مانگێکدا لە سلێمانی ٢٢٠٠ کەس تووشبووە و ڕەوانەی نەخۆشخانەی هیوا کراون و لەشارەکانی دیکەی کوردستانیش ئەم نەخۆشیانە زۆرە ؟

**بایز تاڵەبانی:** ئەگەر ئەمجۆرە میزانیانە کەم بێت لەلای خۆمانەوە دەمودەست لە بودجەی بەدەگ یان لە بودجەی تر بۆیان زیاد دەکەین، ئەگەر سەردانی نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی یان ئەوەی هەولێر بە هەمان شێوە بکەین،دەبینین خەڵکێکی زۆریان لێیە تووشی

**تا ئێستاکە بڕی (٤٠٠ ) ملیارد دینار وەک پێشینەی خانووبەرە بەهاووڵاتیان دراوە**

**کارو ئیشی باشمان بۆ ناوچە دابڕاوەکان کردوە، بەڵام پێویستە دە هەندیان بۆبکرێت**

**تەنیا لەسنووری شاری کەرکووک پتر لە (٥٥) گوندمان لەسەر بودجەی کوردستان ئاوەدان و تازەکردۆتەوە**

**لەلایەن حکومەتی کوردستان بڕیارێک دەرچووە هەر کەسێک لە کەرتی تایبەت کاربکات زەمانی دەبێت و (١٥٠) هەزار دیناریشی لەلایەن حکومەتەوە پێدەدرێت**

**ئەرکی ئێمەیە و پێویستە لەسەرمان دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگا و ئامادەییەکان دابمەزرێنین و هەلی کاریان بۆ بدۆزینەوە**

**مووچەی وەزیر و پەرلەمانتارانی کوردستان نیوەی مووچەی وەزیر و پەرلەمانتارانی عێراقە**

نەخۆشی شێرپەنجەبوون، ئەم جۆرە نەخۆشیەش پێویستی بە جورحەیەك هەیە لەلای خۆمان پێی دەڵێن کیمیاوی،ئەم جورحانە بۆ هەر نەخۆشێك بۆ یەك وەجبە نزیکەی (٥) هەزار دۆلاری تێدەچێ،ئەمەش لەسەر حکومەتە و بۆیان دابین دەکات و بە هیچ شێوەیەك نەمان هێشتووە نەخۆشخانەکانمان بوەستێت لەسەر داو دەرمان یان هەر پێداویستییەکی دیکە بێت و هەر کاتێك پێویستیان بە پارە هەبێت بۆیان ئامادە دەکەین و هاوکاریان دەکەین.

## لە بواری تەندروستیش بنکە و تاقیگە لە خاڵە سنوورییەکان هەیە کە پشکنینی تایبەت بەداو دەرمان ئەنجام دەدەن

**گوڵان:** لێرە و لەوێ دەبینین بڕێکی زۆر کاڵا و شمەك و داو دەرمانی ئێکسپایەر دێتە بازاڕەکانی کوردستان، تا چەند ناوچە سنوورییەکان و دەروازەکان توانراوە کۆنترۆڵ بکرێت، ئایا ئەمە لەدەست ئێوەیە یان هەما هەنگیتان لەگەڵ وەزارەتە و لایەنە پێوەندارەکان هەیە؟

**بایز تاڵەبانی:** دیارە لە هەموو دەروازە سنوورییەکان ئێستاکە تاقیگەی تایبەتی هەیە و پشکنینی تایبەتی بۆ کاڵا و شمەکەکان ئەنجام دەدەن هەر بابەتێکی خراپ و بەسەرچوو ببینین و لە پشکنین دەرنەچێت ناهێڵن بێتە کوردستان و لە بواری تەندروستیش بنکەیان لە خاڵە سنوورییەکان هەیە کە پشکنینی تایبەت بەداو دەرمان و پێداویستی پزیشکی ئەنجام دەدەن و بەبێ ئەم بنکانە داودەرمان و کەلوپەلەکانی دیکەی پزیشکی نایەنە کوردستان.

## دانانی مەرج و چەسپاندنی ڕێنمایی لەسەر کۆمپانیاکانی هێنانی ئۆتۆمبێل پێوەندی بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییەوە هەیە

**گوڵان:** ماوەیەك لەمەوبەر هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل سنووردارکرا، بەڕادەیەك ڕێگا لە هاتنە ناوەوەی ئۆتۆمبێلی مۆدیلی ٢٠٠٨ بەخوارەوە نادرێت؟ ئایا ئێوە بەنیازنین کۆمپانیاکانی هێنانی ئۆتۆمبێل پابەندی هەندێك ڕێنمایی گشتی بکەن وەکو نرخ و بەرپرسیارێتی لە نەبوونی مواسەفات و هێنانی یەدەگ؟

**بایز تاڵەبانی:** بوونی ئەم هەموو ئۆتۆمبێلە لە کوردستان مانای ئەوەیە کە خەڵکەکەی ئێمە بارودۆخی دارایی و ماددی باشە و تا ئاستێکی ئاوایە شەقام و ڕێگا و بانەکانی کوردستان توانای ئەو هەموو ئۆتۆمبێلەیان نەماوە، هەر بۆیە ئەو بڕیارەماندا کە ئۆتۆمبێلی لە خوارەوەی مۆدیل ٢٠٠٨ نەهێتە بازاڕەکانی کوردستان و بەنیازین بۆ ئەمساڵیش بە هەمان شێوە ئۆتۆمبێل بێتە کوردستان، دانانی مەرج و چەسپاندنی ڕێنمایی لەسەر کۆمپانیاکانی هێنانی ئۆتۆمبێل پێوەندی بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییەوە هەیە و ئەوانیش مەرج و ڕێنماییان لەسەر هێنانی ئۆتۆمبێل داناوە.

## لابردنی سفرەکانی سەر دراو تەنیا بۆی هەیە ئاڵوگۆڕی پارەکە ئاسانتر بکات

**گوڵان:** تا چەند لابردنی سفرەکانی سەر دراو لەبەرژەوەندی خەڵکی عێراق و کوردستانە و ئایا پرۆژەی ئاوا هەیە؟

**بایز تاڵەبانی:** تا ئێستاکە دووجار بەڕێوەبەری بانکی ئێمەیان بۆ کۆبوونەوە لە بەغدابانگ کردووە، بەڵام نەگەیشتوونەتە هیچ دەرەنجامێك، من بەڕاوبووچوونی خۆم لابردنی سفرەکان کاریگەری لەسەر بەرژەوەندی خەڵك نابێت، تەنیا بۆی هەیە ئاڵوگۆڕی پارەکە ئاسانتر بکرێت، بەڵام لە ئایندەدا بۆی هەیە کاریگەری دروست بکات، وەکو وتم بۆ ئەمڕۆ کاریگەری نابێت.

## دەزگای وەبەرهێنان کار و ئیشێکی یەکجار زۆری کردووە و پارەی وەبەرهێنەری هێناوەتە کوردستان

**گوڵان:** وەکو وەزیرێك تا چەند لە کارەکانی دەزگای وەبەرهێنان رازیت، بەتایبەتی وەبەرهێنان بەرەو بەڵێندەرایەتی و بازرگانی چووە نەك بەرەو بواری بەرهەمهێنان.

**بایز تاڵەبانی:** دەزگای وەبەرهێنان کار و ئیشێکی یەکجار زۆری کردووە و من یەکێکم لە لیژنەی باڵای ئەم دەزگایە کارەکانیشیان بواری جۆراو جۆر و باشی گرتۆتەوە و پارەی وەبەرهێنەریش دەهێنە ناو کوردستان، جگە لە سندوقی نیشتەجێکردن نەبێت ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی هیچ جۆرە پارەیەکمان نەداوە بە دەزگای وەبەرهێنان.

## هەندێ کارو داواکاری وەزارەتەکان ماندوو و سەخڵەتم دەکات

**گوڵان:** لە کاری چ وەزارەتێك ماندوویت، چونکە زۆرجار سستی بەڕێوەچوونی پرۆژکانی کوردستان ئۆباڵی دەخرێتە سەر رۆتینەکانی وەزارەتی دارایی لە پێدانی سولفە و خێرا رایی نەکردنی کاری ئیداری؟

**بایز تاڵەبانی:** وەزارەتەکان کارەکانیان ماندووم ناکات، بە تەئکید لە هەر کۆبوونەوەیەك بێت لە ئاستی وەزارەتەکان یان بەڕێوەبەرە گشتییەکان بێت هەموویان گلەییان لە وەزارەتی دارایی هەیە، دیارە وەزارەتی داراییش ئەو ئیمکانیاتەی لەبەردەستیدایە لەسەر ئەو بنەمایە کاری بۆ دەکات، وەزارەتی دارایی ژمارەیەکە و هەموو وەزارەتەکان تموحی خۆیان هەیە و دەیانەوێت خزمەتی باش پێشکەش بکەن کە دێتە سەر مەسەلەی ئەوەی کە ئیمکانیاتەکەی بچێتە سەر وەزارەتەکەی و بچێتە بەردەستی دەبینی وەزارەتی دارایی ئەو تەمویلەی وەکو پێویست ناداتێ، چونکە وەزارەتی دارایی ئەو بڕە پارەی نییە و بڕی بودجەی کە لە عێراق بۆمان دانراوە هەر هەمووی بە یەکجار بۆمان نانێرێت، بەڵکو دابەشی سەر(١٢) مانگی دەکات ئەمەش بەسێ جار دەنێرێت واتە میزانیەکەی کوردستان بە(٣٦) جار لە بەغداوە دێت، لە پاشان ئەو ئیمکانیاتە نییە ئەوەی هەر وەزارەتێك دەیەوێت بۆی دابین بکەین، لەبەر ئەوە بە تەئکید گلەیی دەکەن، من دەڵێم گلەییەکان لە شوێنی خۆیدایە،گەرچی زۆر جار لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەڵێم داواکارم هەموو وەزیرێك یەك مانگ ببێتە وەزیری دارایی بۆ ئەوەی بزانێ بارودۆخی وەزارەتەکە چۆنە، چونکە بودجەکەمان سنووردارە کە دێتە سەر ئەوە و بۆ ئەوەی باشترین پرۆژە پێشکەش بکەیت و خزمەتی وڵاتەکەت بکەی دەبینی بودجە کەمە یان نییە لەو کاتەدا دەڵێن کێشەکە وەزارەتی دارایی دروستی دەکات، من لە کارو ئیشی وەزارەتەکان نامورتاح نیم، بەڵام هەندێ جار وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان داوای شتێك دەکەن جێبەجێ ناکرێت، بۆ نموونە من دەتوانم رەحلە و دەفتەر و پەرتووك بۆ پەروەردە ڕابگرم؟ نەخێر ناتوانم .

دەتوانم داودەرمان رابگرم؟ نەخێر ناکرێت، جاری وا هەیە داودەرمان نییە دەبێ لەسێ چوار لاوە پارە پەیدا بکەم تاوەکو داودەرمانەکە بکڕین و بێنین،ئەم کارانە زۆرماندوو و سەخڵەتم دەکات، کاروپرۆژە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و تەندروستی و کارەبا و ئاو پەروەردە.. تاد، ئەوانەمان نەڕاگرتووە و نەڕاشی دەگرین، بەڵام وەکو باسمکرد و ئیمکانیاتەکە دیاریکراو سنووردارە .

## هەموو ساڵێک هەقی خۆمانە بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە لە بەغدا وەربگرین و سەرفی بکەین، بەڵام ئەمە ناکەن و بودجەکەمان نادەنێ

**گوڵان:** پێوەندیتان لەگەڵ بەغدا لە چ ئاستێکدایە، ئایا نوێنەرانی کورد لە بەغدا لە مەسەلەی دارایی ئاگاداری شەفافیەت و بودجە و داهاتی پیترۆلین؟

**بایز تاڵەبانی:** دەبوایە هەیئەتێك هەبووایە کە هەیئەتی سەرچاوەکانی داراییە و کوردیش ئەندامی تێدا هەبووایە بۆ چاودێری هەیئەتەکە و سەرچاوەکانی داهات و دارایی، گەرچی تا ئێستا ئەم هەیئەتە دروست نەبووە بۆ ئەوەی بزانین لە خواروو و ناوەڕاست و لە کوردستانیش چی دەکرێت و تا ئێستاکە بۆدانانی میزانیە

نەبانگیان کردوین و نە پرسیان پێکردوین و هەر خۆیان میزانیەکەیان داناوە لە پاشان وتوویانە ئەوە ژمارەی میزانیەکەتانە،لەلایەکی تر هەموو ساڵێك هەقی خۆمانە بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە لە بەغدا وەربگرین و سەرفبی بکەین، بەڵام نایکەن و ناماندەنێ و دەبێتە هۆی ئەوەی میزانیەکەمان تێك بچێت و هەموو ساڵێك میزانیەکەمان کە عجزی تێدەکەوێت یەکێك لە هۆکارەکانی وەزارەتی پێشمەرگەیە، هەروەها بڕیاریاندا پۆلیسی گومرگ لەسەر وەزارەتی ناوخۆبێت و مووچە و بودجەی و هەموو پێداویستییەکانیان لە بەغدا بۆ سەرف بکرێت، گەرچی نەك هاوکاری و پاڵپشتی بەڵکو یەك ژووریشان بۆ دروست نەکردون، جگە لە مووچەکە هیچیان بۆ نەکردون، بۆیە دیسان کاروپێداویستی ئەوان هەموو ئێمە بۆیان دابین دەکەین، هەروەها جنسیە و سەفەر میزانییەکیان بۆیان دانابوو تەنیا ئەمساڵ بە نیوەناچڵی بۆیان ناردون، بۆ ئەمانەش هەر ئێمە پارە و پێداویستیمان پێیان داوە، گەرچی پارەکانیش لە میزانیەکانمان دەبڕن و پێشیان نادەن بۆ ئێمەشی سەرف ناکەنەوە.

## کڕینی ئۆتۆمبێل ئازارم دەدا، چونکە بودجەی ئێمە بۆ پرۆژەیە نەک بۆ کەمالیات

**گوڵان:** ئایا داواکاری کەمالیات و کڕینی ئۆتۆمبێل و چەند شتی لابەلای دیکەی دیکۆرات گۆڕین،چەند ئازارت دەدات؟

**بایز تاڵەبانی:** ئەو داواکاری و داخوازیانە کە لە وەزارەتەکانەوە بۆم بەرز دەکرێتەوە زۆر دڵتەنگ و خەفەت بارم دەکات و لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانیش باسمکردووە، چونکە میزانیەی ئێمە بۆ ئەوەیە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و مووچەکانی پێی مسۆگەر بکەین بۆیە هەندێ شت پێویست ناکات بیکڕین بەتایبەتی کڕینی ئۆتۆمبێل پێویستە کەم بکرێتەوە و ئەنجوومەنی وەزیرانیش بڕیاری دا کڕینی ئۆتۆمبێل زۆر کەم بکرێتەوە، ئەمەش بە دەنگەوە هاتنی وەزارەتی دارایە.

## ئێمە چاوەڕوانی پەرلەمان دەکەین، یاسایەک بۆ زیندانی سیاسی دەربکات ئەوکات بەپێی ئەو یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین

**گوڵان:** کێشەیەك هەیە لە کوردستان ئەویش کێشەی زیندانیە سیاسییەکانە کە وەکو بەغدا مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت و ماددەی(٤) هەیە بۆیان جێبەجێ نەکراوە و مووچەکەش لە(٥٠٠) هەزار دینار کراوەتە(٣٩٠) هەزار دینار بۆ ئەمە چ بەرنامەتان هەیە؟

**بایز تاڵەبانی:** خۆی ئەم بابەتە لە پەرلەمانی کوردستان باس کرا و لە حکومەتیش چەندین جار دێت و دەڕوات، منیش لێرەدا باسی دەکەم لە کام شوێنی میزانیەی کوردستان هاتووە و دەست نیشانی کردبێت بلێت ئەمە بۆ زیندانییە سیاسییەکانی کوردستانە، شتی وا نییە و پارەی وا بۆمان نەهاتووە، بەڵام زیندانی سیاسی زیندانی سیاسی خۆمانن و جێگای رێز و تەقدیرن و دەبێ ئێمە خزمەتیان بکەین و ئەوەی باشە بۆیان جێبەجێ بکەین و ئەوەی لە کوردستان ئێستاکە پێیان دەدرێت زۆر زۆر کەمە، بەڵام بۆ ئەوەندەیە، چونکە ئەو کاتە شەهیدان(٤٠٠) هەزار دیناریان وەردەگرت زیندانییە سیاسییەکانمان(١٠) هەزار کەمتر دانرا بوو، هەر وەجبەیەك لە بەغدا پەسەند کرابێت ئێمە لە رۆژی ئیستیحقاقی پێمان داون و لەڕاستیدا لەلای ئێمەدا جیاوازی نییە لە نێوان شەهید و زیندانی سیاسی، چونکە ئەوانیش شەهیدی زیندوون، ئێستا کە ئێمە چاوەڕوانی پەرلەمان دەکەین کە یاسایەك بۆ زیندانی سیاسی دەربکات ئەوکات بەپێی ئەو یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین کە یاساکە دەرکرا مووچەکەیان کرا(٥٠٠) هەزار دینار،(٦٠٠) هەزار دینار، یەك ملیۆن دینار ئەوە جێبەجێی دەکەین و هەرچی بۆیان بکەین هەر کەمە، جگە لە مووچەکە پێویستە هاوکاری و خزمەتی تریشیان پێشکەش بکرێت وەکو ئەوەی لە یاساکەی بەغداوە هاتووە، ماوەی مانەوەی زیندانی سیاسیی پێویستە بە خزمەتی وەزیفی حیساب بکرێت.

## راوبۆچوونم ئەوەیە با موچە زیاد نەکەین، بەڵکو بازاڕ چاک بکەین

**گوڵان:** باسی ئەوەمان کرد سیستەمی موچە هەروەکو بەغدا بەڕێوە دەچێت ئەو نرخ و هەڵئاوسانەی لە کوردستان هەیە پێویستە چارەسەر بکرێت تاوەکو بەهای مووچە کەمەکان بەرز بکرێتەوە بۆ ئەمە چی دەتوانن بکەن؟

**بایز تاڵەبانی:** خۆی ئاراستەی ئێمە بازاڕی ئازادە و ناشمانەوێت دەست بخەینە ناو بازاڕ و ئێمە نرخ دیاری بکەین، پێویستە ململانێیەکی یان کێبڕکێیەکی باش و جوان لە بازاڕ هەبێت، بەڵام بەداخەوە زیادکردنی مووچە بۆ هەر ئاست و توێژ و چینێك بێت لەلایەکی دیکە دەموودەست بازاڕ بەرز دەبێتەوە، من شەخسی راوبۆچوونم ئەوەیە با موچە زیاد نەکەین، بەڵکو بازاڕ چاك بکەین و بازاڕیش بەوە چاك ناکرێت ئێمە بچین نرخیان بۆ دابنێین، دەبێ کێبڕکێیەکی راست و دروست بێت بۆ خزمەتی هاووڵاتیان.

## بزنسمان و سەرمایەدارانی کوردستان هەوڵدەن کاڵا و شمەکی باش و کوالێتی بەرز بێنن نەک خراپ و ئێکسپایەر

**گوڵان:** تا چەند لە کار و ئیشەکانی بزنسمانان و سەرمایەدارانی کوردستان رازیت؟

**بایز تاڵەبانی:** لە کاتێك بارودۆخی کوردستان خراپ و ناخۆش بووە هەندێ کەسان و سەرمایەدارانی خۆمان کاریان دەکرد و پارەی خۆیان خستبووە کار وەنەشیان دەزانی چارەنووسی سەرمایەکەیان چییە، بەڵام خزمەتی کوردستانیان لەلا گرنگ بوو، ئەمانە زۆر جێگای رێز و تەقدیرن و قەت ناتوانرێ لە بیر بکرێن چونکە بۆ نیشتمان و مرۆڤایەتی بۆ مێژوو کارێکی وا باشیان تۆمار کردووەو قەتاوقەت لە بیر ناکرێن، ئەمانە چەند کەسی دیار و بەرچاون گەرچی ئێستا خەڵکەکەی ئێمە لە بواری بازرگانی و کەرتی تایبەت کاردەکەن پێویستە بیر لە هاووڵاتیان بکەنەوە چۆن گوزەران و ژیانیان خۆش بکەن و هەوڵدەن کاڵا و شمەکی باش و کوالێتی بەرز بێنن نەك خراپ و ئێکسپایەر و نەچن گلۆپێك بێنن بلێن با بۆدوو کاتژمێر کار بکات من ناڵێم هەر هەمووی خراپن بەڵکو کەس و سەرمایەداریی زۆر باش و دڵسۆز هەیە حەز دەکات تەنیا خزمەت بە وڵاتەکەی بکات ئاواتە خوازم ئەوانەی باشن هەر باش و باشتربن و ئەوانەی باشیش نینە بێنە سەر رێگای راست و باشبن.

## پێموایە وەزیری دارایی و ئابووری سروشتی کارەکەی ئاوایە کەم لە ڕاگەیاندنەکان دەردەکەوێت

**گوڵان:** بۆچی بەڕێز بایز تاڵەبانی کەم لە راگەیاندن دەردەکەوێت؟

**بایز تاڵەبانی:** بەراوبۆچوونی خۆم پێموایە وەزیری دارایی و ئابووری سروشتی کارەکەی ئاوایە کە کەم لە راگەیاندن دەردەکەوێت، من(٧) ساڵ سەرۆکی چاودێری دارایی بوومە و (٨ بۆ ٩) ساڵە وەزیری دارایی و ئابووریم چ لە ئیدارەی سلێمانی چ ئێستاکە، ئەمەش بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە لە راگەیاندن بترسم، بەڵام هەندێك لە راگەیاندن و راگەیاندنکاران بەبێ بنەما و بەبێ رەحمانە قسە دەکەن من ناچمە ناو ئەو بابەتانە چۆن قسە دەکەن با بیکەن، بەڵام خۆزگە هەموو کارو شتێك راستیەکەی و هەموو لایەنەکانی باس بکرابوایە

لە کۆتاییدا من سوپاسی هاتنی ئێوە دەکەم بۆ ئەو دیمانەیە و ئومێد دەخوازم گۆڤارەکەتان هەر بەرەو پێشەوە بچێت و گۆڤارەکەم هەموو ژمارەیەکی بۆ دێت و موتابعەی زۆری دەکەم و دەیخوێنمەوە و دەیبەمەوە ماڵەوە، زیاتر شەوان دەیخوێنمەوە و دووبارە داواکارم پتر خزمەت بکەن.

بودجەمان یەکلایەنەیە، چونکە داهاتەکانمان بۆعێراقی فیدراڵ دەگەڕێتەوە، هەربۆیە کارەکانیشمان سنووردارن

مووچەی فەرمانبەران بەگشتی لە بەغدا چۆنە لەلایان خۆشمان بەهەمان شێوەیە

بۆ ئامادەکردنی جورحەی هەر وەجبەیەکی هەر نەخۆشێکی شێرپەنجە لەلایان حکومەتی کوردستانەوە بڕی (٥) هەزار دۆلارخەرج کراوە